دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە ٦٤٩، شەممە، ١ی خاکەلێوەی ١٣٩٤، ٢١ی مارسی ٢٠١٥، ٥٠٠ تمەن

www.kurdistanmedia.com

## حیزبی دێموکرات پەیامێک ئاراستەی پارتی ئازادیی کوردستانی تورکیە دەکات

هاورێیانی بەڕێز ڕێبەرایەتی پارتی ئازادیی کوردستان (PAK)

وێڕای سڵاو و ڕێز!

جێژنی نەورۆز لە ئێوە و هەموو گەلی کوردستان بە تایبەت لە بنەماڵەی بەڕێزی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان پیرۆز بێ.

پیرۆزبایی و سڵاو دەنێرین بۆ هەموو ئەو پێشمەرگە و شەڕوانانەی ئێستا لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی کوردستان بۆ پارێزگاری لە خاکی کوردستان لەگەڵ تیرۆریستانی داعش لە شەڕ و بەربەرەکانیدان.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی پێشەوا قازی محەممەد و دوکتور قاسملوو و دوکتور سادق شەرەفکەندی و هەزاران شەهیدی ڕێگای ئازادی و دێموکراسی لە خۆرهەڵاتی کوردستان نەورۆز وەك هێمای یەکگرتوویی و ئاشتی کورد چاو لێ دەکا و لەو ڕۆژەدا لەگەڵ نەتەوەی خۆی و شەهیدانی پەیمان نوێ دەکاتەوە.هیواداریین ساڵی نوێ بۆ ئێوە و هەموو گەلی کورد ساڵی سەرکەوتن و ئاشتی و خۆشی بێ و ڕێوڕەسمی نەورۆزی ئێوەش بە باشی و سەرکەوتوویی بەڕێوە بچێت.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران _ دەفتەری سیاسی

٢٨ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٩٣ی هەتاوی

١٩ی مارسی ٢٠١٥ی زایینی



پەیامی پیرۆزبایی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ... ٤



کۆماری ئیسلامی چ خەونێک بۆ عێراق دەبینێ؟ ٥



ئاوڕدانەوەیەک لە کارەساتی دڵتەزێنی کیمیابارانی هەڵەبجە ٦



لوڕ و داهاتووی خەباتی مەدەنی لە زاگرۆس ٨

# نەورۆز گڕی بەردایە باڵای داگیرکەران

هەموو خەڵکی کوردستان بیرەوەریی حیماسەتی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کوردیان لە یەك ساڵی دواییدا لە بەرەنگاربوونەوەی لەگەڵ دوژمنانی ئازادی و تیرۆریستە دواکەتووەکان بە هەڵپەڕکێ لە دەور ئاگرە هەرمانەکەی نەورۆزدا بەرز و پیرۆز ڕاگرت.

هەر لەم پێوەندییەدا، پاش نیوەڕۆی ڕۆژی هەینی ٢٩ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٩٣ی هەتاوی ڕێوڕەسمێك لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ئامادەبوونی سکرتێری گشتیی، ئەندامانی ڕێبەری، میوانەکان، کادر و پێشمەرگەکانی حیزب و بنەماڵەکانیان بەڕێوە چوو.

لەمڕێوڕەسمەدا پاش بەڕێوەچوونی ئامادەکارییە سەرەتاییەکان، مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پەیامێکی پێشکەش کرد. سکرتێری گشتیی حیزب پێش لە پێشکەشکردنی پەیامەکەی بە هێما کردن بەو جینایەتە نامرۆییەی هێزەکانی خەلافەتی ئیسلامی و سەربڕینی چەن پێشمەرگەی کوردستان لە بەرەبەری جێژنی نەورۆزدا، وێڕای مەحکووم کردنی ئەو تاوانە دژەمرۆییە، هاوسۆزی و هاوخەمیی خۆی ئاراستەی هەموو پێشمەرگەکانی کوردستان و بنەماڵە خۆشەویستەکانیان کرد.

دواتر بەڕێزیان لە قسەکانی خۆیاندا بە هێما کردن بۆ ئەوەیکە بە درێژایی مێژوو نەورۆز سەمبۆلی بەرەنگاری و خۆڕاگریی نەتەوەی کورد بووە و لە بڕگە جیاوازەکانی مێژووی نەتەوەی کوردا هۆکارێك بۆ یەکگرتوویی، حەزی ژیان و بەهێزکردنی یەکیەتیی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد بووە، ڕایگەیاند: «جێژنی نەورۆزی ساڵی ١٣٩٤ی هەتاوی لە کاتێکدایە کە ڕۆ□ڵەکانی نەتەوەکەمان لە باشوور و ڕۆژئاوا ڕووبەڕووی دڕندەترین هێزی نامرۆیی بەناو دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) هاوشێوە و هاوئامانجی کۆماری ئیسلامیی ئێران بوونەتەوە و بەرگرییەکی قارەمانانە و بێ وێنە دەکەن، لە هەمان کاتدا هاونیشتمانانمان لە باشوور ڕووبەڕووی سیاسەتی برسی کردن و خنکاندن و ئابلۆقەی ئابووریی نامرۆیی بەغدا دەبنەوە







کە ئەوەش بە پیلانی ڕاستەوخۆی هاوپەیمان و دەسەڵاتداری ڕاستەقینەی بەغدا، واتە کۆماری ئیسلامی جێبەجێ دەکرێ کە لە ڕاستیدا شتێکی لە جینۆساید و پاکتاوی ڕەگەزی کەمتر نییە.»

بەڕێزیان لە درێژەدا وێڕای ستایشی بەرگریی قارەمانانەی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان و بەرگریی نەتەوەی کورد لە نیشتمانی خۆی لە بەرامبەر هێزەکانی داعشدا هێمایان کرد: « ئێمەش وەکوو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات هەموو کاتێك ئامادەین لە هەر شوێنێك پێویست بێت و داوامان لێ بکرێت، هێز بنێرین و ئەوەمان لە سەرەتای هێرشی هێزەکانی نەزانی و تاریکیدا بۆ سەر هەرێمی کوردستانی عێراق بە کردەوە نیشان دا.»

سکرتێری گشتی لە درێژەی پەیامەکەیدا تاوتوێی بارودۆخی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی نابەدڵی زاڵ بەسەر ئێران و کوردستاندا کرد و ساڵی ١٣٩٣ی بە ساڵێك لێوانلێو لە ئازار و نەهامەتی و دژواری وەسف کرد، بەڵام هیوای ئەوەی خواست کە ڕۆژێك بگات: «پێکەوە و لە وڵاتێکی ئازاددا ئاگری پرشنگداری نەورۆز لە هەموو چیا و شار و لادێکانی کوردستان بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب هەڵبگیرسێنین و ڕۆڵەکانمان دەست لە دەستی یەکتر هەڵپەڕکێی ئازادی و سەربەستیی کوردستان ساز بکەن.»

لە بەشێکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا کە لە دەرەوەی ساڵۆنی ڕێوڕەسمەکان بەڕێوە چوو، سکرتێری گشتیی حیزب هاوڕێ لەگەڵ خاتوو پەروانە دانیشوەر، مەشخەڵی ئاگری نەورۆزیان لە دەستی لاوانی پێشمەرگەی حیزب وەرگرت و ئاگری نەورۆزی ١٣٩٤ی هەتاوی داگیرساند.

کۆتایی ئەم ڕێوڕەسمە بەشکۆیە، شادی و خۆشی و هەڵپەڕکێی ئامادەبووان و چریکەی گۆرانی و سەما بوو کە لە لایەن هونەرمەندانی کۆڕی هونەری حیزبەوە بەڕێوەچوو.

دەقی تەواوی پەیامەکەی سکرتێری گشتیی حیزب لەم ڕێوڕەسمەدا، لە لاپەڕەی ٤ی ئەم ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستاندا چاپ کراوە.

## پەیڤ

ناهید حسێنی

### نەورۆز

وا نەورۆزە و بەهاری کوردان بەڕێوەیە، شاخ و دەر و دەشت خەملیوە و سروودی سەربەستی بە گوێی ڕێبوارانی ڕێگای ئازادیدا دەچرپێنێ. مزگێنیی ژیانەوە خرۆش دەخاتە دڵی سروشت و گوڵی هیوا دەپشکوێ. کوردستان زامدار و دڵبرین باوەش بۆ نەورۆز دەکاتەوە و بە ڕۆڵە نەبەرد و قارەمانەکانی خۆی دەڵێ: لە هەرکوێ بن، لە هەر سەنگەر و مەتەرێزێکدا بن، لە پاڵ هەر کانی و ئەشکەوتێکدابن، خۆڕاگر بن پلینگە چنگ بە گڕەکانم، خۆڕاگر بن هەڵۆ تیژباڵەکانم، ورەتان بەرز بێ تەوارە بەرزەفڕەکانم ڕۆژی ڕووناکی ئێمەش هەڵدێ و دڕ بە تاریکیی شەوەزەنگی تاریکیپەرستان دێنێ. کوردستان شەڵاڵی خوێنی ڕۆڵەکانیەتی لە بەرەکانی جەنگێکی نامرۆڤانەدا و بەرامبەر بە دوژمنێکی تا سەر ئێسقان دواکەوتوو وەستاوەتەوە، کەچی لە پەیامی ئاشتی و جوانی پاشگەز نابێتەوە و بەپیریی بەهارێکەوە دەڕوات کە هیوای سەرکەوتنی پێ بەستووە. کوردستان جەرگبڕاوی کچانی بێسەروشوێنی شەنگالیەتی و شانازی بە دەست و تفەنگی کچە پێشمەرگەکانییەوە دەکات. کورەی خەبات و بەرگری لە خاکی پیرۆزی نیشتمان تاو دەدات و بلێسەی ئاگری چاوی ڕۆڵە نەبەردەکانی دەکاتە ئاگری نەورۆز و پەیامی شکست و بەچۆکداهاتن دەداتە دوژمنی خاك و سەروەرییەکەی.

وا نەورۆزە، نەو ڕۆژی ڕامالینی بیری تەسك و تاریکی دیکتاتۆرە دڵڕەشەکانی ئەم سەردەمەیە. شەمشەمەکوێرەکانی تاران بە هەڕەشە وگوڕەشە دەیانەوێ شادی و بزە لەم ڕۆژەدا یاساغ بکەن، دەیانەوێ باڵی سەرەڕۆیی و دواکەوتوویی و چەق بەستوویی بیری خۆیان بەسەر گەلی کورددا فەرز بکەن، بەڵام گەلی کورد لەمێژە شایی و شیوەنی تێکەڵ بووە. لەمێژە ئەم گەلە بەشخوراوە ڕاهاتووە شایی ئەمڕۆ و شیوەنی دوێنێی بە هەناسەیەك بەڕێ نەکات. نەورۆز جێژنی نەتەوەیی کوردانە و گەلی کورد هەموو ساڵێك بە دڵێکی پڕ لە هیواوە بەرێی کردووە. ئەمساڵیش سەرەڕای هەموو هەوڵەکانی تاریکپەرستان، گەلی کورد بە پیریی ئەم جێژنەوە دەڕوات و بە دوژمنانی شادی و تەناهیی ئاو وخاك و نیشتمانی خۆی دەڵێ: ناتوانن بەچۆکماندا بێنن و ناتوانن بیرمان برنەوە کە کێین و لەپێناوی چیدا خەبات دەکەین. گەر خاکی نیشتمانمان بە خوێنی ڕۆڵەکانمان سوور دەکەن، هەزاران هەڵاڵە لە خاکمان شین دەبێ و ئەم خاکە و ئەم نیشتمانە هەرگیز لە نەعرەتەی شێرانەی ڕۆڵە ئازا و بەجەرگەکانی بەتاڵ نابێتەوە. هەر سەرکەوتنێکمان نەورۆزێکە و هەموو نەورۆزێکیشمان هیوای سەرکەوتنی پێیە.

# ڕاگەیاندنی هاوبەشی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە بە بونەی نەورۆز و ساڵی نوێ



**خەڵکی تێکۆشەری کوردستان**

لە گەڵ نوێبوونەوەی سروشت و پشکوتنی جوانییەکان و توانەوەی سەهۆڵبەندان و هاتنە ئارای کەشێکی دڵڕەفێنی بەهاری، وەك نەریتی هەمیشەیی، کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە ئێستاوە خۆیان بۆ پێشوازی لە یەکەمین ساتەکانی بەهاری نیشتمان ئامادە دەکەن. ساتەوەختی نوێبوونەوەی ساڵ و نەورۆزی ئەمساڵ هەڵگری هەندێك جیاوازییە و لێرەدا بە پێویستی دەزانین وێڕای پیرۆزبایی گەرمی خۆمان لە سەر جەم خەڵکی تێکۆشەری کوردستان، بە تایبەتی بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانی کوردستان، زیندانیانی سیاسی و بەتایبەتی تر ئەو پێشمەرگە قارەمانانەی ئێستا کە لە بەرەکانی دژی تێرۆریستانی دەوڵەوتی ئیسلامی ناسراو بە (داعش) لە حاڵی شەڕدان، ئاماژە بە چەند خاڵ بکەین.

**خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان**

بە درێژایی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و ناوەڕۆکی کۆنەپەرەستانەی ئەم ڕێژیمە، بەردەوام دژی خۆشی و شادی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و بە تایبەتی کوردستان بووە و ئەوەی لە دەستی هاتبێت بۆ چەسپاندن و جێگیر کردنی فەرهەنگی گریان، ڕەشپۆشی، تازیەباری، مەرگدۆستی و کوشتنی دڵخۆشی شارۆمەندانی کورد ئەنجامی داوە. ئەمساڵیش وەك لە قسەو لێدوانی بەرپرسانی هێزە ئەمنییەتییەکان و پێشنوێژەکانی ڕۆژی هەینی لە تاران و شارە گەورەکان گوێبیستی دەبین، ڕێژیم بە نیازە ڕێگری لە بەڕێوە چوونی ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز بکات. لە ڕۆژانی ڕابردووشدا هێزە سەربازی و ئەمنییەتییەکانی کۆماری ئیسلامی لە سەرانسەری ئێران و بە تایبەت کوردستانی ڕۆژهەڵات، بەمیلیتاریزە کردنی شار و ناوچەکان و گرتنەبەری ڕێوشوێنی توندی ئەمنییەتی بەتەمای پێشگیری لە بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی نەتەوەیی نەورۆزن و بە پڕوپاگەندە بە دژی نەورۆز و بە دژی ئاگر کردنەوە و بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمەکانی تایبەت بە ساڵی نوێ دەیانەوێ خەڵك شایی و خۆشی نەکات و هەردەم لە خەم و ماتەمباریدا بن. لە بیرمان نەچێت ئەمە یەکەمین جارنییە کە تێکۆشەرانی ڕێگەی ڕزگاری لە پێناو ئازادیدا شەڕ دەکەن و گیانی ئازیزان بەختکردووە. بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستان لە هەموو بەشەکانی بۆ گەیشتن بە ئاواتەکانی خۆی بەردەوام لە شەڕ لە دژی داگیر کەرانی دابووە و شەهیدیشی داوە و ناخۆشی و ئەستەنگی زیاتریشی هاتۆتە ڕێگە. بە گشت ئەوانەشەوە بەردەوام سەری بەرزبووە و خەفەت و ناخۆشی و ڕەشپۆشی نەبۆتە نەریتی خەڵکی کورد و بگرە گشت سەختی ڕێگە و گیانبازی ئازیزترین ڕۆڵەکانی نیشتمان، بۆتە هۆی بە هێز بوونی وره و وەگەڕکەوتنی زیاتری وزەی خەباتکارانە بۆ درێژەدان بە شۆڕش و بەرەنگاری لە پێناو وەدیهاتنی ژیانێکی مرۆیی و ئازادی هەمیشەیی بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان.

هاونیشتمانانی خۆڕاگری کوردستان

بە لە بەر چاو گرتنی ئەو خاڵانە پێویستە بوترێ کۆماری ئیسلامی و نەیارانی شادی و دوژمنانی جەژنی نەتەوەیی کورد، لە هەوڵدان تاکوو ئەمساڵ ڕێگری لە بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز بکەن و بە بڵاوکردنەوەی دەیان پڕوپاگەندەی درۆیی بە نیازن ماتەم و ڕەشپۆشی وەك فەرهەنگی دەسەڵاتەکەیان بە سەر کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا بسەپێنن. ئێمە وێڕای ڕێزلێنان لە گیانی پاکی سەرجەم گیانبەختکردووانی کوردستان بە پێویستی دەزانین ڕای بگەیەنین وەك هەمیشە لە چالاکییە مەدەنییەکان و گردبوونەوە و داهێنانی نوێ لەچەشنی: سەردانی بنەماڵە و سەرگڵکۆی شەهیدان، ڕزگارکردنی پەلەوەر و باڵندەکان و نەمامچاندن و چالاکیی پاکوخاوێنی ژینگە و هەوڵ بۆ فەرهەنگی ژینگە پارێزی لە کوردستان و دواتریش بە بەڕێوە بردنی ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز بەردەوامبن و سەربەرزانە ڕابگەیەنن کە کۆمەڵانی خەڵك لە دڵی سەرەڕۆیی و خەفەقاندا ڕاناوەستن و بۆ بەردەوامی خەبات و تێکۆشان ڕێگە و شێوازی نوێ لە کاتی گونجاودا دەخولقێنن. نەورۆزی ئەمساڵ دەبێت هەڵگری پەیامی ڕێزگرتن بێت لە شەهیدان و لە پێشمەرگە ئازاکانی مەیدانەکانی شەڕ لە دژی کۆنەپەرەستی و بەکردنەوەی ئاگر، نەورزۆی ئەمساڵ بکەن بە کەرنەڤاڵی شادی لە دژی تاریکبینان و مەرگ دۆستانی دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامی ئێران. پێویستە ئەمساڵ زیاتر لە هەمیشە بە گەرم و گوڕییەوە ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز بەڕێوە بەرین و گڕی بەرزایی و قامەتی شاخەکانی کوردستان و هەڵپەڕکێ و کۆبونەوە و وتنی سروودی تایبەت بە نەورۆز ئاوێتەی یەك بکەین و یەکدەنگ و یەك هەڵوێست دەنگی خۆشی و شادی هەڵبڕین و بەم چەشنە «نا»یەکی گەورە بە دەسەڵاتداران و نەیارانی گەلی کورد بدەینەوە. نەورۆزی ئەمساڵ با زیاتر لە هەمیشە ئاوێتەی خەبات و تێکۆشان بێت و ببێتە وره و سەر و دڵخۆشی بۆ کۆمەڵانی خەڵك و وەڵامێکی پڕ بە پێستیش بێت بۆ داعشی کۆماری ئیسلامی.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

٢٠١٥/٠٣/١٥

# سوپاسنامەی سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە مەڕ هیرشی ئەم دواییانە بۆ سەر حیزبی دێموکرات

بە دوای ڕووداوی ڕۆژی سێشەممە ١٣٩٣/١٢/١٢ی هەتاوی بەرانبەر بە ٢٠١٥/٣/٣ی زایینی و هێرشکردنە سەر کەمپی بنەماڵەکانی حیزب لە لایەن چەند کەسێك لە پۆلیس و ئاسایشی شاری کۆیەوە و پێشێلکردنی بنەماکانی مافی مرۆڤ و بێڕێزی کردن بە کۆمەڵە کەسێك لەو کەمپەدا، زۆربەی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردی بەشە جیاجیاکان، کەسایەتییە نیشتمانپەروەرەکانی کورد، بە دەرکردنی بەیاننامەی فەرمی و پێوەندی تەلەفوونی و سەردان لە بنکەکان و نوێنەرایەتییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، نیگەرانی و پەرۆش بوونی خۆیانیان لەو کردەوەیە دەربڕیوە و ئەو هێرشەیان مەحکووم کردووە و هاودەردی خۆیانیان لە گەڵ بنەماڵەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەربڕیوە. هەر لەو پێوەندییەدا لێژنەی مافی مرۆڤی پارلمانی هەرێمی کوردستان بۆ ئاگاداربوون لە چۆنیەتی ڕووداوەکە سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزب لە کۆیە، بنەماڵە و ئەو کەسانەیان کرد کە لەو ڕووداوەدا کەوتبوونە بەر هێرش و ئیهانەکردن. بەم بۆنەوە، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانێت سوپاسی هەموو ئەو لایەن و کەسایەتییە بەڕێزانە بکات کە بە دەربڕینی هەڵوێستی مرۆڤدۆستانە و نیشتمانپەروەرانەیان لە گەڵ حیزبی دێموکرات و ئەو بنەماڵە و کەسانەی کە بە ناڕەوا کەوتوونەتە بەر هێرش و سووکایەتی پێکردن، هاوسۆزییان کردووە. جارێکی دیکە پێداگریی خۆمان بۆ لێکۆڵینەوە لەو ڕووداوە و بەسزا گەیاندنی ئەنجامدەرانی ئەو کردەوە نایاساییە لە ڕێگەی یاساییەوە دەردەبڕین و هیواداریـن ڕەوتی ئەو لێپرسینەوە بە دوور لە دەست تێوەردانی سیاسی و حیزبی بچێتە پێش و ببێتە هۆی ئەوەی کە جارێکی دیکە ڕووداوی لەم چەشنە دووپات نەکرێتەوە

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

سکرتاریا

١٨ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٩٣ی هەتاوی

٨ی مارسی ساڵی ٢٠١٥ی زایینی

# سەردانی لێژنەی مافی مرۆڤی پارلمانی کوردستان لە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات



ڕێکەوتی ١٧ی ڕەشەمەی ١٣٩٣ی هەتاوی، لیژنەی مافی مرۆڤی پارلمانی کوردستان بە سەرپەرستیی بەڕێز «سۆران عومەر» سەرۆکی لیژنەکە، سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد و لە لایەن شاندێکی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات بە سەرپەرەستیی بەڕێز «مستەفا هیجری» سکرتێری گشتیی حیزبەوە پێشوازییان لێکرا. سەرەتا «سۆران عومەر»، بە ناوی پارلمانی کوردستان و لیژنەی مافی مرۆڤی کوردستان بەداخ بوونی لە ڕووداوی چەند ڕۆژی ڕابردوو و هەڵکوتانە سەر کەمپی ئازادیی حیزبی دێموکرات و ڕەفتاری دوور لە پرەنسیپ و یاسای هێزەکانی ئاسایشی شاری کۆیە ڕاگەیاند و لە سەر ئامادەیی لیژنەی مافی مرۆڤ لە پارلمانی کوردستانی بۆ بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە جەختی کردەوە. پاشان، «مستەفا هیجری» سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سپاسی پارلمانی کوردستان و لیژنەی مافی مرۆڤی پارلمانی کرد و هەڵوێستی ئەوانی بۆ بەدواداچوون بۆ ڕووداوەکە و هەست بە بەرپرسیارەتییانی بەرز نرخاند و داوای کرد لێکۆڵینەوە بۆ ڕووداوەکە بکەن و ئەو کەسانەی کە یاسایان پێشێل کردووە، سزا بدرێن. سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لە وتەکانیدا ئاماژەی بەوەدا کە کەیسەکە، کەیسێکی سیاسی نییە، بەڵکوو لە ئەنجامی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی، هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس، پێشێلی یاسا و بارودۆخی کەمپی ئازادیی حیزبی دیموکراتیان کردووە. پاش کۆتایی دیدارەکە هەر یەك لە سۆران عومەر ئەندام پارلمانی کوردستان و فوئاد خاکیبەیگی بە نوێنەرایەتی لە لیژنەی مافی مرۆڤی پارلمانی کوردستان و حیزبی دێموکرات لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا ئەنجامی دیدارەکەیان بۆ کاناڵەکانی ڕاگەیاندن باس کرد. پیشتریش هەر لە بارەی بەدواداچوونی هەڵکوتانە سەر کەمپی ئازادی، شاندێکی هاوبەشی نوێنەرایەتیی فراکسیۆنی گۆڕان لە پارلمان و مەکۆی بزووتنەوەی گۆڕان لە کۆیە، سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کردبوو. هەر لەو پێوەندییەدا، دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان لە شاری کۆیە، سەردانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کردووە و لەو چاوپێکەوتنەدا ئەو دەستە سەربەخۆیە لە سەر ئامادەیی دەستەی مافی مرۆڤ بۆ بەدواداچوون وەرگرتنی مافی یاسایی ئەو کەسانە لە ڕێگای پارلمانی هەرێم و دام و دەزگا پێوەندیدارەکانی هەرێمی کوردستان جەختیان کردبووە.

# پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات، بە بۆنەی ٨ی مارس، ڕۆژی جیهانیی ژن



**ژنانی کورد**

**لایەنگرانی یەکسانیی مرۆڤەکان**

**ژنانی تێکۆشەری دێموکرات**

لە یادەوەریی تێکۆشانی ژنانی پێشاهەنگی خەبات لە پێناوی مافی یەکسان بۆ ژنان و پیاوان لە کۆمەڵگادا، ڕێز لە خەبات و قوربانیدان و فیداکاری و چاونەترسی و ورە بەرزیی ئەو ژنانە و هەموو ژنانی تێکۆشەری دنیا و بە تایبەت ژنانی ماف ویستی ئێران و کوردستان لە ماوەی دەیان ساڵی ڕابردوودا دەگرین. ڕێزگرتن لە چالاکی و هەوڵی ژنانێك کە زیاتر لە سەدەیەك لە هەموو قوژبنێکی ئەم دنیایەدا هەوڵیان دا تاکوو ژیانی کۆمەڵگاکان، ژیانێکی ئینسانیتر بۆ هەموان بێ، چوونکە دابینبوونی یەکسانیی مافەکان لە نێوان ژنان و پیاواندا تەنیا لە بەرژەوەندیی ژناندا نیە، بەڵکوو کۆمەڵگای مرۆیی لە ئاستێکی داکەوتوویەوە بەرەوە ئاستێکی بەرزتر و بە بایەختر پێش دەخا کە لەودا پیاوانیش لە کۆت و زنجیری کۆمەڵگایەکی ستەمکار دەربازیان دەبێ. ستەم لە سەر ژنان، پیاوانی ستەمکاریش تووشی ئەو زنجیرە نامرۆڤانەیە دەکا و یەکسانیی ژن و پیاو، کۆمەڵگایەکی بەختەوەر وەدی دێنێ کە ژیانی شیاوی مرۆڤایەتیی تێدا بەرێوە دەچێ. لەو خەباتە و لە درێژایی سەدەی ڕابردوودا و بەتایبەت لە زیاتر لە سێ دەیەی ڕابردوودا، ئەرك و تێکۆشانی ژنانی ئێران دژوارتر و ئەستەمتر بووە، چوونکە هاوکات لە گەڵ خەباتی ژنان لە گەڵ نەریتە داکەوتوانەکانی کۆمەڵگادا، لە گەڵ دەسەلاتی دژە ژنی کۆماری ئیسلامیش لە بەربەرەکانێدا بوون و ژمارەیەکی زۆر لە ژنانی ئازادیخواز لە چاڵە ڕەشەکانی کۆماری ئیسلامیدا سووکایەتییان پێ کراوە و تووشی ئەشکەنجە و دەسدرێژی و لە ئاکامیشدا ئێعدام بوون. بە تایبەتی ئەو ژنە شۆڕشگێر و ئازادیخوازانەی کە لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا لە ژێر ناوی فتوای داکەوتوانەدا، سەرەتا دەستدرێژییان کرایە سەر و دواتر ئێعدام کران.

**ژنانی تێکۆشەر و مافخوازی کورد**

ئێوە لە نێو وڵاتی ئێراندا لە گەڵ ستەمی چەند قات بەرەوڕوو بوون و ئەستەمترین بەشی خەبات لە سەر شانی ئێوە بووە، چوونکە هەم داب و نەریتە دزێوەکان بەربینگی پێ گرتبوون و ئێستاش قوربانیتان لێ دەگرێ و وەکوو ژن لە ژێر تیغی ستەمی کۆماری ئیسلامیدا بوون و لە شۆڕش و خەباتی کوردستانیشدا بەشی قورس و گرانی دایکی چاوەڕوانی پێشمەرگە و ژنی مێرد بێ سەروشوێن و خوشکی نیگرانی برا و دەسگیرانی چاو لەدرگا و لە هەمووی گرنگتر، ژنانی لە ڕیزی پێشەوەی پێشمەرگایەتیتان لە ئەستۆ بووە و نموونەی هەرەبەرزی فیداکاری و گیان لە سەردەستی بوونە و بەکردەوە یەکسانیی ژن و پیاوتان سەلماندوە. لە ڕۆژی جیهانیی ژناندا وێڕای مەحکوومکردنی داب و نەریتە کۆنەکان کە هێشتا وەکوو دێوەزمە گیانی ژنانیان کردووەتە ئامانج، پشتیوانیی چەندین بارە لە خەباتی ژنانی ئێران و کوردستان لە پێناوی گەیشتن بە مافی ئینسانی و یەکسانی دووپات دەکەینەوە. هەروەها وەبیر دێنینەوە کە هەتا ڕێژیمی دژە ژن و دژە ئینسانی کۆماری ئیسلامی لە سەر کار بێ، ئاشتی بۆ ناوچە و ئازادی بۆ گەلانی ئێران و یەکسانی بۆ ژنان وەدی نایەت. لە ٨ ی مارسدا ڕێز لە خەباتی هەموو ژنانی کورد دەگرین و یادی فیداکاریەکانیان دەکەینەوە و بە تایبەت سڵاو بۆ هەموو ژنانی پێشمەرگە و خەباتکاری دژی تیرۆریزم و کۆنەپەرستیی چ دەوڵەتی ئیسلامیی داعش و چ کۆماری ئیسلامیی ویلایەتی فەقیهی دەنێرین.

ڕۆژی جیهانیی ژن لە هەموو یەکسانیخوازان پیرۆز بێ

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

دەفتەری سیاسی

٨ی مارسی ٢٠١٥

# سوپاسنامەی بەشی ماڵیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دەرەوەی وڵات

دوابەدوای داواکاریی حیزبەکەمان لە نیشتیمانپەروەرانی کورد لە دەرەوەی وڵات سەبارەت بە پشتیوانی ماڵیی حیزبی دێمۆکرات، لە زۆربەی وڵاتانی دەرەوە لیژنەی تایبەت بۆ ئەم مەبەستە پێك هات. بە خۆشییەوە لەو کاتەوە تاکوو ئەمرۆ خەڵکانێکی زۆر لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزب و نیشتیمان پەروەرانی کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان بە پەرۆشەوە بە دەم بانگەوازی یارمەتی حیزبی دێمۆکرات هاتن. لە ڕێگەی ئەم نووسراوەیەوە زۆر پێویستە کە:

ـ سپاس و پێزانینی خۆمان پێشکەشی سەرجەم ئەم دڵسۆزانە بکەین کە چ ناویان بڵاو کراوەتەوە یان بە پێویستیان نەزانی ناویان بڵاو بێتەوە و یارمەتی ماڵییان پێشکەشی حیزب کرد. ئێمە بە چاوی ڕێزەوە دەڕوانینە یارمەتییەکەیان و هیوادارین کە لە داهاتووشدا هەروا پشتیوانی خەباتی ڕەوای حیزبی دێمۆکرات بن.

ـ سپاس و پێزانینی خۆمان پێشکەشی سەرجەم کۆمیتەکانی حیزب لە دەرەوەی وڵات دەکەین کە لەو ماوەیە زۆر چالاکانە و هەست بە بەرپرسیارەتی کردن هەموو هەوڵێکی خۆیان وەگەر خست بۆ هەماهەنگی زیاتر لە بەڕێوەچوونی هەڵمەتی کۆکردنەوەی یارمەتی‌دا.

ـ سپاس و پێزانینی خۆمان پێشکەشی سەرجەم ئەو کەسانە دەکەین کە لەو ماویە دا ئەرکی کۆکردنەوەی یارمەتیان لە سەرشان بووە و و کاتێکی زۆری خۆیان تەرخان کرد بۆ ئەم مەبەستە و جێگای ڕێزە.

یارمەتی کردن بە خەباتی ڕەوای گەلی کورد بە هەر شێوەیەك کە دەگونجێ، ئەرکێکی نەتەوەیی و لە هەمان کاتدا پرۆسەیەکی بەردەوامە. ئێمە دڵنیاین بە بوونی ئەو هەموو وزە و هێزە، حیزبی دێموکرات زیاتر هان دەدات لە بەردەوام بوون لە خەبات و هیوادارتری دەکات بە سەرکەوتن.

بەشی ماڵیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دەرەوەی وڵات

١٦ی مارسی ساڵی ٢٠١٥ی زایینی

٢٥ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٩٣ی هەتاوی

## بەشداریی شاندی حیزبی دێموکرات لە ڕێورەسمی یادکردنەوەی شەهیدانی بەرگری لە خاک و نیشتمان



ڕێکەوتی ٢٤ی ڕەشەممەی ١٣٩٣ی هەتاوی، لە سەر بانگهێشتی فەرمیی مەڵبەندی ١٤ی ڕێکخستنی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان ــ کۆیە و مەکتەبی ڕێکخراوە دێموکراتیکەکان، شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرستیی محەممەدنەزیف قادری، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب لە ڕێورەسمی یادکردنەوەی شەهیدانی بەرگری لە خاك و نیشتمان بەشداری کرد. ڕێورەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب و پاشان داگیرساندنی مۆم دەستی پێکرد. لەو ڕێوڕەسمە تایبەتەدا، چەندین پەیام و وتار لە لایەن مەلابەختیار و ڕەهبەر سەید برایم و چەند کەسێکی دیکەوە پێشکەش کران. پاشان خەڵاتی مام جەلال لە لایەن «هێرۆئیبراهیم ئەحمەد» ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانەوە پێشکەش بە بنەماڵەی شەهیدان کرا. لە درێژەی ڕێوڕەسمەکەدا، چەندین پەخشان و فیلمی دیکومینتاری پێشکەش کرا. شاندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پەیامێکی پێشکەش بە ڕێورەسمەکە کرد، کە دەقی پەیامەکەی حیزب بەم چەشنەیە:

بەڕێزان: دەستەی ئامادەکاری کۆڕی یادکردنەوەی شەهیدانی بەرگری لە نەتەوە و نیشتمان!

**بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان!**
**بەشدار بووانی هێژا!**

بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، گەرمترین سڵاوی ئەمەگناسی و پڕ لە هەستی وەفاداری پێشکەش بە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەکەین بە تایبەت ئەو شەهیدە نەمر و سەربەرزانەی کە لە شەڕی داسپێنراوی دەوڵەتی ئیسلامی تڕۆریستی (داعش) و لە داکۆکی کردن لە دەسکەوتە سیاسی و نەتەوەییەکانی کورد لە هەرێمی کوردستان و پاراستنی شۆناسی نەتەوەکەمان لە بەرەکانی شەڕدا گیانیان لە پێناوی ئامانجەکانی گەلەکەماندا بەخت کردووە. هەروەها لەم کۆڕەدا سڵاوی پڕ لە سۆزی نیشتمانپەروەری پێشکەش بە بنەماڵە سەربەرزەکانیان دەکەین کە ڕۆڵەکانیان بە بیری نیشتمانپەروەری و خەبات و بەرخۆدان پەروەردە کردووە، بێگۆمان ئەم هەستی قوربانیدانەیان لە پێناو پاراستنی نەتەوە و نیشتمانەکەیان، شانازییەکی گەورە و مێژووییە و ئەزموونی ئەم خەباتە پڕ لە سەروەرییە کە نیشتمان و گەلەکەمانی لە بەرانبەر پیلانی دوژمنان و نەیارانیدا پاراستووە. لە کۆتاییدا جارێکی دیکە سڵاوی پڕلە هەستی نیشتمانپەروەریمان دەنێرین بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان.

بەسپاسەوە
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
کۆمیسیۆنی پێوەندییەکان
٢٤ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٩٣ی هەتاوی
١٥ی مارسی ساڵی ٢٠١٥ی زایینی

## پەیامی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ بە بۆنەی ٨ی مارس، ڕۆژی جیهانیی ژن

کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ ڕۆژی ٨ی مارس کە ڕۆژی جیهانی ژنە لە هەموو ژنان، دایکان، خوشکان و کچان کە لە سیما جیاوازەکانی ژنن پیرۆزبایی دەکات. ژن و پیاو، دو باڵی مرۆڤایەتین و یەکرا و هاوشان مانا بە چەمکی مرۆڤ و مرۆڤایەتی دەبەخشن. دیاردەی شەڕ لە سەردەمی سوونەت، ژنی کێشایە ناو ماڵ و مەلا ئایینەکانیش ئەو هەڵاواردنە شاهانەیان سەلماند. هەر چەند ژنانی وەکوو: نفرتی تی و کلۆئۆپاترا لە میسر، سەمیرامیس لە ئاشوور، ناپیر ئاسۆ لە ئیلام، زبێدە خاتوون (هاوسەری هاروونە ڕەشید) و تورکان خاتوون (هاوسەری حەسەن مەلەکشا)، کاترین لە رووسیە، ئێلیزابێتی یەکەم و ڤیکتۆریا و .. لە ئینگلیس هێزیان هەبووە، بەڵام ئەو ناوازییە بە هۆی هەندێك ڕێسا بووە، ڕێسایەك كە لە سەر پیاوسالاری و باوك سالاری بووە. ئەگەر لە سەردەمی سوونەت، شەڕ، پاراستنی ئەمنییەت، نەبوونی ئیمکاناتی بەرابەر لە بەرهەمهێنان و پەروەردە، ژنی کردبووە بە ڕەگەزی دووهەم، لە سەردەمی سەنعەت، زانست، زانیاری و مافی مرۆڤ، دەبێت بە هیمەتی خودی ژن و خاتوونەکان و بە هاوکاریی پیاوانی ئازادیخواز و دژە هەڵاواردن، لە گەڵ ئەو ستەمە چەند هەزار ساڵەیە خاڵی کۆتایی دانا و ئەو ڕەشاییەی هەڵاواردنی ڕەگەزی کە لە تەنیشت هەڵاواردنی ڕەگەزی (سەبارەت بە ڕەنگی پێست یا ڕەگەزی خیاڵی هیتلێر)، هەڵاواردنی زمانی و هەڵاواردنی ئایینی و .. کە هەموو لە نیشانەکانی دڕندەیی ـ بە پێوەری مرۆیی و دێموکراسی (ئازادی و بەرابەری) ئەمرۆینە، لە ڕوخساری ئێران و مرۆڤایەتی شوشتەوە. ویلایەتی فەقیهی کۆماری ئیسلامیی ئێران (داعشی شیعە) وەکوو پێڕەوی داعش، لە فۆسیلە بەجێماوەکانی سەردەمی داعش، لە سەدەی ئێستادا ئەژمار دەکریت و هەر دووکیان لە گەڵ ڕۆحی سەدە، کە لە سەر ئازادی و بەرابەری مرۆڤایەتییە: (لابردنی هەر جۆرە هەڵاواردنێك) ناتەبایە.

کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ
٨ی مارسی ٢٠١٥

## ڕێورەسمی ٦٩هەمین ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنان بەڕێوەچوو

ڕێکەوتی ٢٤ی ڕەشەمەی ١٣٩٣ی هەتاوی، بۆ ڕێز گرتن لە ٦٩یەمین ساڵڤەگەڕی دامەزراندنی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕێوڕەسمێك لە ناوەندی ٣ی کوردستان بەڕێوەچوو. ئەم ڕێوڕەسمە بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب و ڕاگرتنی خولەکێك بێدەنگی بۆ ڕێز گرتن لە گیانی پاکی سەرجەم شەهیدانی ڕێگەی ڕزگاریی کوردستان دەستی پێکرد. پاشان، پەیامی دەستەی بەرێوەبەریی یەکیەتیی ژنان لە لایەن «زەکییە سدقی» ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەرییەوە پێشکەش کرا. کۆڕی هونەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە هاوکاری ئەندامانی یەکێتیی ژنان سروودێکی لەژێر ناوی «نابەزین» پێشکەش کرد. پەیامی ناوەندی ٣ی کوردستان لە لایەن «لوقمان شێخانی» ئەندامی و بەرپرسی تەشکیلاتی ناوەندی ٣ وە خوێندرایەوە. پارچە شێعرێك لە ژێر ناوی «بیانوو» لە لایەن «ناهید حوسێنی» ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبەوە پێشکەش کرا. لە بەشێکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا، پەیامی یەکیەتی لاوانی کۆمیتەی جێژنیکان لە لایەن «محەممەد ڕەسووڵی» خوێندرایەوە. لە درێژەی ڕێوڕەسمەکەدا، گورانییەك لەلایەن «بەیان پیری» بە هاوکاری کوڕی هونەریی حیزبی دێموکرات، پێشکەش کرا. دواتر شانۆیەك لە ژێر لە ناوی « تەڵاق» لە لایەن ئەندامانی ناوەندی ٣ی کوردستانەوە بەو بۆنەوە نمایش کرا. لە بڕگەی کۆتاییی دا بەشێك لە ژنانی ناوەندی ٣، کە پێشتر لە کێبرکێیەکی فکریدا سەرکەوتنیان بەدەست هێنابوو، بە پیدانی خەڵات ڕێزیان لێگیرا.

## تەقینەوەی مین گیانی چەند کەسی کوردی ستاند

وەرزێڕێکی خەڵکی شاری سەردەشت بە ناوی «ڕەحیم سۆفی زادە» تەمەن ٢٨ ساڵ، کە لە مەزراکەی خۆیدا سەرقاڵی کارکردن بووە، بە هۆی ڕووداوی تەقینەوەی مین، دەست و لاقێکی بە توندی بریندار بووە. ئەم وەرزێڕە کوردە بە هۆی قووڵی برینەکەی، پاش چەند کاتژمێر لە ڕووداوەکە، گیان لە دەست دەدا. هەر لەم پێوەندییەدا، بە هۆی تەقینەوەی مینی چێندراوی سەردەمی شەڕی ئێران و عێراق، لە ناوچەی «تەنگەحەمام» لە ئاوایی «دارخور»ی سەر بە بەخشی ناوەندیی قەسری شیرین، کەسێکی دیکە بە ناوی «جەلال بەهرام زادە» ٢٤ ساڵە، لە پارێزگای کرماشان تووشی ڕووداوی تەقینەوەی مین بووە و گیانی لە دەست داوە.

## دەستبەسەر کردنی کەسایەتییەک لە لایەن ڕێژیمی ئێرانەوە

ڕێکەوتی ٢٥ی ڕەشەمەی ١٣٩٣ی هەتاوی، عومەر قازی یەکێك لە کەسایەتییە سیاسییە ناسراوەکانی شاری مەهاباد، لە لایەن هێزەکانی ڕێژیمی ئێرانەوە دەستبەسەر کرا. هۆکاری دەستبەسەر کردنی ئەم کەسایەتییە «هاوکاری نەکردنی لە گەڵ ناوەندە ئەمنییەکانی ئێران» بوو. چونکە لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا، «بونیادی موستەزەفان» بە بڕیاری دەزگای قەزایی مەهاباد بە عومەر قازیی ڕاگەیاندبوو، کە دەبێ خانووەکەی چۆڵ بکات و بیداتە ئەو ناوەندە.

## خوێندکارێکی کورد ڕەوانەی زیندانی مەریوان کرا

«فەرهاد شەفیعزادە» خوێندکاری کوردی زانکۆی تەورێز خوێندکاری ڕشتەی فەلسەفە، ئەندامی شۆرای ناوەندی کانوونی فەرهەنگی کۆمەڵایەتی زاگرۆس و دەستەی نووسەرانی بلاڤۆکی خوێندکاری ئاستانە و چالاکی خوێندکاریی و خەڵکی گوندی «دەل» سەر بە شارستانی سەوڵاوا، بۆ تێپەڕاندنی ماوەی یەك ساڵ زیندانی تەعزیری کە لە لایەن دادگای شۆڕشەوە سزا دەراوە، ڕەوانەی زیندانی مەریوان کرا. ئەم چالاکە خوێندکارە کوردە، خەرمانانی ئەمساڵ لە لایەن هێزە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیمی ئێرانەوە دەستبەسەر و لە لایەن دادگای شۆڕشەوە بە تۆمەتی «تێکدانی نەزم و ڕەخنە لە کەسایەتییە سیاسییەکانی وڵات» بە یەك ساڵ زیندانی تەعزیری مەحکووم و پاشانیش ئەو حوکمە لە لایەن دادگای پێداچوونەوەی پارێزگای سنەوە پشتراستکرابوو.

## کۆڵبەرێکی کورد بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی ڕێژیم کوژرا

ڕێکەوتی ٨ی ڕەشەمەی ١٣٩٣ی هەتاوی،کۆڵبەرێکی کورد خەڵکی مەریوان بە ناوی «فەرەیدوون نەسروڵڵاهی» خەڵکی گوندی «زوێران» سەر بەشاری مەریوان، لە ناوچەی سنووری «ئاسنەوا» بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی سپای پاسداران کوژرا. هەروەها هێزە نیزامییەکانی هەنگی سنووری سپای پاسداران لە ناوچەی سنووری ڕەبەت سەر بە شاری سەردەشت، کاروانی کۆڵبەرانی کوردیان داوەتە بەر تەقەی ڕاستەوخۆ کە لە ئاکامدا کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «سیروان بەرزنجی»، تەمەن ٢٥ ساڵە، کوڕی لەتیف کوژرا.

## کۆڵبەرێک بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی ڕێژیمی ئێران کوژرا

ڕێکەوتی ٢١ی ڕەشەمەی ١٣٩٣ی هەتاوی، کۆڵبەرێکی خەڵکی سەردەشت بەناوی «ڕەحمان ئیبراهیم زادە» تەمەن ٣٠ ساڵ و خەڵکی گوندی «بنو خەلف» لە ناوچەی سنووریی «قاسمە ڕەش» بە تەقەی ڕاستە و خۆی هێزەکانی ڕێژیم کوژرا.

## کۆڵبەرێکی کورد بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی ڕێژیم کوژرا

ڕێکەوتی ٢٤ی ڕەشەمەی ١٣٩٣ی هەتاوی،. کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «سۆران خوسرەوی»، تەمەن ٢٤ ساڵە، کوڕی «ڕەئووف»خەڵکی گوندی «کانی سپیلکە»ی سەر بە شاری مەریوان بە هۆی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی هەنگی سنووریی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە ناوچە سنوورییەکانی شاری مەریوان، کوژرا.

## جێژنی نەتەوەیی نەورۆز لە شار و گوندەکانی خورهەڵاتی کوردستان بە شێوەیەکی بەرین بەڕێوە چوو

سەرەڕای هەڕەشەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە خەڵکی کوردستان سەبارەت بە بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمەکانی سەری ساڵی ١٣٩٤ی هەتاوی، خەڵکی کوردستان بە بەشکۆتر لە ساڵان بەرە و پیری جێژنی نەتەوەیی نەورۆز چوون و ئاگری چوارشەممەسووری و نەورۆزیان کردەوە. هەروەها سەرە ڕای زاڵبوونی فەزای ئەمنییەتی بە سەرخورهەڵاتی کوردستاندا، خەڵك لە پارێزگاکانی ئیلام، کرماشان، سنە و ورمێ بە شێوەیەکی بەرچاو پێشوازیان لە ڕێورەسمەکانی نەورۆز کرد و بە داگرساندنی ئاگری لە شار و گوند و بەرزاییەکانی خورهەڵاتی کوردستان، پێشوازییان لە جێژنی نەتەوەیی نەورۆز و ساڵی نوێ کوردی کرد. هێزە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، لە زۆربەی شار و ناوچەکاندا بە خەڵکیان ڕاگەیاندبوو، کە خۆیان لە بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمەکانی جێژنی نەتەوەیی نەورۆز ، ببوێرن. بەڵام خەڵکی شار و گوندەکانی کوردستان سەرە ڕای میلیتاریزە بوونی کوردستان، لە شەقام و شوێنە گشتییەکانی شارەکان ڕێورەسمەکانی جێژنی نەتەوەیی نەورۆزیان بەڕێوە بردووە. هێزەکانی گاردی تایبەت و دژە شۆڕش لە شەقامەکانی شارەکان بە تایبەت لە شارەکانی سنە و مەهاباد بەر چاو بووە و لە لایەن ئەو هێزانە خەڵك دراوەتە بەر لێدان و بێ حورمەتیی پێکردن. هەروەها خەڵکی شاری مەهاباد، لە ڕێوڕەسمەکانی جێژنی نەورۆز دا دروشمی دژی ڕێژیمیان وتووەتەوە. هەر بۆیە لە ئاکامی تێکهەڵچوونی هێزەکانی ڕێژیم لە گەڵ لاوەکانی ئەو شارە، ١٥ کەسیان لە لاوەکان دەستبەسەر کردووە.

## پێشمەرگەیەکی دێرینی حیزبی دێموکرات کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ١٩ی ڕەشەمەی ١٣٩٣ی هەتاوی، جەواد حیسامی پێشمەرگەی دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ناسراو بە «شێخ جەواد حیسامی» خەڵکی «سنە»، لە تەمەنی ٨٠ ساڵیدا بە هۆی نەخۆشی لە نەخۆشخانەیەکی شاری سلێمانی، ماڵاوایی لە ژیان کرد. بنەماڵەی جەواد حیسامی بە هۆی ئەوەیکە لە بزووتنەوەیەکی کوردستاندا بەشداریان کردبوو لە شاری سنە بۆ شاری دامغان دوورخرابوونەوە و ناو براو لە ساڵی ١٣١٤ی هەتاوی لە شاری دامەغان لە دایك بووە. دوای سەرکەوتنی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران دژی ڕێژیمی پاشایەتی، جەواد حیسامی یەکێك لە دامەزرێنەرانی یەکیەتیی جووتیارانی کوردستان لە ناوچەی سەقز بوو، کاتێك ڕێژیمی ئاخوندی هێرشی کردە سەر کوردستان و بزووتنەوەی سیاسیی و نەتەوایەتی کوردستان، مام جەواد لە پێناو ڕزگاریی نەتەوەییدا ڕیزەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانی هەڵبژارد. مام جەواد بە هۆی دڵسۆزی و لێهاتوویی خۆی لە هێزی شەهید عەزیز «یووسفی»ی حیزب لە ناوچەکانی سەقز وەك فەرماندەری لك خزمەتی کردووە. جەواد حیسامی لە ساڵی ١٣٦٤ ی هەتاوی، تووشی نەخۆشی دەبێ و لە سەر ئیزنی حیزب گەڕاوەتەوە سەقز، بەڵام هەر بە گەڕانەوەکەی بۆ ماوەی پێنج مانگ زیندانی کراوە کە بە هۆی دانانی بارمتە، لە زیندان ئازاد دەبێت و لە گەڵ بنەماڵەکەی دەگەڕێتەوە شاری سلێمانی و لەوێ نیشتەجێ دەبێ و پێوەندی بە ڕیزەکانی حیزبەوە دەکاتەوە. ئەو کاتەی کە هێزەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ڕۆژانە شۆڕشگێڕانی کوردی ڕۆژهەڵاتییان لە شارەکانی باشووری کوردستان تێرۆر دەکرد، ئەویش کەوتە بەر دەستڕێژی و بریندار کرا. جەواد حیسامی پاشان لە گەڵ بنەماڵەکەی ڕووی کردە وڵاتی دانمارك و لەوێ نیشتەجێ بوو و ٢ مانگ پێش ئێستا گەڕابووەوە شاری سلێمانی و هەر لەم شارەدا کۆچی دوایی کرد. تەرمی ناوبراو لە گۆڕستانێکی خاڵی سنووریی باشماخ بە خاك بسپێردرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری کاك جەواد حیسامی دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

## ئەندامێکی حیزبی دێموکرات لە نۆروێژ کۆچی دوایی کرد

ڕێکەوتی ١٩ی ڕەشەمەی ١٣٩٣ی هەتاوی، «هەردی نادری»، ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەهۆی خوێنرێژی مێشکەوە ماڵاوایی لە ژیان کرد. هەردی نادری کوری عەزیز نادری لە ساڵی ١٣٥٢ی هەتاوی، لە گوندی «تەپەرەشی سەرقەڵا» ی سەر بە شاری «سەرپێڵی زەهاو» لە پارێزگای کرماشان لە دایك بووە. بنەماڵەی هەردی نادری بە هۆی شەڕی نێوان ڕێژیمی ئێران و عێراق ئاوارەی کوردستانی باشوور دەبن و لەوێشەوە ناچار کۆچ دەکەن و لە نۆروێژ گیرساونەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری کاك هەردی نادری دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

# پەیامی پیرۆزبایی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی نەورۆزەوە



وتوویژ: کوردستان

**هاونیشتمانانی بەڕێز و خۆشەویستم!**

بە بۆنەی نەورۆز و سەری ساڵی کوردی، جێژنی ڕزگاری و ئازادی، لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە گەرمترین سڵاو و پیرۆزبایتان پێشکەش دەکەم. ئەو جێژنەی کە هێمای خۆڕاگری و مانەوەی نەتەوەی کوردە بە درێژایی هەزاران ساڵ، بۆتە وێستگەیەکی مێژوویی کورد بۆ یەکگرتوویی، ژیاندۆستی و نوێ کردنەوەی پەیمان لە نێوان ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان.

لەو بۆنەیەدا بە گرینگی دەزانم پێش هەموو شتێک سەری ڕێز و نەوازش بۆ هەموو شەهیدانی سەربەرزی ڕێگەی ڕزگاری و ئازادی کورد و کوردستان دانەوێنم و گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی بنەماڵە ئازیزەکانیان بکەم، پێویستە پەیمانیان لەگەڵ نوێ بکەینەوە کە ڕێگایان درێژە پێ دەدەین تا ئەو ڕۆژەی کە ئاوات و ئامانجیان کە ئازادی و سەربەستیی کورد و کوردستان بوو، بێتە دی. هەروەها سڵاو و پیرۆزبایی خۆم ئاراستەی ئەو ڕۆڵە کۆڵنەدەر و خۆڕاگرانەی کورد و هەموو ئەو مرۆڤە ئازادیخوازانەی نەتەوەکانی دیکە بکەم کە لە زیندانەکانی ڕێژیمی پەت و سێدارەدا بە ورەی پۆڵایین و قارەمانانە بەرگری لە ئازادی و بیرو بڕواکانیان دەکەن، ئەوانیش دڵنیا بن ڕەنج و ئازارەکانیان بە فیرۆ ناچێت.

هەروەها لەم دەرفەتەدا سڵاو و پیرۆزبایی گەرمی خۆم پێشکەش بە هەموو کادر و پێشمەرگەکان و ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات و بنەماڵە خۆڕاگرەکانیان دەکەم و دڵنیایان دەکەمەوە لە ئەنجامی خەباتی ئێوەی خەباتگێر و هەموو ئەویندارانی ئازادیدا بەهاری ڕاستەقینەی ڕزگاری لە وڵاتەکەمان پیرۆز دەکەین.

**بەڕێزان!**

جێژنی نەورۆزی ساڵی ١٣٩٤ی هەتاوی لە کاتێکدایە کە ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان لە باشوور و ڕۆژئاوا ڕووبەڕووی دڕندەترین هێزی نامرۆیی بەناو دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) هاوشێوە و هاوئامانجی کۆماری ئیسلامیی ئێران بوونەتەوە و بەرگرییەکی قارەمانانە و بێ وێنە دەکەن، لە هەمان کاتدا هاونیشتمانانمان لە باشوور ڕووبەڕووی سیاسەتی برسی کردن و خنکاندن و ئابڵۆقەی ئابووریی نامرۆیی بەغدا دەبنەوە کە ئەوەش بە پیلانی ڕاستەوخۆی هاوپەیمان و دەسەڵاتداری ڕاستەقینەی بەغدا، واتە کۆماری ئیسلامی جێبەجێ دەکرێ کە لە ڕاستیدا شتێکی لە جینۆساید و پاکتاوی ڕەگەزی کەمتر نییە. ئەمڕو کوردستان بۆتە پێگەی ئازادیخوازان و هەموو هێزە دژە تێرۆریستییەکان لە ئاستی جیهانیدا. لە لایەکی دیکەوە، ڕووداوەکانی ئەم جەنگە نیشانی دا کە کورد دوژمنی هاوبەشی هەیە و بە بێ پاڵپشتی، هاودەنگی و یەکڕیزی ناتوانێت بەرەوڕووی دوژمنانی بێتەوە. ئەوەی کە لە شەنگاڵ، کۆبانێ، گوێر، مەخموور، سەعدیە، جەلەولا و ناوچەکانی دیکەی کوردستان ڕووی دا سەلماندی کە پێشمەرگە و شەڕڤانی کورد پێکەوە پارێزەرانی خاکی کوردستانن و ئێمەش وەکوو پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات هەموو کاتێک ئامادەین لە هەر شوێنێك پێویست بێت و داوامان لێ بکرێت، هێز بنێرین و ئەوەمان لە سەرەتای هێرشی هێزەکانی نەزانی و تاریکیدا بۆ سەر هەرێمی کوردستانی عێراق بە کردەوە نیشان دا.

**هاووڵاتیانی خۆشەویست و بەڕێز!**

ئەم ساڵەی کە کۆتایی هات، بەداخەوە ساڵێکی پڕ لە ئازارو سەختی و ناخۆشی بوو. کۆماری ئیسلامی بە پێی بەڵگەنامە و ڕاپۆرتە باوەڕپێکراوە نێونەتەوەییەکان، کارنامەیەکی ڕەشی دیکەی لە بواری ئازادی و مافەکانی مرۆڤدا لە هەمبەر هاوڵاتیانی ئێران بۆ خۆی تۆمار کرد، بە پێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی تەنانەت توندتر لە جاران ئازادیی ڕادەربڕین و ئازادیی پێکهێنانی کۆڕو کۆبوونەوەی پێشێل و زەوت کرد و دەستی دایە گرتن و ڕاوەدوونانی چالاکانی ئازادیخوازی نەتەوەکان، بەرگریکارانی مافەکانی ژنان و بە گشتی مافەکانی مرۆڤ، ڕۆژنامەنووسان، جیابیران و... لە ئێراندا. ئەوەی لە ساڵی ڕابوردوودا جێگەی هەڵوەستە کردنە، ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی نەیتوانی بە ڕواڵەتیش بێت بە پێی دروشم و بەڵێنە درۆیینەکانی حەسەن ڕووحانی لە کاتی شانۆگەریی هەڵبژاردندا هەڵسوکەوت بکات و ئەشکەنجە و لە سێدارەدانی بە بیانووی جۆراوجۆر و بێ بنەما ڕابگرێت یان لانیکەم کەمی بکاتەوە.

**خوێندکاران و قوتابییە ئازیز و ئازادیخوازەکان!**

لە ساڵی ڕابردوودا دیسانەوە تاکەکانی مافخواز و بەشەرەفی نەتەوە جیاجیاکان لە ئێران، بە تایبەتی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد و کەمینە ئایینییەکان و ژنان ڕووبەڕووی هەڵاواردن و جیاکاری بوونەوە. دیسانەوە سزا نامرۆییەکان وەکوو شەلاق لێدان و لە سێدارەدانی بەربڵاو و کوێرانە بە پاساوی نایاسایی و نائەخلاقی، توندتر و فراوانتر لە ساڵانی پێشوو بەڕێوە چوو. ئەوەش وایکرد کە شووڕای مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر دۆخی نالەبار و پڕمەترسیی مافەکانی مرۆڤ لە ئێراندا نیگەرانیی خۆی دەرببڕێت و ڕای بگەیەنێت کە بە سەدان و بگرە هەزاران بەندکراوی ڕەخنەگر، ڕۆژنامەڤان، مافناس، چالاکی خوێندکاری و کرێکاری و ...، لە گرتووخانەکانی ڕێژیمدان. هەروەها کۆماری ئیسلامی بەچاوەدێری و کۆنترۆڵکردنی فەزای مەجازی و فیلتێرینگ دەیەوێت ئەو فەزایەش نەهێڵێتەوە بۆ هەناسەدان و ئاڵوگۆڕی بیروڕای تاك و نەتەوەکان. ئەمە لەپاڵ بوون و زیادکردنی گرتووخانەی نهێنی لە لایەن ئیتلاعات و سپای پاسداران و هەروەها دادگایی کردنی نادادپەروەرانە و نایاسایی ئەندامانی نەتەوە ستەملێکراوەکان و کەمینە ئایینییەکان بە تایبەت بەهاییەکاندایە.

هەر بە پێی دەیان ڕاپۆرت و ڕاگەیەندراوی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی، بارودۆخی کوردەکان پڕ لە هەڵاواردن و جیاکاری بووە و تەنانەت کار گەیشتە سەر جیاکاری لە دابینکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکانیش، وەکوو شوێنی حەوانەوە و ئاو و تەندروستی و ئاموزش و دامەزراندن و بە فەرمی پەروەردە بە زمانی دایکیش هەر قەدەغە بووە و قەدەغەیە. ئەوەی کە لەوە زیاتریش جێگەی شەرمەزاریی ئەم ڕێژیمەیە، بێباکییەکەی لە ئاست ماف و داواکارییەکانی خەڵکە کە وای کردووە تەنانەت پرسێکی گرینگ و هەستیاری ژیانی هاوڵاتیانی هەر وڵاتێك وەکوو پیسبوونی ئاو و هەوا ببێتە پرسێکی سیاسی و بگرە ئەمنییەتی، کە بەداخەوە ٤ لە شارەکانی هەرە پیس و ئالوودە لە ڕووی ئاو و هەواوە لە ئاستی جیهانیدا لە ئێران هەڵکەوتوون، بۆ نموونە شاری ئەهواز پیسترین شار لە ئاستی جیهاندایە و شارەکانی کرماشان و سنە و یاسوج، شارەکانی دیکەی زۆر مەترسیداری ئەم ڕیزبەندییە جیهانییەن دەربارەی پیسبوونی ئاوو هەواوە.

کارنامەی ڕێژیم لە ساڵی ڕابوردوودا وەکوو بوارەکانی دیکە، لە پێوەندی لەگەڵ ژنانیشدا لەوپەڕی ڕەشی و مەترسیداریدا بوو، هەر لە دەستدرێژی بۆ حەریمی تایبەتی بگرە تا وەکوو سەهمیەبەندیی جنسیەتی بۆ خوێندن و زەوتکردنی ئازادییەکانیان، تا وەکوو نەبوونی یەکسانیی ڕەگەزی و نادادپەروەری لە ڕێژەی دامەزراندندا کە بە شێوەی بەرچاو لە ٨ ساڵی ڕابردوودا ساڵانە و بەمساڵیشەوە ١٠٠هەزار کەس دابەزیوە. ئەوەش بە ئاشکرا سروشتی دژە ژن و دژە ژیانی ئەم ڕێژیمە دەردەخات.

**هاووڵاتییە بەڕێزەکان!**

دانوستانەکانی نێوان ئێران و وڵاتانی ناسراو بە ٥+١ لە کاتێکدا بەڕێوە دەچێت کە کۆماری ئیسلامی لەوپەڕی لاوازیدایە و ناچارە ڕازی بێت بە مەرجەکانی ڕۆژئاواییەکان تا لەو دۆخە نالەبارە ئابووری و سیاسییە خۆی ڕزگار بکات و لە لێواری ڕووخان بگەڕێتەوە، بۆ ئەو مەبەستە تەنانەت ڕازی بووە لەگەڵ گەورەترین دوژمنی وەهمیی خۆی واتە ئەمریکا ماوەیەك بە نهێنی و ئێستاش بە ڕاستەوخۆ گفتوگۆ بکات

**ئێمەش وەکوو پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات هەموو کاتێک ئامادەین لە هەر شوێنێک پێویست بێت و داوامان لێ بکرێت، هێز بنێرین و ئەوەمان لە سەرەتای هێرشی هێزەکانی نەزانی و تاریکیدا بۆ سەر هەرێمی کوردستانی عێراق بە کردەوە نیشان دا**

تا ڕۆژئاوا ڕازی بێت سزا و ئابڵۆقە ئابوورییەکانی سەر ئێران لابچێت کە سەردەمانێك بە «کاغەز پارە» ناوی دەبرد و ئیدعای دەکرد کە بۆتە هۆی بەهێزی و داهێنان!!! بەڵام ئامار و ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکان دەری دەخەن کە بە هۆی سیاسەتە چەوتەکانی کۆماری ئیسلامی و هەوڵدان بۆ شکاندن و پێشێلکردنی ڕیسا و یاسا نێونەتەوەییەکانەوە، ئەو سزا نێودەوڵەتییانە بوونەتە هۆی سەدان میلیارد دۆلار زیان و داتەپینی سیستمی ئابووریی ئێران، بە شێوەیەك کە تەنانەت کۆماری ئیسلامی توانای دابینکردنی دەرمان و پێداویستییەکانی نەخۆشخانەکانی نەماوە، ڕێبەری ئەم ڕێژیمە ناوی ئەو خۆبەدەستەوەدان و شکست و سەرشۆڕییەی ناوە « نەرمشی قارەمانانە»!!!، لە کاتێکدا کە دوایین ڕاپۆرتی ڕێکخراوی جیهانی پرۆگرامی گەشەپێدانی مرۆیی نەتەوە یەکگرتووەکان، لەمساڵدا زیاتر لە ٢٥٪ی ئێرانییەکان بە «زاغەنشین» ناو دەبات و هەر بە پێی ئامارەکانی خودی ڕێژیم زیاتر لە ٤٠٪ی ئێرانییەکان لە ژێر هێڵی هەژاریدا ژیانێکی پڕ لە تەنگ و چەڵەمە تێدەپەڕێنن. ڕاپۆرتی سندووقی نێونەتەوەیی دراو، لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٥ ئاستی پێشبینیی خۆی بۆ گەشەی ئابووریی ئێرانی بۆ ساڵی داهاتوو لە ٢,٢٪ دابەزاند بۆ ٠,٦٪ و پێشبینیی بەرزبوونەوەی ڕێژەی هەڵاوسان(تورم) لە ساڵی داهاتوودا لە ئێران دەکات. هەرچەندە جێگەی ئاماژەیە لە ڕێژیمێکدا کە خاوەن سیستمێکی داخراوی سەرکوتکەری ئەمنیەتی و ئیدئۆلۆژیك و ئابوورییەکی دەوڵەتی، بە بێ بوونی لانیکەمی کێبڕکێ و سیستمی بازاری ئازادە و دەسەڵاتی دادوەریی سەربەخۆ و ڕاگەیاندنی ئازاد و چاوەدێر و ئەحزابی ئۆپۆزیسیۆنی یاسایی و ڕێگەپێدراو و ڕەخنەگر لە نێوخۆی وڵاتدا بوونیان نیە و هەروەها ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی بەهێز شکڵیان نەگرتووە، لەوە زیاتر چاوەڕوان ناکرێ. بۆیە دەبینین کە ئەم ڕێژیمە لە گەندەڵیی بەربڵاوی بەرپرسانی باڵا و لایەنگرانی تێوەگلاوە. لە ١٢٣ میلیارد تمەن ئیختلاس لە سەردەمی هاشمی ڕەفسەنجانی بۆ ٣هەزار میلیارد تمەن لە سەردەمی ئەحمەدی نژاد بەرز بووەوە و ئێستاش بە پێی زانیاری و وتەی خودی بەرپرسانی ئەم ڕێژیمە باس لە گەندەڵیی ٦٥٠هەزار میلیارد تمەنی دەکرێ!!! ئەمە بێجگە لە گەندەڵیی هەزاران میلیاردیی دام و دەزگاکانی سەر بە بەیتی ڕێبەری و سپای پاسداران و دەزگا ئەمنیەتیەکانە.

**مامۆستا بوێر و ڕۆشنبیرەکانی نەتەوەکەمان!**

ئێوە لەو ساڵەدا بە مانگرتن و دەربڕینی نارەزایەتییەکانتان بەدژی ڕێژیم، بەستەڵەك و بێدەنگیی بە زۆر داسەپاوی دەسەڵاتی نەزانیتان شکاند و سەڵماندتان کە کوردستان خاوەنی مامۆستایانی پێشڕەو و یەکگرتووە. بۆیە داهاتووی کوردستان بە ئێوەوە ڕوون و پرشنگدارە.

لەساڵی ڕابردوودا بە هۆی سیاسەتە دژەمرۆییەکانی ئەمڕێژیمەوە شاهیدی بێکاربوون و ئیخراجی کرێکارە ماندوو و بێ بەشەکان و داخستنی کارگە و کارخانەکان بووین. کرێکارەکان بەهۆی پێداگری لەسەر دابینکردنی لانیکەمی ژیان، خۆڕاگری بەرانبەر بە دواکەوتنی موچە و بەربڵاوبوونی گرێبەستی کورتماوە و هەروەها ڕووداوە دڵتەزێنەکانی کار تووشی هەڕەشە و تۆقاندن و دەستبەسەرکرانی نایاسایی بوونەوە. بەڵام کرێکارانی وشیاری وڵات سەرەڕای هەموو ئەو زەبر و زەنگ و بێدەرەتانییە، لە هەموو دەرفەتێکدا و بە هەر شێوەیەك کە بۆیان گونجابێ مافخوراویی خۆیان بە گوێی خەڵکی دنیا گەیاند.

**هاونیشتمانە ئازادیخواز و تێکۆشەرەکانم!**

لە ساڵی ڕابوردوودا دەنگی بوێر و حەقخوازی ئێوە دژ بە ڕێژیمی جەهل و نەزانی لە هەموو دنیادا دەنگی دایەوە و سەرشۆڕی و بەدناویی زیاتری بۆ ڕێژیم تۆمار کرد. لە ڕاپۆرت و ئاماری «خانووی ئازادی» بۆ ساڵی ٢٠١٥، کۆماری ئیسلامی ڕەشترین کارنامەی هەبووە و لە نێو ٧ ڕێژیمی ئازادیکوژی جیهاندا پلەی ٦ی وەرگرتووە و لە نێوان ١٩٥ دەوڵەتدا لە ڕووی ئازادییە مەدەنییەکان و مافە سیاسییەکانەوە لە ڕیزی وڵاتە هەرە نائازاد و دیکتاتۆرەکاندا پۆلین کراوە. ڕاپۆرتی ساڵانەی هاوبەشی ڕێکخراوی «شەفافیەتی نێودەوڵەتی» و گۆڤاری «فارین پالیسی» بۆ ساڵی ٢٠١٤ دەربارەی وڵاتانی شکستخواردوو، کۆماری ئیسلامیی لە نێوان ١٧٨ وڵاتدا لە ڕیزبەندی ٤٤ داناوە. لە ڕاپۆرتی ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێ سنووریشدا کۆماری ئیسلامی لە نێوان ١٨٠ وڵاتی جیهاندا ڕیزبەندی ١٧٣ی هەیە و وەکوو یەکێك لەو ٥ دەوڵەتە ناوی هاتووە کە بوونەتە زیندانی ڕۆژنامەنووسان.

لە کۆتاییدا جارێکی دیکە پیرۆزبایی نەورۆزتان لێ دەکەم و لە ساڵی نوێدا ژیانێکی پڕشکۆ و پڕ لە شانازی و ئازادی و خۆشگوزەرانیتان بۆ بە ئاوات دەخوازم. بە هیوای ئەو ڕۆژەی کە پێکەوە و لە وڵاتێکی ئازاددا ئاگری پرشنگداری نەورۆز لە هەموو چیا و شار و لادێکانی کوردستان بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب هەڵبگیرسێنین و ڕۆڵەکانمان دەست لە دەستی یەکتر هەڵپەرکێی ئازادی و سەربەستیی کوردستان ساز بکەن.

جێژنتان پیرۆز بێت و هەر بژین بە شادی

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

سکرتێری گشتی

مستەفا هیجری

نەورۆزی ٢٧١٥ی کوردی و ١٣٩٤ی هەتاوی

# کۆماری ئیسلامی چ خەونێک بۆ عێراق دەبینێ؟

**مستەفا هیجری**

بە پێی ئەو زانیارییانە کە لەبەردەستدابوون نزیك بە ساڵێك لەوە پێش ڕامانگەیاند کە خەلافەتی ئیسلامی (داعش) پەروەردەکراوی دەستی کۆماری ئیسلامیی ئێران و هاوپەیمانەکانی لە ناوچەدایە، دوای ئەو ماوەیە چۆنیەتی بەهێزبوون و پەرەگرتنی خێرای ئەو گرووپە تیرۆریستی ـ ئیدئۆلۆژیکییە لە هێندێك سەرچاوەی دیکەوە سەرهەڵدەدەن، یەك لەوان ڕۆژنامەیەکی ئینترنیتی (خەلیج ئانلاین)ـە .

چۆنیەتی پلانەکە بەم شێوەیە کە کاتێك داعش وەکوو گرووپێك لە ئەلقاعیدە جیا دەبێتەوە کۆماری ئیسلامی بە یارمەتیی حکوومەتی بەشار ئەسەد، حیزبوڵڵای لوبنان و مالکی بە خێرایی دەکەونە نفووز پێدانی دەست پەروەردەکانی خۆیان بۆ نێو ئەو گرووپە و ئازاد کردنی زیندانییەکانیان کە لە زیندانەکانی عێراقدا بوون، بۆ ئەوەی ڕەوتی هێرشەکانی داعش بەرەو ئەو شوێنانە ڕاکێشن کە خزمەت بەئامانجەکانی ئەوان بەتایبەت کۆماری ئیسلامیی ئێران بکا.

لە سووریە لەو سیاسەتەدا سەرکەوتوو بوون و بەهۆی ئەو جینایەت و کارەساتە مرۆییانەی خولقاندیان توانیان جیهان، بەتایبەت خۆرئاوا بە لاڕێدا ببەن. شێوەی کوشتارەکانی داعش و هەڵسوکەوتی ئەوەندە قیزەونانە بوون کە ڕووی جینایەتەکانی بەشار ئەسەدی سپی کردووە، بۆیە دنیا کەوتە گومانەوە کە ڕەنگە جارێ مانەوەی بەشار ئەسەد لە دەسەڵاتدا باشتر بێ لەوەی دەسەڵات بکەوێتە دەستی ئەو گرووپەوە.

بەڵام عێراق ـ کە مەبەستی ئێمە لەو وتارەدایە ـ دوای پاشەکشەی سوپای عێراق لە مووسل کە بە پێی هێندێك سەرچاوەی باوەڕپێکراو بە پێی پلانی لە پێشدا دیاریکراوی سەرۆك وەزیرانی ئەو کات ڕوویدا، داعش بوو بە خاوەنی هەموو ئەو چەك و کەرەستە و پارەیە کە لەو شارە گەورە و گرنگەدا بوو. لەو کاتەدا هەموو چاوەڕوانییەکان ئەوە بوون کە داعش مل دەنێ بەرەو بەغداو حکوومەت دەرووخێنێ، بەڵام کۆماری ئیسلامیی ئێران خەونێکی دیکەی بۆ عێراق دیبوو:

١ـ بە پێی زانیارییەکان، کۆماری ئیسلامی بە هۆی مۆرەکانی خۆی و هاوپەیمانەکانی لە نێو داعشدا، توانی هێرشی داعش لە جیاتی بەغدا بەرەو باشووری کوردستان ڕێنوێنی بکات. مەبەست لەو پلانە، داگیرکردن و وێرانکردنی کوردستان و خستە مەترسیی حکوومەتی هەرێم بوو، بۆ سزادانیان.

پێکهاتنی حکوومەتی هەرێمی باشووری کوردستان لە تەنیشت سنوورەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان کە ساڵ لەدوای ساڵ لە گەشەکردنی، ئابووری، سیاسی و ئاوەدانکردنەوەدا بوو و زیاتر لە بەغدا بە ناوەندی سیاسی و بازرگانی عێراق ئەژمار دەکرا، بەتایبەت بە دەرهێنانی نەوت لەو بەشەدا بەهۆی کۆمپانیا بەناوبانگەکانی جیهان خەریك بوو پشتیوانییەکی ئابووری بۆ ئەگەری سەربەخۆیی خۆی دەستەبەر بکا ـ دەنگی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیش ناوەناوە بەرز دەبووە ـ بۆ ئێران قەبووڵ نەدەکرا.

بۆیە، سەرەڕای گەمارۆی ئابووریی کوردستان لەلایەن بەغداوە، کوردستانیان تووشی شەڕێکی خوێناوی و پڕ تێچوو کرد کە بێجگە لە خەسار و زیانی گیانی کە تا ئێستا بە هەزاران شەهید و برینداری لێکەوتووەتەوە، بە دەیان هەزار لە خەڵکی ئەم شوێنانە ئاوارە بوون و بە سەر حکوومەتی هەرێمەوە بوون بە باری گران و شەڕیش هەروا درێژەی هەیە و کۆتاییەکەی نادیارە.

زانیارییەکان پێمان دەڵێن کە خەونەکەی کۆماری ئیسلامی بۆ باشوور بریتی بوو لە برسی و چاو لەدەستی بەغدا کردنی ئەو بەشەی کوردستان، داگیر کردنەوەی ئەو بەشە لە کوردستان کە پێشتر لەبەردەستی حکوومەتی هەرێمدا نەبوو و بە دوای هێرشی داعش و پاشەکشەی هێزەکانی بەغدا لەو شوێنانە، پێشمەرگە دەستی بەسەردا گرت، بەتایبەت ئەو شوێنانەی کە لەو ناوچانەدا نەوتیان لێ بەرهەم دێ بە کەرکووکیشەوە.

حەشدی شەعبی کە لە ڕاستیدا

> **بەم چەشنە کۆماری ئیسلامی دەیەوێ نەخشەی عێراقێک بە شێوەیەک دابڕێژێتەوە کە نە کورد و نە سوننە هێزی بەربەرەکانێیان لەگەڵ حکوومەتی شیعەی عێراق نەمێنێ**

هێزی (بەسیج)ی کۆماری ئیسلامییە لەگەڵ باقی میلیشیاکان ئەم پلانە هەنگاو بە هەنگاو دەبەنە پێشێ، ئەمە پلانێکی داڕێژراوی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە و بەستێنەکەی ماوەیەکە بە هۆی پێکهێنانی دووبەرەکی لە نێوان هێزەکانی باشووری کوردستان، درێژ بوونەوەی شەڕی داعش، و گەمارۆی ئابووری سەر هەرێم دابین کراوە و لە ئێستادا لە حاڵەتی جێبەجێ کردندایە.

٢ـ بەڵام خەونی کۆماری ئیسلامی بۆ عێراق

عەرەبی سوننە لە ئێستادا لە عێراق بە دوو هۆی گرنگ کەوتوونەتە بەر لێشاوی ڕق و تۆڵە لێکردنەوە:

ئا ـ شەڕی هەشت ساڵەی نێوان ئێران و عێراق و شکست هێنانی سوپای ئێران لەو شەڕەدا بە دەستی سوپای عێراق و ئەفسەرەکانی سوننی کە جێی متمانەی سەدام حوسێن بوون جێبەجێ کرا، بێجگە لە دەیان میلیارد دۆلار زیانی ماڵی، نێزیك یەك میلیون کەس قوربانی و بریندار کە پشکی زۆری بەر هێزەکانی ئێران کەوت و کاول بوونی دەیان شار و شارۆچکەی ئێران دەسکەوتی ئەو شەڕە بۆ ئێران بوو.

ب ـ لە سەردەمی سەرۆك وەزیریی مالکیدا سوننەکان لە زۆر شوێنی عێراق بە هۆی ناڕازی بوون لە حکوومەت دەستیان دایە ڕاپەڕین دژی دامودەزگاکانی حکوومەت و شارەکانی وەکوو ڕوومادیە، فەلووجە، تکریت و ... لە دەسەڵاتی دەوڵەتییان لەو شوێنانە پاك کردەوە و بۆ خۆیان ئیدارەی ئەو شوێنانەیان بە دەستەوە گرت و کێشە و گرفتی گەورەیان بۆ حکوومەتی بەغدا پێکهێنا.

ئێستا بە پێی پلانی کۆماری ئیسلامی و هەماهەنگیی بەغدا دەبێ سوننەی عێراق زەربەیەکی وایان لێبدرێ کە هەم تۆڵەی شەڕی ئێران و عێراقیان لێبکەنەوە و هەم جارێکی دیکە نەتوانن پشت ڕاست بکەنەوەو لە بەرامبەر بەغدادا ڕاپەڕن یا هەڵوێستێك بگرن.

بۆ ئەو مەبەستە داعش هەڵکەوتێکی ئیدەئالە، لە ماوەی یەکساڵی ڕابردوودا بە پێی ئەو پلانە داعش کە خۆی بە ئاڵاهەڵگری سوننە و بە دژی شیعە دەزانێ، تەنیا ناوچە سوننەنشینەکانی دەستبەسەردا گرتووە و بەلای ناوچە شیعەنشینەکاندا نەچووە. بە هەزاران کەس لە لاوان، سەرۆك عەشیرەتەکان و کەسایەتییە بەناوبانگ و ناسراوەکانی ئەو ناوچانەی کوشتووە، هەرچی ئاسەواری کۆنی ئەو شوێنانەیە کە نیشانەی کولتوور و بەهای مێژوویی ئەو خەڵکەیە لە ناوی بردوون و وێرانی کردوون، بە دەیان هەزار کەس کە دانیشتوانی ئەو ناوچە سوننەنشینانە لە ترسی داعش ناوچەکانی خۆیان بە جێهێشتووە و ئاوارەو دەربەدەر بوون.

ئێستاش کە ئۆپراسیونێك دەستی پێکردووە بۆ پاککردنەوەی ئەو ناوچانە لە داعش کۆماری ئیسلامی بێجگە لە دامەزراندنی زیاتر لە پێنج هەزار کەس لە هێزەکانی سپای پاسداران، هێزێکی بە ناوی حەشدی شەعبی پێکهێناوە، ڕایهێناون و چەکداری کردوون بە مەبەستی شەڕ لەگەڵ داعش، ئەو هێزە، دوای ئەوەی تەیارە بۆمبهاوێژەکانی عێراق و ئێران ئەو شارانە دژی هێزەکانی داعش بۆمباران دەکەن و دەیانکەن بە وێرانە، حەشدی شەعبی بە دوای ئەودا ئەوەی کە لەو ناوچانە دەمێنێتەوە وێران و تاڵانی دەکەن. لەو تۆڵەکردنەوەدا شارەکانی تکریت و لە دوای ئەویش مووسل کە هەردووکیان ناوەندی هەرە گرنگی سپا و ئەفسەرانی سەدام حوسێن و سەرهەڵدانی سوننەکان بوون، وێران دەکرێن.

بەم چەشنە کۆماری ئیسلامی دەیەوێ نەخشەی عێراقێك بە شێوەیەك دابڕێژێتەوە کە نە کورد و نە سوننە هێزی بەربەرەکانێیان لەگەڵ حکوومەتی شیعەی عێراق نەمێنێ و بۆ خۆی بە نوێنەرایەتی حکوومەتی بەغدا ئەو وڵاتە بەو شێوەی کە دڵخوازیەتی بەڕێوەبەرێ.

ئەم پلانە زەنگێکی مەترسییە نەك هەر بۆ عێراق، بەڵکوو بۆ خۆرهەڵاتی نێوەڕاست لە زاڵبوونی هەرچی زیاتری کۆماری ئیسلامیی ئێران و هەناردەکردنی خێراتری شۆڕشەکەی بۆ وڵاتانی ئەم ناوچەیە. ئەم پلانە لەسەر سیاسەتی ئاژاوەنانەوە، بەردەوامیی شەڕ، پەرەپێدانی برسیەتی و چاولەدەستی خۆ کردنی خەڵك، وێرانکردن، دووبەرەکی سازکردن و دوژمنایەتی پێکهێنان لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی خەڵکی ئەو ناوچە و توقاندن و تیرۆرکردن داڕێژراوە.

لێرەدا پرسیار ئەوەیە، کورد بە بوونی ئەو هەموو دژبەرایەتیی یەکتر کردن و بێ‌پلانییەی، چۆن دەتوانێ لە ژێر ئەم پلانە مەترسیدارە خۆی ڕزگار بکا، یان زیانەکانی کەمتر بکاتەوە؟




## ڕۆژەڤ

### لە فێرکردنی ئیسلامدا شوێنێک بۆ تیرۆر نیە

و: ڕەزا فەتحوڵڵانژاد

گۆڤاری «نیوزویك»ی بەریتانی وتارێکی شەوقی عەلەم، موفتی مەزنی میسری کە وەکوو شوێندانەرترین مەلای موسوڵمانی ئەو وڵاتە ناوی براوە، لەمەڕ پرسی تیرۆریزم و ئیسلام بڵاو کردووەتەوە. موفتی مەزنی میسر لە سەرەتای وتارەکەی کە لە ژێر ناوی «لە فێرکردنی ئیسلامدا شوێنێك بۆ تیرۆر نیە» بڵاوی کردووەتەوە، نووسیویەتی: «هەموو موسوڵمانان بە هۆی ئەو هێرشە گەمژانە، تۆقێنەر و تۆسنۆکانەی سەر چارلی هێبدۆ لە پاریس و ئەو توندوتیژییە گەمژانەی دیکە کە دژی بێتاوانەکان تاکوو ئێستا لە کۆپێنهاگن و لیبیادا بینیومانن، بە تەواوی شڵەژاون. با بە ڕوونی بیڵێین: ئەم کردەوە تۆقێنەرانە لادانی بەتەواوی لە یاسا و نۆمە ئیسلامییەکانە و ئەو تاونبارانە بە هیچ شێوەیەك نوێنەرایەتی خەڵکی موسوڵمان یان ئایینی ئیسلام ناکەن.»

ناوبراو بە ئاماژە بە تیرۆریستان، نووسیویەتی: «ئەوان ئیسلامیان تا ئاستی قوڕگبڕین، سووتاندنی قوتابخانەکان و سەرکوتکردنی ژنان و کوشتنی کەمینە ئایینییەکان، تۆقاندنی کۆمەڵگاکان و لەژێرپێنانی مافەکانی مرۆڤی خەڵك لە ناحەزترین شێوەی لواوی خۆیدا دابەزاندووە».

هەروەها نووسیویەتی: «با دیسان بە ئاشکرا بڵێم: ئیسلام بە تەواوی دژی توندڕەوی و تیرۆریزمە. بەڵام مەگەر لەو فاکتۆرانە بگەڕێن کە پەیوەندییەکی لۆژیکی لە نێوان ئیسلام و تیرۆریزم و توندڕەوی دەخەنەڕوو کە ئەودەم ئیدی هیچکات ناتوانین کۆتایی بەم بەڵایە بێنین. دەبێ لە پێناو ڕۆنانی داهاتوویەکی باشتر و کۆتاییهێنان بەم بارودۆخە زۆر هەستیارە کە هەڕەشە لە جیهان دەکات، لەم شتانە تێبگەین.

جێگەی داخ بوو کە وەڵام و پەرچەکردارێکی بەپەلەمان لە هەواڵەکاندا بینی کە دەستبەجێ ئایینی ئیسلامیان لەبەر ڕووداوەکانی ئەم دواییانە سەرکۆنە کرد. سەرکۆنەکردنی سەرجەم ئایینێك بۆ کردەوەکانی ئەو مرۆڤە خراپانە ئاشکرایە کە نادادپەروەرانە و بێئاکامە.»

نووسەر لە کۆتاییدا نووسیویەتی: «ئەوە بۆمان گرینگە کە لە کاتی ئەم خەم و پەژارە مەزنەدا، پێکەوە ڕاوەستین و ئەو ڕووداوە تۆقێنەرانە بە شێوەیەك سەیر بکەین کە دادپەروەرانە و لۆژیکییە. گرینگە کە لەخۆڕا ئیسلام بە تۆقێنەر نەنوێنین ـ نەك لەبەر ئەوەی بۆ موسوڵمانان وا باشە، بەڵکوو لەبەر ئەوەی توانایی داهاتوومان بۆ پێکەوەژیانی ئاشتییانە بەستراوەتەوە بەو لێڕوانینەوە.

ئەمڕۆکە پێویستییەکی زۆرمان بە ڕێبەرانێکی مەزهەبییە کە لە واقیعی جیهانی مۆدێرن بە هەموو کێشە و دژوارییەکانییەوە تێبگەن، ئەویش لە پێناو خولقاندنی ژینگەیەك بۆ پێکەوەژیانی خەڵك. ئەمە دەبێ هەوڵێکی فرەلایەنی ئەندامانی هەموو گرووپە ئایینییەکان و کولتوورەکان بێت.»

سەرچاوە:
Newsweek.com

# ئاوڕدانەوەیەک لە کارەساتی دڵتەزێنی کیمیابارانی هەڵەبجە

محەممەد نەزیف قادری

کاتێك کە هێزەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە شەڕ بەرانبەر بە هێزەکانی ئەو کاتی سپای عێراق لە بەرەکانی باشوور و ناوەڕاستدا توانای ڕووبەڕووبوونەوەیان نەما و بەزین و هاوکێشەکان بە قازانجی هێزەکانی عێراق گۆڕدرا و گوشارێکی زۆریان کەوتە سەر، ڕێژیمی ئێران لە بەر دوو هۆکاری کاریگەر، سیاسەتی پەرەپێدانی شەڕی لە باشووری کوردستان گرتە پێش:

یەکەم کەڵك وەرگرتن لە لایەنە سیاسییەکانی باشووری کوردستان کە بنکە و بارەگاکانیان لە سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو و هێزێکی شەڕکەر و چالاکیان هەبوو، دووهەم کەڵك وەرگرتن لە بارودۆخی جوغرافیایی و شاخاوی بوونی ناوچەکە کە بۆ درێژەدانی شەڕ لەگەڵ تاکتیك و سیاسەتی کۆماری ئیسلامی ئێران یەکی دەگرتەوە و شارەزایی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی باشوور فاکتەرێکی کاریگەر بۆ گەیشتنی هێزەکانی ڕێژیمی ئێران بە ئامانجە سەربازییەکانیان بوو.

بەم تێڕوانینەوە بوو کە ڕێبەران و فەرماندەرانی هێزەکانی ڕێژیم هێرشەکانیان بە ئامانجێکی دیاریکراو لە کوردستانەوە بۆ سەر هێزەکانی عێراق دەست پێکرد. بەڵام سەرەڕای ئەم هێرشانە، بە پێچەوانەی لێکدانەوەکانیان نەیانتوانی بە ئامانجەکانیان بگەن و هێزەکانیان تەفروتوونا کران. نموونەی هەرەزیندووش ئەو هێرشە بوو کە بە مەبەستی گرتنی ناوچەکانی پارێزگای سلێمانی، لە سنووری بانە بەرەو قەڵاچوالان و بەرزاییەکانی ئەزمەڕ کردیان کە هەر وەك بینیمان لە دژە هێرشی سوپای عێراقدا بۆ سەریان بە تەواوی تێك شکان و بەرەو خاکی ئێران ڕاویان نان و بە هەزاران کەسیشیان تەرمەکانیان بە جێ ما. دوای ئەم تێکشکانەیان کەوتنە بیری هێرش بۆ سەر شاری هەڵەبجە و دەڤەری شارەزوور. بۆ بەڕێوەبردنی ئەم گەڵاڵەیەش بە هاوکاریی هێزی پێشمەرگەی بەرەی کوردستانی و لە شارەکانی کرماشان، پاوە، جوانرۆ و مەریوان، لە سەرەتای ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی و کۆتایی مانگی ڕەشەمەی ئەو ساڵەدا لە کرماشان دوای گرتنی زنجیرە کۆبوونەوەیەك لە سەر هێرش بۆ هەڵەبجە ساغ بوونەوە و بڕیاری ئەو هێرشە درا. بۆ تاوتوێکردنی لایەنی کردەکیی ئەو گەڵاڵەیە، بەرەبەرە فەرماندەکانی سپای پاسداران کەوتنە جووڵە و سەردانی بنکەکانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان لە ئاواییەکانی «گریانە» و «هاوارە کۆن».

لە لایەکی دیکەوە، ئەندامان و لایەنگرانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان لە شارە سنوورییەکانی کوردستان و هەڵەبجە و دەڤەری شارەزوور ئەو نهێنییەیان درکاند و دوای پێوەندیگرتنی هاوڕێیانی کۆمیتە شارستانی هەورامان لەگەڵ بەرپرسانی یەکیەتی لەو ناوچەیە، هەواڵی ئەو هێرشەیان پشتڕاست کردەوە و بە هاوڕێیانی ئێمەیان گوتبوو ئێوە کارێك بکەن بنەماڵەکانتان لێرە دوور بخەنەوە و پێشمەرگەکانیشتان لەم شەڕە دوور ڕاگرن، هاوڕێیانی ئێمەش بە ڕاشکاوی پێیان گوتبوون هەر جووڵەیەك لەم ناوچەیە بکرێ، هێرش بۆ سەر حیزبی دێموکراتە و بەرپەرچی دەدەینەوە و هیچ شوێنێکیش نیە ئەوەندە بنەماڵەی لێ نیشتەجێ بکەین.

دوای ئەم دانیشتنە بەرپرسانی کۆمیتەی هەورامانی حیزب دەفتەری سیاسیی حیزبیان لەم گەڵاڵە عەمەلیاتییە ئاگادار کردەوە و کۆمەڵێك ڕێنوێنییان لە ڕێبەرایەتیی حیزب وەرگرت. هەر لەو ماوەیەدا ڕێژیمی ئێران لە سنووری ئاواییەکانی ناوچەی باینگان و جوانرۆ، بۆ ئەوەی کە زانیارییەکانی بە ئەرتەشی ڕێژیمی عێراق نەگاتەوە شەوانە بە نهێنی هێزی هێنابووە شوێنە مەبەستەکانی و کەرەستەی سەربازیشی بۆ ئەو عەمەلیاتە هێنابوو و داپۆشیبوو بۆ کاتی پێویست. هاوکات لەگەڵ ئامادەکارییەکانی فەرماندەرانی سپای پاسدارانی ئێران، لایەنە سیاسییەکانی باشووری کوردستانیش لەگەڵ ئەندامان و دۆستانی خۆیان و چەکدارە کوردەکان کە لەگەڵ ڕێژیمی عێراق بوون، بە نهێنی پێوەندییان گرتبوو و داوای هاوکارییان لێ کردبوون. شتێکی دیکەش کە جێی سەرنج بوو، ئەوە بوو کە چەند کەسێك لە بەرپرسانی نیزامی و ئەمنیەتیی عێراقیش لە هەڵەبجە پێوەندییان بە لایەنە ئیسلامییەکانی نەیاری ڕێژیمی عێراق و نیشتەجێ لە ئێران کە بەشدار لە گەڵاڵەی ئەو شەڕەدا بوون، بە تایبەتی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی (قەرارگای ٩ی بەدر) گرتبوو و ئەوانیش ئاگاداری ئەو هێرشە بوون و خۆیانیان لێ گێل کردبوو و ئامادەکارییان بۆ پێشگرتن بەو هێرشە نەکردبوو.

ئەوە بوو کە شەوی ٢٣-٢٤ڕەشەمەی ١٣٦٦ لەم شوێنانەوە هێرشێکی لە ناکاو و بەربڵاو کرایە سەر هەڵەبجە و دەڤەری شارەزوور و شەڕێك ڕووی دا و تاوانێك خوڵقا کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیی هەژاند و زیاتر لە ٥ هەزار کەس لە خەڵکی هەڵەبجە و شارەزووری کردە قوربانیی سیاسەتەکانی دووژمنانی کورد. لەم عەمەلیاتەدا لەم شەڕگانەوە هێرشەکانی ڕێژیمی ئێران بۆ سەر یەکەکانی ئەرتەشی عێراق دەستی پێکرد.

یەکەم: هێزەکانی ڕێژیم لە چۆمی سیروان پەڕینەوە و لە ئاواییەکانی «سازان»، «ریشاو» و «بۆیین» بەرەو بەرزاییەکانی «ملەهوملە» و «بەفری میری» و «شنروێ» سەرکەوتن.

دووهەم: لە ڕێگەی ئاوایی «دڕۆڵە»وە لە چۆمی سیروان پەڕینەوە لە ئاواییەکانی «نەیجەڵە» و «چنار» و «مۆردێن» بەرەو بەرزاییەکانی «مەگرۆ» و «باڵامبۆ» سەرکەوتن.

سێهەم: لە ئاواییەکانی ناوچەی «تاوگۆزی» و «ئیمامی» بەرەو «قەڵای شەمێران» و بەرزاییەکانی زاڵ بە سەر ناوچەی «دەربەندیخان»دا وەڕێ کەوتن.

چوارەم: لە دڕۆڵەوە، هێزێکی قەرارگای بەدر و سپای پاسداران بەرەو «ئیمامی زامن» و ئاواییەکانی ناوچەی «نەورۆڵی» وەڕێ کەوتن.

پێنجەم: لە بەرەی مەریوانیشەوە لە بەرزاییەکانی شارۆچکەی «بیارە» و «ئەحمەدئاوا» و چیای «سورێن» وەڕێ کەوتن و «پردی زەڵم» کە گەرووی ناوچەی شارەزوور بوو، گیرا.

**شەڕگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران شەڕگەی بەرگری و بەرخۆدان.**

بێجگە لەو شوێنانەی کە ئاماژەمان پێ کردن، شەڕگەی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات بوو کە لە «ئاواییەکانی شێخان» و بەرزاییەکانی «شاخی گاکوژە» و «پەروینی» دەستی پێکرد. لەم بەرەیەدا بە پێچەوانەی شەڕگەکانی دیکە، پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران زوو لە هێزەکانی دوژمن هاتنە دەست و چەند هێرشی یەك لە دوای یەکیان تێك شکاند و پاشەکشەیان پێ کرد و کەلاکی زیاتر لە چوار سەد کەس لەو هێزانە لە بەرەکانی شەڕدا کەوت و چەکوچۆڵێکی زۆریشیان لێ بە جێ ما، بەڵام لە شەڕگەکانی دیکەدا هێزەکانی ڕێژیم پێشڕەوییان کرد، بە تایبەتی دوای گیرانی پردی زەڵم و پچڕانی پێوەندیی هێزەکانی عێراق و نەگەیشتنی هێزی یارمەتیدەر، هێزەکانی عێراق بەرگرییەکی ئەوتۆیان پێ نەکرا و لەکارخستنی تۆپخانەی ئەرتەشی عێراق لە ئاوایی «دەڵەمەڕ»یش بە تەواوی ئەو بەرگرییەی لاواز کرد و ورەی یەکینە شەڕکەرەکانی عێراقی دابەزاند و ناوچەکە بە تەواوەتی کەوتە ژێر دەستی هێزەکانی بەرەی کوردستانی و سپای پاسدارانی ئێران. لەو بارودۆخەدا بوو کە ڕێژیمی عێراق لە بەرەنگاربوونەوەی هێزەکانی ئێران هیوابڕاو بوو و دەستی دایە کیمیابارانی شاری هەڵەبجە و لەو دەڤەرە ڕۆمەڵخەزایەکی پێك هێنا.

**ئەو پرسیارە ئاراستەی بڕیاردەران و بەڕێوەبەرانی ئەو شەڕە دەکرێ کە ئامانجی ئەو هێرشە و دەسکەوتەکانی جگە لە مەینەتی و ماڵوێرانی بۆ گەلی کورد چ بوو؟**

دوای ئەوەی کە هێزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش پشتی بەرەی شەڕیان لێ گیرا و ڕەوشی شەڕ لە بەرەکانی دیکە بە زەرەری هێزی پێشمەرگەی حیزب گۆڕا، بەرەو ئاوایی «سەرکەن» و بەرزاییەکانی «دەرەشێش» پاشەکشەیان کرد و سەر لە نوێ خۆیانیان بە ئامانجی دەربازبوون لەو شەڕە و بەرگریکردن لە ئەگەری هەر هێرشێکی هێزەکانی ئێراندا ڕێك خستەوە. دوای نیشتەجێبوونی هێزەکانی حیزب لەو شوێنانەی کە ئاماژەیان پێ کرا، پێوەندی لەگەڵ لایەنەکانی بەرەی کوردستانی ڕێك خرا و لەگەڵ فەرماندەیی هێزەکانی بەرەی کوردستانی لە هەڵەبجە و ناوچەی خورماڵ پێوەندییەکی خێرا لە سەر ڕەوشی بەرەکانی شەڕ و بە تایبەتی ئەو شوێنانەی کە دەرەتانی دەربازبوونی هێزەکانی لێ بوو، گیرا و زانیاری وەرگیرا و دوای تاوتوێکردنی ئەو زانیارییە، تیمێکی شارەزا بە کاروباری نیزامی و جوغرافیایی ناوچەکە بۆ هەماهەنگی لەگەڵ ئێمە دیاری کرا، بە تایبەتی هاوڕێیانی بەرپرسی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و حیزبی سۆسیالیستی کوردستان ڕۆڵێکی زۆر نەتەوەیی و نیشتمانییان گێڕا و هەماهەنگییەکی باشیان لەگەڵ کردین و چاوساغ و یارمەتیدەرێکی باشمان بوون.

دوای دەربازبوونی هێزەکانی حیزب کۆمەڵێك بنەماڵە، کادر و پێشمەرگە و کەم ئەندامەکانی حیزب لەو ناوچەیە گەڕانەوە بۆ ناوچەی هەورامان و جوانرۆ، چەند بنەماڵەیەکی ناسراویشیان کە پێوەندیی ڕێکخراوەیی و سیاسییان بە حیزبەوە هەبوو، گیران و ڕەوانەی زیندانەکانی کرماشان و ورمێ کران و کەوتنە بەر ئازار و ئەشکەنجەی پیاوکوژانی ڕێژیم. بەڵام ڕێژیم بەو ئازار و ئەشکەنجەدانەش نەیتوانی بە مەبەستەکانی بگات و کەمترین شوێندانەریی نەرێنیی لە سەر ئیرادەی سیاسی و وەفادارییان بە حیزبی دێموکرات دانەنا. بۆیە دوای ماوەیەك زیندانیکردنیان سەربەرزانە گەڕانەوە نێو بنەماڵە شۆڕشگێڕەکانیان. ئەو پۆلە پێشمەرگە کەم ئەندامەش کە خرانە بەندیخانەی کرماشان، دوای ئەشکەنجەیەکی زۆر چەند کەسیان ئیعدام کران و گیانی شیرینیان لە ڕێگەی ئامانجەکانی گەلەکەیاندا بەخت کرد. ئەوانەی دیکەش حوکمی زیندانی درێژخایەنیان بۆ بڕایەوە، جگە لەو ئازار و مەینەتە کە تووشی ئەندامان و بنەماڵەکان و کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو، لەو شەڕەدا کۆمەڵەش زۆر زیانبار بوو و زیاتر لە ٧٠ کەس لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە بە هۆی ناشارەزایی بە بارودۆخی ناوچەکە و هەڵبژاردنی ڕێگەیەکی مەترسیدار بۆ دەربازبوون لە ناوچەی «نەورۆڵی» و لای «پیرمحەممەد» کەوتنە شەڕ و بە داخەوە شەهید کران، ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە ئێمە زۆر هەوڵمان دا ئەو هێزەی ئەوانیش لەگەڵ هێزەکانی حیزبی دێموکرات بکەوێ و پێکەوە بین، بەڵام مخابن لە سەر ئەو ڕێگایە کە هەڵیانبژاردبوو، سوور بوون و لە کۆتاییدا تووشی ئەو کارەساتە دڵتەزێنە بوون. لەو شەڕە نابەرانبەرەدا کە لە شەڕگەی «نەوسوود» لە نێوان پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هێزەکانی ڕێژیم ڕووی دا، فەرماندە لکی بەوەجی هێزی شاهۆ، کاك «عێزەت ئەحمەدی» ناسراو بە عێزەتە کوێر شەهید بوو. لە کاتی دەربازبوونی هێزی پێشمەرگەش لە شارەزوور چەند پێشمەرگەیەك بریندار بوون.

دوای ئەو هەموو قوربانیدانەی دەڤەری شارەزوور و ئەو کارەساتە دڵتەزێنەی کە خەڵك و هێزی پێشمەرگە تووشی بوون، ئێستاش بۆ چاوەدێرانی سیاسی و مێژوونووسان و ڕێکخراوەکانی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ ئەو پرسیارە ئاراستەی بڕیاردەران و بەڕێوەبەرانی ئەو شەڕە دەکرێ کە ئامانجی ئەو هێرشە و دەسکەوتەکانی جگە لە مەینەتی و ماڵوێرانی بۆ گەلی کورد چ بوو؟ بێگومان ئەوانەی کە لە نزیکەوە ئێش و ئازارەکانی ئەو خەڵکەیان دیوە، وەڵامی ئەو پرسیارە ئاوا دەدەنەوە کە ئەوە خەڵکی ئەو دەڤەرە و ژن و منداڵی هەناسەساردی هەڵەبجە و شارەزوور بوون کرانە قوربانیی سیاسەتەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بەڵام بەداخەوە سیاسەتێك ئێستا لە پێوەندییەکانی نێوان لایەنەکانی هەرێمی کوردستان و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا ڕەچاو دەکرێ و بە بێ کەڵك وەرگرتن لە ئەزموونی کارەساتباری ڕابردوو بە شێوەیەکی دیکە و لە شێوازێکی دیکەدا دووپات دەبێتەوە و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی تووشی دڵەڕاوکێ بە نیسبەت داهاتووی سیاسیی خۆیان کردووە و هەنووکەش نیگەرانی ئەوەن کە سیاسەتی دەستێوەردانی کۆماری ئیسلامی لە بەرەکانی شەڕ دژی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) تووشی ڕووداوێکی ناخۆشی دیکەیان لە چەشنی شەڕی هەڵەبجە بکات.

### ئامانجەکانی شەڕی هەڵەبجە

یەکەم: ئامانجی ڕێژیم بۆ هێرشکردنە سەر ناوچەی هەڵەبجە و شارەزوور بەو لێکدانەوە هەڵەیانەی ئەوە بوو کە ناوچەیەك لە باکووری عێراق بۆ ئۆپۆزیسیۆنی ئەو کاتی عێراق لە باشووری کوردستان ڕزگار بکات و هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عێراق لە نێوخۆی



# هەوڵی ڕێژیمی ئێران بۆ پچڕاندنی ڕێگای سەرەکیی سلێمانی ـ بەغدا و پێشڕەویی هێزەکانی بۆ گرتنی شاخی قەرەداغ و گرتن و زیان پێگەیاندنی چاڵە نەوتییەکانی کەرکووک بوو

عێراقـدا چالاکییەکانیان پەرە پێ بـدەن. ئەوەش لە دانیشـتنەکانی بەرپرسـانی بەرەی کوردسـتانی و ڕێژیمی ئێران لـە کۆبوونەوەی هاوبەشیان لە کرماشان بڕیاری لە سەر درابوو.

دووهـەم: لـە بارودۆخێکدا کە هێزەکانی ڕێژیمی ئێران لە بەرەکانی شـەڕی باشـوور و نێوەڕاستدا لە بەرانبـەر هێرشـە پەیتاپەیتاکانی ئەرتەشی عێراق تووشی تێکشکان و داماوی بوون، ڕێژیم لە هەوڵی کردنەوەی بەرەیەکی دیکەی شەڕ لە ناوچە شاخاوییەکانی کوردستان بە مەبەسـتی پاشەکشەپێکردنی بەشـێك لـە هێزەکانـی عێراق و سەرقاڵکردنیان بە شەڕی کوردستان و سووککردنی ئەو گوشارە بوو کە لە بەرەکانی باشوور و ناوەڕاستدا لە سەر هێزەکانی بوو.

سـێهەم: هەوڵی ڕێژیمی ئێران بۆ پچڕاندنی ڕێگای سـەرەکیی سـلێمانی ـ بەغدا و پێشـڕەویی هێزەکانـی بـۆ گرتنی شـاخی قەرەداغ و گرتن و زیان پێگەیاندنی چاڵـە نەوتییەکانـی کەرکـووك بوو. هێرشـی هێزەکانی ڕێژیم لە شـەڕی هەڵەبجەدا بـۆ گرتنی بەنداوی دەربەندیخان و پەڕینەوەی هێزەکانیان لە چۆمی سیروان بەرەو ئاواییەکانـی «ئەحمـەد بڕنەو» و ئاواییەکانـی دیکەی ناوچەی نەوروڵـی کـە دواتر لـە لایەن هێزەکانـی عێراقـەوە تەفروتوونا کران، هەر بۆ ئەم ئامانجە بوو.

چـوارەم: خاڵێکـی گرینگ و نهێنـی و ڕانەگەیەنـدراوی گەلاڵەی هێرش بۆ سەر هەڵەبجە، پێوەندیـی بە حیزبـی دێموکراتی کوردسـتانی ئێرانـەوە هەبوو. لە سەرەتای دەستپێکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتانەوە بە دژی کۆماری ئیسـلامی تا ئەو کاتە ناوچەی هەورامـان، جوانـڕۆ، نەوسـوود و ئاواییەکانـی «دەرەتفـێ» و «هـاوار» و «هەوارەکۆن» ببوون بـە ناوچەیەکی ئـازاد و حیزبی دێموکراتی کوردسـتانی ئێران بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری ئاواییەکانی ئەو ناوچـە ئازادە سیسـتمێکی خۆبەڕێوەبەریـی پێـك هێنابوو، قوتابخانـەی بـە زمانی کوردی بـۆ قوتابییەکانی ئـەو ناوچەیە دامەزراند و پۆلێك مامۆسـتای بـۆ بەڕێوەبردنـی ئـەو ئەرکـە نەتەوەییە پەروەردە کرد، دەرمانگە و خزمەتگوزاریی لەشسـاغیی بۆ دابین کـردن و بازاڕێکی هەناردە و هـاوردەی لەگـەڵ بازاڕەکانی هەڵەبجـە و... ڕێك خسـتبوو و بەرنامەی وەرگرتنـی گومرکی دانابـوو و ئەمنیەتی ناوچەکە لە لایـەن هێزی پێشـمەرگەوە دابین کرابـوو، گرینگییەکـی زۆر بە پاراسـتنی ژینگەی ناوچەکە و شـوێنی نیشـتەجێبوونی بنکە و بارەگاکانی حیزب درابوو، سەرەڕای ئەو هەنـگاوە خزمەتگوزارییانە، ئـەو ناوچە ببوو بـە ناوەندی پێوەندیگرتنـی حیـزب لە باری ڕێکخراوەییەوە لەگەڵ شـارەکانی پارێزگاکانی، سنە، کرماشان، ئیلام و سەرتاسەری ئێران. بەگشتی ئەو ناوچەیە لەو کاتـەدا تەنیا ناوچـە لـە سەرتاسەری کوردستان بوو

کە

بە دەسـتی حیزبـی دێموکرات و هێزی پێشمەرگەوە بوو، هەر بۆیە ببوو بە جێی سـەرنجی ڕاگەیەنە گشـتییەکان و بەردەوام هەواڵنێران و ڕۆژنامەنووسـانی بیانـی و ئۆپۆزیسـیۆنی ئێرانی سەردانی ئـەو ناوچانەیان دەکرد و باسـی تایبەتمەندییـە دێموکراتیکەکانی حیزبی دێموکرات و شـێوەی ئەو بەڕێوەبەرییە پێشکەوتووەیان دەکرد. ئەم تەبلیغاتە کە لە ڕاگەیەنەکاندا بڵاو دەکرایەوە، سەرەڕای چالاکیە نیزامییەکانی هێزی پێشـمەرگە دژی هێزەکانی ڕێژیم، بە تەواوی سـەرانی ڕێژیمیـان تەنگەتـاو کردبـوو و توانیان لەم دەرفەتە کە هێزەکانی بەرەی کوردستانیشـیان لە هێرشەکەیاندا بۆ سەر هەڵەبجە لەگەڵ کەوتبوو بۆ گەیشـتن بە ئامانجەکانیـان لەو دەڤەرەدا کەڵك وەرگـرن و ئەو هێرشـە بکەن و ناوچەکە بگرن، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش بە ناچاری لەو قۆناغەدا بەرەو شـوێنەکانی دیکە بنکـە و بارەگاکانـی بگوازێتەوە و بیبێتە لایەنێکـی زەرەرمەند لەو شەڕەدا. بە گشتی ئەوانەی کە لەو چەند خاڵەدا ئاماژەمان پێ کردن، لە ئامانجە بنەڕەتییەکانی ئەو شەڕە بوون و لە ئاسـتی کوردستانیشدا ئەوە یەکەم بەرنامەی هاوبەشـی هێزە سیاسـییەکانی باشـووری کوردستان دوای پێکهاتنی بەرەی کوردستانی بوو.

شـتێك کە بە پێویستی دەزانم باسی بکەم، قسـەکانی هاشمیی ڕەفسەنجانی سـەرۆك کۆماری ئەو کاتی ئێران لە سـەر شەڕی هەڵەبجەیە. کاتێـك کە هێزەکانی ئێـران هەڵەبجەیـان گـرت، ڕەفسـەنجانی وتـی گەورەترین ناوچەی گرینگی باکووری عێراق و کوردسـتانمان گرتووە، دەشتی بە پیت و بەرەکەتی شـارەزوور و پردی ئیسـتراتژیکی «زەڵم»مان گرتووە کە لە بواری سیاسـی و نیزامـی و ئابوورییەوە گەورەترین دەسکەوتی ئەو شـەڕەیە، بێجگە لەوە کە تـەواوی هێزەکانی عێراق لەو شەڕەدا لە نێو چوون و بە دیل گیران، بەڵام دوای چەند مانگێك و پاش گیرانەوەی شاری هەڵەبجە لە لایەن هێزەکانی ئەرتەشی عێراقەوە کـە بۆ گرتنەوەی ئـەو ناوچەیە هێرشـێکی چڕوپڕیـان کردبووە سـەر هێزەکانی ئێران و هەر بەو جـۆرەی کە چەنـد مانگ پێشتر هێزەکانیان لە پەلاماری هێزەکانی پێشمەرگە و سپای پاسـداراندا تەفروتوونا کران، ئەو جـارە هێزەکانی ئێران بەو چارەنووسـە گیـرۆدە بوون و تووشـی گەورەترین تێکشکان لە ئەرتەشـی عێراق بوون و ناوچەکە بە تەواوی کەوتەوە دەستی ئەرتەشـی عێراق، لەم شـکانەیاندا هاشـمی ڕەفسـەنجانی وتـی ئەو ناوچەیـە نـە شـوێنی کشـتوکاڵ بووە و نە هیـچ

بەرهەمێکی بۆ ئێمـە هەیە و نە گرینگیـی جوغرافیایـی هەیە، لە بیستنی قسـەکانی ئەم زاتەدا مرۆڤ ئەو پەندەی وە بیر دێتەوە کە: «درۆزن کەم حافیزەیە».

سەرەڕای ئەوەی کە لە شەڕی هەڵەبجەدا خەڵك و خاکی ئەو دەڤەرە بوونە قوربانی و سووتەمەنیی ئەو شـەڕە، خاڵێکی ئەرێنی ئەوە بوو

کە دەنگـی مەزڵوومیەتی گەلی کوردی بە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی گەیاند و تاوانبارانی ئەو جینایەتە سامناکەی بە ڕای گشتی ناساند و قوربانییەکانـی هەڵەبجە بوونە شوناسـی نەتەوەیەکـی بێبەری لە مافە ڕەواکانی. ئیسـتا دوای تێپەڕینی ٢٧ سـاڵ بە سەر ئەم هێرشـە دژی ئینسـانییە و ئەم کۆمەڵکوژییـەدا دەبینیـن کـە هەڵەبجە، شـاری خوێن و خەبات دەبێتـە یەکێك لـە ٥ پارێزگای هەرێمی کوردسـتان و لە هۆڵی مۆنۆمێنتی شەهیدانی هەڵەبجەدا لـە کۆبوونەوەیەکـی فەرمیـی ئەندامانـی پارلەمانـی هەرێمی کوردستان و نوێنەرانی پارلەمانی عێراقی فیدراڵ بڕیاری بە پارێزگا بوونی ئەم شـارە و ئـەو دەڤەرە خوێناوییە ئەدرێ، جێی خۆیەتی ئەم دەسکەوتە سیاسییە لـە بنەماڵـەی شەهیدانی هەڵەبجە

و لـە خەڵکـی نیشـتمانپەروەری ئـەو دەڤـەرە پیرۆزبایـی بکەم و سـڵاویش بنێـرم بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کیمیابارانـی هەڵەبجە و هەموو ئەو ڕۆڵە ئازا و نیشتمانپەروەرانەی کە لە سەنگەری پاراستنی کورد و کوردسـتاندا گیانیان پێشکەش

بە ئامانجەکانی گەل و نیشـتمان کـردووە. هەروەها سـەری ڕێز و نەوازش بۆ هەڵـۆ بەرزەفڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردسـتانی ئێران و پێشـمەرگە قارەمانەکانی هێزی شـاهۆ دادەنەوێنـم کە بە قارەمانەتیی خۆیـان ئەو مێژووە پڕ لە سەروەرییەیان بۆ گەلەکەیان تۆمار کرد. لەم شەڕە حەماسییەدا

جگە لەو چەند پێشمەرگە قارەمانە کە شـەهید بوون، ٣ پێشمەرگەش لە هێزی شـاهۆ بێسەروشـوێن بوون کە ناوەکانیان بریتی بوون لە «میرئەحمەد ئەحمەدی» خەڵکی ئاوایی مەزیـدی و «محەممەد سەلیمی ناسراو بە حەمەی نازە» خەڵکی باینگان کە ئیسـتا هەر دوویان شەهید بوون. ئەوان کە لەو کاتەدا کەوتبوونە دەستی هێزەکانی عێراق، دوای چەند مانگ مانەوە لە زیندانەکانی عێراق ئازاد کران. پێشـمەرگەیەکی قارەمانی دیکە بـە ناوی «ئەنـوەر دەرەبەیانی» ئێستاش بی سەروشوێنە و بووە بە سەربازی ونی ئەو شەڕە.

خاڵێکـی جێـی سـەرنج لەو بارودۆخـە ئاڵۆزەدا ئـەوە بوو کە ڕێبەرانـی نەمر د. عەبدولڕەحمان قاسملوو و د. سەعید شەرەفکەندی لـە مـاوەی شـەڕەکەدا لەگەڵ فەرماندەی هێزی پێشـمەرگەی حیزب و بەرپرسانی پلەبەرزی حیـزب لەو

شەڕەدا لە پێوەندیدا بوون و زۆر بە پەرۆشی چارەنووسی ئەو هێزە بوون، هەر ئەوەش بوو کە سەرلەبەیانیی ڕۆژی ١٣٦٧/١/١ی هەتـاوی کاتێك کە هێزەکەمان لە شـەڕی هەڵەبجـە و لەو گەمارۆ نیزامییە دەرباز بـوو، ڕێبـەری مەزن د. قاسـملوو بە پیری هێزەکەوە هات و لـە کەمپی کـوردە ئاوارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە باریکە، کۆبوونەوەیەکی گەورە و مێژوویی بۆ هێزەکە گرت و پیرۆزبایی ئەو سەرکەوتنەی لە خەڵکەکە کرد کە هاوکات بوو لەگەڵ جێژنی نەورۆز و خۆشحاڵی خۆی و ڕێبەرایەتیی

حیزبـی بـۆ ئـەو سـەرکەوتنە دەربڕی. هەر لـەو کۆبوونەوەیەدا هاودەردی و بـەداخ بوونی خۆی لە کیمیابارانی هەڵەبجە و شەهید بوونی زیاتر لـە ٥٠٠٠ کەس لە ڕۆڵە نیشتمانپەروەرەکانی کورد کە بێبەزەییانە لـە لایەن دوژمنانی کوردەوە شـەهید کرابوون دەربڕی، هەر لە درێژەی قسەکانیدا ئاماژەی بە شـەهیدبوونی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە کرد کە لەو شەڕەدا کەوتنە کەمینی هێزەکانی ڕێژیمی ئێران و قەرارگای ٩ بـەدر و گیانیان بەخـت کـرد و بە بۆنـەی ئەم ڕووداوە زیانبارەشەوە سەرەخۆشی و هاودەردیی لە کۆمەڵە کرد.

هەر لەو ڕۆژەدا شـتێکی زۆر ناخۆش کە ڕووی دا، ڕاگەیاندنی بەیاننامەی جیابوونەوەی ئەو کادر و پێشمەرگانە بوو کە دژی ئاکامی کۆنگرەی هەشتەمی حیزب بوون، ئەو هاوڕێیانە بـەو کردەوەیە ئەو سـەرکەوتنە گەورەیەیـان کە لە شەڕی هەڵەبجەدا پێشمەرگەکانی حیـزب لە مێژووی پڕشـانازیی حیزبدا تۆماریان کردبوو، بە جۆرێك داپۆشی و خەڵکی کوردستان چەندە بەو سەرکەوتنە دڵخۆش بوون، هەر ئەوەندە بە جیابوونەوەش تووشـی نیگەرانـی و دڵەڕاوکـێ بوون، دوای بڵاوبوونـەوەی بەیاننامەی جیابوونەوەکەیان د. قاسملوو وتی ئەو جۆرە کارانە ناتوانێ هەنگاوی تێکۆشەرانی دێموکرات لە خەباتدا شل بکا و کادر و پێشمەرگەکانی حیزبـی دێموکـرات هـەر وەك لـە تاقیکارییەکاندا سـەربەرز و سـەرکەوتوو بوون، لەم بوارەشـدا دەیسـەلمێنن کـە ئاڵاهەڵگری ڕاستەقینەی ڕێبازی دێموکراتن.

هەروەها لە بیست و حەوتەمین سـاڵیادی کیمیابارانی هەڵەبجەدا بە ئەرکێکی سیاسـی و نەتەوەیی دەزانم سـپاس و پێزانینی خۆمان پێشکەش بە ئەم پۆلە تێکۆشەرەی گەلەکەمان بەڕێزان کاك محەممەد حاجی مەحمـوود، سـکرتێری حیزبی سۆسیالیسـتی کوردستان (حسـك)، کاك حامیـد حاجی غالـی فەرماندەی عەمەلیاتی هەڵەبجە و تێکۆشـەری دێرینی کورد، کاك مەلا فایق و عومەری برای بکەم کە تا دوایین ساتەکانی

دەربازبوونـی ئێمـە هاوکاریی حیزبی دێموکراتی کوردسـتانی ئێرانیان کرد.

هەروەها یادی شـەهیدی نەمر بەڕێز کاك شەوکەتی حاجی موشیر بەرز ڕادەگـرم کە وتە جوانەکەی هەمیشە لە گوێماندا دەزرنگێتەوە لە کۆبوونەوەیەکی هاوبەشـماندا لـە «چاوگـی باواکۆچـەك» کـە ڕووی کـردە فەرماندەکانی یەکیەتیی نیشـتمانیی کوردستان و وتی: «چیمـان پێ دەکرێ با بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بیکەین و شەرمەندەی مێژوو و حیزبـی دێموکـرات و کوردی ڕۆژهەڵات نەبین، تەنانەت ئەگەر هەڵەبجەش بە نرخی دەربازبوونی حیزبی دێموکرات لە دەست بدەین، بۆ ئێمە سەرکەوتنە».

لـە چـوار چێـوەی پلانـی دەربازبوونـی ئێمـەدا ناکرێ ئاماژە بـە ڕۆڵی کادری بەوەجی یەکیەتیـی نیشـتمانی کاك محەممەد محەممەد ئەمین ناسراو بە «حەمە سیاسـی» نەکەین کە یەکێك لەو کەسانە بوو کە تەواوی کاتی بـۆ هاوکاریی ئێمە تەرخان کرد.

قوربانیدانێکـی دیکەی حیزبی سوسیالیستی کوردستان لە کاتی بەڕێوەبردنی ئەو ئەرکە نەتەوەیی و نیشتمانییەدا ئەوە بوو کە بە هۆی پێداگریـی تێکۆشـەری دێرینی گەلەکەمـان کاك حەمەی حاجی مەحموود، لـە کاتی گەڕانەوەیان لـە بەڕێکـردن و حەوانـەوەی کادرو پێشـمەرگەکانی حیزبـی دێموکراتـدا لە داوێنـی چیای سوورێن لە دەڤەری شارەزوور، دوو پێشمەرگەی قارەمان و بە هەڵمەتی حیزبی سۆسیالیسـت بە ناوەکانی کاك حاجی عەبدوڵلا سـیامێوە، ئامـر هەرێمـی (٢١)ی حیزبی سۆسیالیسـتی کوردستان و کاك عوسـمان قاینەیجە پێشمەرگەی قارەمانـی ئـەو حیزبە شـەهید بوون کە لە ڕێـگای هاوکاری و هاوخەباتی لەگەڵ تێکۆشـەرانی حیزبی دێموکراتی کوردسـتانی ئێران و ئامانجەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا گیانی شیرینیان بەخت کرد.

خاڵێکـی دیکە کە بـۆ یەکەم جـارە ئامـاژەی پـێ دەکەین، دەستبەسەرکردنی سیاسەتمەداری گەورەی کـورد کاك د. مەحمورد عوسمان بە هۆی هاوکارییەکانی حیزبی سوسیالیست لەگەڵ ئێمە بۆ مـاوەی زیاتر لـە ٥ ڕۆژ لە لایەن دەزگای ئیتلاعاتی ئێرانەوە بوو کـە پێیان ڕاگەیاندبوو حیزبی ئێـوە لـە هەڵەبجـە یارمەتیی حیزبی دێموکراتـی داوە، ئەویش بـە هـۆی سروشـتی نەتەوەیی و نیشـتمانپەروەری و پێوەندیـی لەمێژینـەی لەگـەڵ کاك د. عەبدولڕەحمان قاسـملوو و حیزبی دێموکـرات، پێـی وتبـوون من ئاگاداری ئەو مەسـەلەیە نیم و ئەگەر شتی واش بووبێ، ئەرکێکی نەتەوەییان ئەنجـام داوە. هەر لەو پێوەندییەدا کاتێك کاك د. مەحموود چاوی بـە کاك حەمەی حاجی مەحمـوود دەکەوێ، پرسـیاری لـێ دەکا، ئەویش هەواڵەکە پشتڕاسـت دەکاتەوە و د. مەحموودیش دەستخۆشییان لێ دەکات.

پێوەندیی سیاسیی هێزەکانی بـەرەی کوردسـتانی و حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێـران، ئـەو ئەزموونە بەنرخەی لەو شـەڕەدا بە دیـاری هێنـا، بە دوژمنان و

نەیارانی بزووتنەوەی کوردی نیشـان دا کـە ئەوە هەر ئێوە نیـن دژی ئێمە یەك دەگرن، ئەگەر کوردیـش یەکگرتوو بێ، کە زەروورەتی مێژووییش ئەوەمان لـێ دەخـوازێ، دەتوانێ پیلانی نەیارانی پووچەڵ بکات و ئێرادەی نەتەوەیی خـۆی بنوێنـێ، ئەم هاوکارییە و دەیان هاوکاریی دیکە ئەم ڕاستییەی سەلماندووە.

بەڕێـز بێت یادی شـەهیدانی هەڵەبجە و یەکگرتووتر بن حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان.



# لوڕ و داهاتووی خەباتی مەدەنی لە زاگرۆس

## (بە بۆنەی تێپەڕینی ساڵێک لە ڕاپەڕینەکانی لوڕستان)

**شەهرام میرزایی**

وشە دەســـتپێکەری هەموو شتێك بوو، بەڵام بۆ لوڕ فیلمێك.

لالی، شـــاری کورد، ئەهواز، دزفوول، خورەمئـــاوا، ئیزە، مەســـجد ســـولەیمان، ئەلیگودەرز و شیراز ئەمە شارگەلێك بوون کە خەلکـــی لوڕ بە مـــاوەی چەند ڕۆژ بە هۆی خۆپیشـــاندانەوە شـــەقامەکانیان بەستبوو. خەلکی شاری دزفوول لە بەردەم فەرمانداری ئەو شارە کۆ بوونەوە و داوای لێبوردنـــی حکومەتـــی ئێرانیـــان کرد، لە شارە لوڕنشینەکانی «ئیسفەهان»، خەڵك بۆ چەندین ســـاعەت شەقامەکانی شاریان بەستبوو، لە «شاری کورد»یش هەروەها، بەڵام لە شـــاری «ئیزە» بـــە بەرچاوتر و بەرفراوانتر بوون تا ئەو ڕادەیە کە لانیکەم دە هزار پیاو و ژنی تووڕەی لوڕ داوای دەست لە کارکێشانەوەی بەرپرســـی ڕاگەیاندنی گشتی ئێرانیان کرد. ئەم خۆپیشاندانانە لە تەواوی شارەکانی لوڕستان بۆ ماوەی چەند ڕۆژ درێژەی هەبوو. لەم بارودۆخە ئاڵوزەدا «موحســـین ڕەزایی» (ســـەرۆك کۆڕی دیاریکردنـــی بەرژەوەندییەکانی ڕێژیم) ـ و عەلی شـــەمخانی ـ (سەرۆك ئەنجومەنی بـــاڵای تەناهیـــی نەتەوەیـــی ڕێژیـــم) (دوو دامەزراوەی ســـەرەکی لە سیستمی حکوومەتدا) دانیشـــتنێکی بە پەلەیان بۆ تاوتوێکردنی ئـــەم بارودۆخە ئەنجام دا. لە درێژەی ئەم قەیرانەدا چالاکانی فەرهەنگی لـــوڕ ڕایانگەیاند هەتـــا داوای لێبوردنی تەواوی دەزگای ڕاگەیاندنی گشتیی ئێران خۆپیشاندانیان بەردەوامە.

**چی ڕووی داوە؟!**

لە تەلەڤیزیۆنی ئێران زنجیرە درامایەکی مێژوویی بەناوی «ســـالهای کهن» یان «ساڵانی کۆن» بڵاو بۆوە کە دەگەڕایەوە بۆ سەردەمی مەشرووتیەت، ئەو سەردەمە کە خەڵکی ئێران بۆ پێکهێنانی حکوومەتێکی پارلەمانی ڕاپەڕین، لە نێو ئەم فیلمەدا بە خراپە باسی قەومی لوڕی کردووە و ئەوان بە خائین وەسف دەکات و بە ناوی نوکەری بریتانیا ناویان دەبات. شـــایانی باســـە ئەم چەشـــنە ســـووکایەتیکردنە لە نێو فیلم و زنجیرە دراماکانی ئێران یەکەمین جار نیە و لە مێژە درێژەی هەیە، وەکو بڵاوبوونەوەی فیلمی «سنەوبەر» و «ساڵە هەورییەکان» کە لە ساڵانی پێشوو لە تەلەڤیزیۆنی ئێران بڵاو بـــووەوە و ناوەڕۆکێکی دژ بە لوڕیان هەبوو. بەڵام هیچکام لەو فیلم یان زنجیرانە نەبوونە هۆی خۆپیشاندانی بەربڵاوی لوڕ لە باشوری ڕۆژهەڵات.

**ڕوانینێـــك بۆ ڕابردوو (شۆڕشـــەکانی لوڕ)**

مێـــژووی یەکەمین ڕاپەڕینـــی خەڵکی لوڕ دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پاشـــایەتی «نادرشای ئەفشار» کە سەرکردایەتیی ئەو ڕاپەڕینە لە ئەستۆی «عەلـــی موراد زولقی» بـــووە. «عەلی موراد زولقی» لە نێو چینەکانی خوارەوەی لوڕ سەری هەڵداوە، بەڵام توانی جەماوەری لوڕ دژ بە گوشـــاری حکومەتی ناوەندیی ئێران کۆ بکاتـــەوە و ڕایپەڕێنێ، بەڵام بە هۆی بێ ئەزموون بوونـــی ئەو جەماوەرە و بەهێز بوونی ئەرتەشـــی ئێران، سەرکوت کران. دوای ئەم تێکشـــکانە، لە سەردەمی پاشـــایەتی «فەتحعەلیشـــای قاجـــار» ئەســـەدخانی بێهداروەندیـــش ڕاپەڕینێکی ڕێك خســـت، هۆی ئەم ڕاپەڕینە فەرمانی شـــای ئێران بۆ بڕینـــی دارە بەڕووەکانی زاگرۆس بوو. ئێران دەیهەویست ئەم دارانە بۆ دابینکردنـــی بەردەخەڵوزی تۆپخانەی فەڕانســـە بەو وڵاتە بفرۆشێت. لەم نێوانەدا «ئەســـەد خانـــی بێهداروەنـــد»، گەورە کەســـایەتیی لوڕ، ئەم فەرمانە بە نارەوا و دژ بە خەڵك و سروشتی زاگرۆس ناو دەبات و ڕایگەیاند هەر دانیشـــتوویەکی زاگرۆس کە هێزی چـــەك هەڵگرتنی هەیە و چەك هەڵناگرێت، شـــەرەفی خۆی نەپاراستووە. ئەم شۆڕشـــە زۆر بەربڵاو و چڕوپڕ بووە، بەڵام بە هۆی دەستێوەردانی هێزێکی بیانی ئەم ڕاپەڕینە تێك شـــکا. شۆڕشی خەڵکی لوڕ بەم سەرکوتکردنە کوتایی پێ نەهات.

«موحەمـــەد تەقی خانی چالەنگ»، گەورەی عەشیرەی بەختیاری لە سەردەمی پاشـــایەتیی «محەممەد شـــای قاجار» ڕاپەڕینێکی دیکەی ساز دا. ئەم شۆڕشانە لە ســـەردەمی حکوومەتی قاجار درێژەی هەبوو تا هاتنە ســـەرکاری «ڕەزا شـــای پەهلەوی».

ڕەزا شای پەهلەوی بڕوای بە پێکهێنانی ئێرانێکی یەکدەســـت و یـــەك زمان و یەك نەتەوە بوو، بۆ گەیشـــتن بـــەم ئامانجەش بەکارهێنانی چەك و ســـەرکوتکردنی گەلە جیاوازەکانـــی نێو چوارچێـــوەی ئێرانی بە ڕێگا چـــارە دەبینی و لـــەو بڕوایەدا بوو تا کاتێك کە نەتـــەوە جیاوازەکانی ئێران لە بواری زمان و شێوازی جل و بەرگ وەکوو یەك نەبن، ئێرانێکی یەکدەست و یەك نەتەوە پێـــك نایەت. لەم ســـۆنگەیەوە گەورەترین کۆسپەکانی لە نێو کورد و لوڕدا دەبینی.

ڕەزاشـــا بۆ ئەوەی کە بتوانێ بیانووی باشـــی بۆ هێرشکردنە ســـەر خەڵکی لوڕ هەبێـــت، لە پیلانێکـــدا ژنـــراڵ «ئەمیر تەهماسب» وەزیری ڕێگاوبانی ئێران تیرۆر دەکات و بەرپرســـایەتیی ئەو تیرۆرە دەخاتە ســـەر لوڕەکان، ئەمە ئەبێتـــە بیانوویەکی گەورە بۆ داگیرکردنی ناوچەی لوڕستان، بە فەرمانی ڕەزاشـــا ئەرتەشـــی ئێران بە ســـەرکردایەتیی ژنراڵ «ئەمیر ئەحمەد» (ناســـراو بە قەســـاوی لوڕ) هێرش دەباتە زاگرۆس.

«ویلیام داگڵاس» دادوەری بەناوبانگی ئەمریکایی ماوەیەك دوای ژینۆســـایدی لوڕەکان ســـەردانی ئێرانی کردبوو، لە نێو بیرەوەرییەکانیدا دەنوســـێت: «ســـەربڕینی پیاوانـــی گەنجی لـــوڕ کارێـــك بوو کە ئەفســـەران و ســـەربازانی ئەرتەشی ئێران بۆ گەمە و گاڵتە دەیانکرد. لە شوێنێکی دیکەی ئەو کتێبە ئاماژە دەکا: ئەفسەرانی ئێران شێوەیەکی جیاواز و نوێیان بۆ قومار داهێنا بوو، ئەویش قومار لە سەر ژمارەی هەنگاوی لەشە بێ سەرەکان بوو. کوشتنی خەڵکی لوڕ ئەوەندە زۆر بوو کە لە پشـــکۆ (بەشێك لە ناوچەی لوڕ) تەنیا ئەو کەسانەی زیندوو ماون کە هەڵاتبوونە عێراق. (کۆنە ســـەرباز- بیرەوەرییە سیاسییەکانی ژنرالی ئەرتەش- غوڵام ڕەزا ڕەحمانی- بەرگی یەك لاپەڕەی ٦٦) بەڵام بەرخۆدانی قەومی لوڕ بەم هەموو کوشتارەشەوە هەر درێژەی بوو. بە هۆی ئەســـتەم بوونی ئەو ژێئۆگرافییە داگیرکردنی زاگرۆس کارێکی بێ ئاکام و بێهودە بوو. پاش ســـێ ساڵ شەڕی تۆپ و چەکی نوێ لەگەڵ لوڕەکان،»ڕەزا شا» فەرمانی بۆردمانکردنی نیشتمانی لوڕی دا. ئەرتەشـــی ئێران بـــە فڕوکەگەلێك کە تازە کڕیبووی دەســـتی کرد بە بوردمانی لوڕســـتان، ئەم پیلانە خەسارێکی ئێجگار گەورە بوو بۆ ســـەر بزاڤـــی لوڕ، زۆربەی لوڕەکان بۆ پاراستنی بنەماڵە و منداڵانی خۆیان کە لە گوندەکان دەژیان چەکەکانیان دانا و خۆیان بە دەستەوە دا.

ژنراڵ «ئەمیر ئەحمەدی» سەرکردەی هێزی ڕۆژئاوای ئەرتەشـــی ئێران بە بێ لەبەرچاوگرتنی گرێبەســـتی ئاشـــتی لە نێـــوان خـــۆی و هێزەکانی لـــوڕ، هەموو سەرکردەکانی ئەو شۆڕشەی لە سێدارە دا و زۆرینەی چەکدارەکانیشی تیرباران کرد. ئەم کارەساتە ـ یەکەمین دەوڵەت لە دنیا کە خەڵکی خۆی بە فڕۆکە بوردومان کردووە ـ لە مێژوودا بە ناوی ئێران تومار کراوە.

**کارەسات هێشـــتا درێژەی هەیە.** دوای ســـەرکوتکردنی ئـــەو هەموو شۆڕشـــە و بۆردمانکردنی شـــار و گوندی زاگرۆس، ئـــەم جارە نـــۆرەی تالانکردنـــی ماڵ و ناموسی لوڕ بوو. ویلیام داگڵاس دەڵێت: هۆکاری سەرەکیی هەژاری و دەسکورتیی قەومی لوڕ، دەستدرێژیی ئەرتەشی ئێران بۆ ســـەر ســـامانی ئەو وڵاتە بوو کە لە کوتاییدا بوو بە بنەمای کۆمەڵکوژیی ئەو خەڵکە.

ناوبراو لە درێژەی کتێبەکەیدا دەنوسێت: ســـەردانی گوندەکانـــم کرد، لـــوڕەکان بە هـــۆی برســـییەتی و هـــەژاری تەنانەت نەیاندەتوانی بۆ ماوەی ٥ چرکە لە ســـەر پێ ڕاوەســـتن. ئەم برســـێتی و هەژارییە ئەوەندە لەم وڵاتە بەربڵاو بوو کە فارسەکان بۆ سووکایەتیکردن بە کەسێك، دەستەواژەی «لـــوڕی پاپەتی»یان ســـاز کرد، لەگەل ئەمەشـــدا بنەمایەك بۆ سوکایەتی بە لوڕ ســـاز کرا کە لە درێژەی ئەم وتارەدا باسی دەکەین..

**کەســـایەتیی لوڕ وەکـــوو بابەتێك بۆ نوکتە:**

دوای سەرکوتکردنی شۆڕشی قەومی لـــوڕ و کۆمەڵکوژیی خەڵکـــی ناوچەکە و هەروەهـــا دورخســـتنەوەی عەشـــیرە بەناوبانگەکان لـــە ناوچەی خۆیان نۆرەی لەناوبردنی کەسایەتی و هەستی لوڕ بوون بوو بـــەڵام بەڕێوەبەرانی ئـــەم قوناغە نە چەکدارەکانی ئەرتەش بوون نە ژنراڵەکانی هێزی ئێران، بەڵکـــوو چینی خوێندەوار و ئاکادێمیـــك ئەم ئەرکەیان گرتە ئەســـتو، «بەهـــار» یەکێك لەو شـــاعیرانە بوو کە لە ناو شـــێعرەکانیدا، ئەو هەموو کوشتارە، بە پێشکەشـــکردنی کولتووری مۆدێڕن بۆ خەڵکی لوڕ نـــاو دەبات و جەماوەری لوڕ بـــە کۆمەڵێك گەمـــژە و نەخوێندەوار کە نازانـــن ژیانی نوێ چییە دەشـــوبهێنێت. هاوکات لەگەڵ شاعیرانی ئێران، کۆمەڵێك نوکتە ســـەبارەت بە کەسایەتیی لوڕ لە ناو گوڤـــارەکان و ڕۆژنامەکاندا بڵاو دەبێتەوە کە ئاماژە بە گەمژەبوون و لادێیی بوونی لوڕ دەکات. ئەم نوکتانە لە ســـاڵانی ٦٠ و ٧٠ی زایینـــی بە دەنگی گۆرانیبێژەکانی ئێران تۆمـــار دەکرێت و لە نێو کۆمەڵگادا بـــڵاو دەبێتەوە. ئەم هەموو ســـووکایەتییە تەنیا یەك ئامانجی بوو، ئەویش لەناوبردنی کەســـایەتیی لوڕ و پێکهێنانی مرۆڤێکی بێ شوناس و هەڵاتوو لە ڕەگەز و نەتەوەی خۆی. ئەم مروڤە ئیتر ناتوانێ ڕاپەڕینی هەبێـــت یـــان بەرانبـــەر بە دەســـەڵاتی ناوەندی داوای مافی سەربەخۆیی خۆی بکات بەڵکـــوو دەبێتـــە مرۆڤێکی چاك بـــۆ خزمەتکردن لە پێنـــاو ئامانجەکان و بەرژەوەندییەکانـــی نەتەوەیەکی دیکە کە لەم مرۆڤە دەتوانرێ بە ئاســـانی کەڵکاژۆ وەربگیرێ بۆ ســـەرکوتکردنی شۆڕش و ڕاپەڕینی گەلانی دیکەی ئێران.

**ئەم هەموو دوژمنایەتییە بۆ چییە؟**

بوونی حەشیمەت: خەڵکی لـــوڕ لـــەم پارێزگایانـــەی ئێرانـــدا دەژیـــن کە بریتین لە: «چوارمەحاڵ و بەختیاری»، «کۆهگیلوویە و بوویرئەحمەد»، «شیراز»، «لوڕســـتان»، هەروەها لە پارێزگاکانی ئیسفەهان، خووزستان، بووشێهر، قەزوێن و تاران حەشـــیمەتێکی زوری هەیە بۆ وێنە خووزستان کە ٧٠٪ی ئەو پارێزگایە لوڕە (٣ میلیۆن کەس). پانتایی جوغرافیایی لوڕســـتان و ڕێژەی زۆری حەشـــیمەتیان ئەبێت بە هـــۆی گرینگیی ئەو ناوچەیە، ئەم حەشیمەتە کە مێژوویەکی هاوبەش و جوغرافیایەکی یەکپارچەیان هەیە، ئەگەر بیانەوێت دەتوانن مەترسییەکی زۆر بخەنە سەر «تەمامیەتی ئەرزیی» ئێران.

**بوونی هێزی چەکدار:** لوڕ لە مێژوودا هێزی چەکداری تایبەت بە خوی هەبووە، هێزێکـــی چەکدار کە ئەرکی پاراســـتنی شەرەف و نامووس و ســـامانی لوڕی لە ئەستۆ بووە. لوڕ هەر لە منداڵییەوە فێری بەدەستەوەگرتنی چەك و کەڵکوەرگرتن لە چـــەك دەبێت. ئەم هێـــزە تەنانەت لەگەڵ ئەرتەشە بیانییەکانیشـــدا تووشی شەڕ و پێکدادان بووە (لە ســـەردەمی قاجارەکان و شـــەڕی ئێران و عێراقـــدا) بوونی ئەم هێزە چەکدارە هۆی سەرەکیی لاوازبوونی دەســـەڵاتی ناوەندیی ئێران لـــە ڕابردوودا بووە. بۆ وێنە لە سەردەمی «قاجار»ەکاندا دەوڵەتـــی بریتانیا بۆ پاراســـتنی کێڵگە نەوتییـــەکان لە «خووزســـتان» لە هێزی چەکداری لـــوڕ کەڵـــك وەردەگرن و بێ ڕاوێـــژکاری لەگـــەڵ حکوومەتی ئێران، ئەرکی پاراســـتنی ئەو ناوچانە دەدات بە لوڕەکان.

**بوونی نەوت:** لە سەدا بیست و پێنجی نەوتـــی ئێران لە لوڕســـتاندایە و هەروەها یەکەمین چاڵە نەوتی ڕۆژهەڵاتی ناوین لە شاری «مەسجد سولەیمان» دۆزراوەتەوە، نەوت ئیستراتژیکترین بەرهەمی سروشتیی ئێرانـــە و نایەوێ ئەو داهاتە لە دەســـت بدات. «ڕەزا شـــا» دەیهەویست لەگەڵ ســـەرکوتکردنی هێزی چەکـــداری لوڕ دەسەڵاتی حکوومەت بە سەر ئەو ناوچانە بسەپێنێ کە هەروەهاش کرا.

**سەرچاوەکانی ئاو:** ٨٠٪ی ئێران بیابان و بێ ئـــاوە، زۆرینەی ئـــاوی خواردنی ناوەندی ئێـــران و هەروەها ســـەرچاوەی ڕووبارە گرینگـــەکان لە زاگرۆس تایبەت بە لوڕســـتانە. ئـــاو ســـەرەکیترین خاڵی گرینگ بوونی لوڕستانە، فارسەکان باش دەزانن بە بێ لوڕستان بیابانێکی پەتین و داهاتویەکی باشـــیان نیە. هەنووکە ئاوی زۆربـــەی ناوچـــە فارس نشینەکان لە و ا نـــە «کرمان»، «یـــەزد»، «سمنان» و «ئیسفەهان» لە لوڕستانەوە سەرچاوە دەگرێ.

خاڵی زۆر گرینگی ئەم باســـە بوونی سەرچاوەی ڕووبارە مەزنەکانی باشووری ئێرانە کە لە لوڕستانەوە سەرچاوە دەگرێت، وەکوو رووباری «کەرخـــە»، «کارون»، «دز» و «زایەندەڕوود».

**لوڕ بەشـــێك لە خەباتـــی کوردی:** بە بڕوای نووســـەری ئەم وتارە گرینگترین هـــۆکاری لە پەراوێزخســـتنی لوڕ و ئەو هەموو کارەســـاتە کە بە سەریدا هاتووە و تا ئێســـتاش درێژەی هەیە، ترســـی ئێران لە هاوبەشـــبوونی لوڕ لە نێـــو ڕێبازیی خەباتی کورددایە. ئێرانییەکان باش دەزانن کە لوڕ مێژوویەکی هاوبەشی لەگەل ئەو ناوچانە هەیە کە کورد تێیدا نیشـــتەجێیە و ســـنووری کوردســـتان تـــا دووهەمین شاری لوڕ درێژەی هەیە و لوڕ لە بواری فەرهەنگی و سیاسی و ئابووریی جیا لە کورد نیـــە. ئێرانییەکان باش دەزانن کە لە ســـاڵانی ڕابردوودا تێکەڵاوبوونی لاوانی لوڕ لەگەڵ گەنجانـــی دیکەی کورد لە زانکۆکان و هەروەها بەرزبوونی ئاســـتی خوێنـــدن لە نـــاو خەڵکی ئاســـایی لوڕ بۆتە هۆی زەقبوونـــەوەی داخوازییەکانی نەتەوەیی لە لوڕستان.

**لوڕســـتان دوای خۆپێشـــاندانەکانی ١٣٩٢(زستانی ٢٠١٤)**

ئێســـتا دوای ئـــەو هەمـــوو باســـە، هەڵگەڕێنەوە بۆ سەرەتای وتارەکە، ئاکامی چەند ڕۆژ خۆپیشاندان و بەرخۆدانی لوڕ، داوای لێبوردنی فەرمیی بەرپرسی گشتی دەزگای ڕاگەیاندنی ئێران لە خەڵکی لوڕ و قەدەغەکردنـــی بڵاوبوونـــەوەی فیلمی «ســـاڵانی کۆن» بوو. بە ڕاســـتی ئێران بـــاش دەیزانی و دەزانێـــت کە ئەگەر لوڕ بێتە نێو خەباتـــی مافخوازی نەتەوەییەوە پاشـــگەزبوونەوەی مەحاڵە، بۆیە بە پەلە داوای لێبوردنی کرد و فیلمەکەی قەدەغە کرد، بەڵام دەبێ بزانین کە ئێستا خەڵکی لوڕ دوای بە دەستهێنانی ئەو سەرکەوتنە مێژووییە گەیشـــتۆتە ئاســـتی ئاگایی نەتەوەیی و دەزانـــێ چ هێزێکی هەیە و چـــۆن دەتوانێ بە کەڵك وەرگرتن لەو هێزە بەرژەوەندییەکانی بپارێزێت.

دەبێ لەمەودوا چاوەڕێی ڕووداوەکانی نوێ و داخوازییە نەتەوەییەکانی لوڕ بین، ئەوان چیدیکە واز ناهێنن و چینی خوێندکار و ڕۆشـــنبیریش ئەرکی ڕێبەرایەتیی ئەو بزووتنەوەیەی گرتۆتە ئەســـتۆ. بە بڕوای نووســـەری ئەم وتارە لەمەودوا بارودۆخی لوڕســـتان ئاڵۆزتـــر و قەیراناویتر دەبێت و چاوەڕوانکـــراو نیە کە ئەم بزاڤە بەرەو کام لا دەچێت، ئایا هەر وەکوو ئێستا شێوازی مەدەنیی خۆی دەپارێزێ یان بەرەو ڕێگای توندوتیژی و چەکهەڵگرتن دەڕوات، بە ڕاستی هەمووی ئەم نەگەرانە پەیوەندیی بە بڕیارەکانی ئێران و شێوازی تەعامولی لەگەڵ ئەم بزووتنەوەیەدا هەیە.



# فیناڵی دانووستانە ناوکییەکانی ئێران و گرووپی ٥+١

ئیبراهیم قاسمی زاد
و: هیوا میرزایی



وتووێــژە ناوکییەکانــی گرووپــی ٥+١ لەگەڵ ئێــران بەجۆرێك یەکێك لە گرینگترین پرســەکانی سیاسەتی دەرەوەی چەنــد مانگــی ڕابــردوو بەئەژمار دێ کە ئێســتا بەرەو کۆتایی خۆی نزیك دەبێتەوە. بە وتەی کارناسان و لایەنەکانی دانووستانکارە فەنییەکانی پێوەندیدار بە مەســەلەی ناوکی ئێران گەیشــتووەتە قۆناخــی کۆتایــی و بڕیــاری کۆتایی و یەکلاکــەرەوە بۆ گەیشــتن بە ڕێککەوتنێکی گشتیی کە بەســتراوەتەوە بە ئیرادەی سیاسی لایەنە دانووستانکارەکان. زیاتر لە یەك دەیە سیاسەتی ناوکی ئێران خەسارێکی جیددی و قەرەبوونەکراوەی گەیاندووەتە بەرژەوەندییەکانی دانیشتووانی وڵات. بەو حاڵەیشەوە هەنووکە کاربەدەستانی ئێران دروشمی «چ وتوێژەکان بە ئاکام بــگات و چ نەگات، ئێمــە براوەین» دەدەن. واتە بە ڕواڵەت بۆ ئەوان گرینگ نییــە کە چ دەدەن و چــی وەردەگرن. تەنیــا ئامانجێك کە لایەنی ئێرانی لەم وتووێژانەدا دەیهەوێ بەدەســتی بێنێ، ڕێککەوتنێکی پیتاندنی ســەمبۆلیکە کە دەرەتانی ئەوە بە ڕێبەرانی ئێران دەدا تاکوو بتوانن ئــەوە لە نێوخۆیی وڵات بۆ ڕای گشــتی ئاشکرا بکەن. کارێك کە سەرەڕای بناژۆخوازەکانی نێوخۆیی زۆر ئاسان نەبووە و هێشتایش دەتوانرێ بەرەو ڕووی پێکۆڵ ببێتەوە.

لە سەر بنەمای سیاسەتی تا ڕادەیەك ڕوونی لایەنەکانی وتوویژ کە لە خولی کۆتاییدا گرتوویانەتە پێش، وتووێژەکان وردە وردە خەریکە لە ئاکامی کۆتایی نزیك دەبێتەوە، ئەوەی ڕوونە ئەمەیە کە هەر کام لە لایەنەکان بە شوێن ئامانجی تایبەتــی خۆیانەوەن. ئێران لە هەوڵدایە تاکوو پێش لــە کۆتایی هاتنی خولی سەرۆك کۆماری ئۆباما، لەو دەرفەتە و لە نەرمشــێك کە لە سیاسەتی دەرەوە هاتووەتە پێش کەڵــك وەربگرێ و ئەم وتووێژانە بــە قازانجی خۆی کۆتایی پــێ بێنــێ. گەرەنتــی نێودەوڵەتی ڕێککەوتنــی بەرهەمهاتوو لە ڕێگەی نــاردن بــۆ ئەنجومەنی ئاســایش و پەسەندکردنی بڕیارنامە لەم دامەزراوەدا دەتوانێ بەرگی براوە لە دەســتی ئێران ڕاگرێ.

لە لایەکــی دیکەوە گرووپی ٥+١ دەبێ زیاد لە بەرژەوەندییەکانی خۆی، هەســتیاریە نێونەتەوەیی و ناوچەیەکان لە بەرچاو بگرێ، هەر بۆیە زۆر ڕوونە کە ئەم وڵاتانە هەوڵ بدەن تاکوو پرسی وتووێــژەکان لە ڕەوتی گەمارۆکان جیا بکەنەوە و بە جۆرێك ڕاگرتنی پیتاندنی ئۆرانیۆم بە ســەر ئێراندا بســەپێنن. چوونکە جیا لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و ئامریکا، لایەنێکی نەبینراوی دیکەی ئــەم وتوویژانە وڵاتانــی ناوچە وەکوو ئیسراییل و وڵاتە عەرەبییەکانی ناوچە پێکی دەهێنن. هەر کام لەم وڵاتانەیش دژبەرەی قــورس و قاییمی بەرنامەی ناوکــی ئێرانن، لەبــەر ئەوەیکە ئەوان ئێرانی ناوکی بە مەترســییەکی گەورە دەبینن بۆ ســەر بەرژەوەندی و تەناهی خۆیان. بە سەرەنجدان بە دەستێوەردانی ئێران لــە کاروباری وڵاتانەکانی جیران و بەرزەفڕیــە مێژووییەکانــی، دوور دێتــە بەرچاو کە جیرانەکانی ئێران بەو قەناعەتە بگەن کــە بەرنامەی ناوکی ئەم وڵاتە تەنیا لایەنی زانستی و غەیرە سەربازی هەیە.

سیاسەتی ئێران لە بواری پێکهێنانی بشــێوی و کێشــەخوڵقاندن لە لانیکەم چــوار پێتەختی وڵاتانــی جیران، کە تووشی کێشمەکێشــە ئایینی، سیاسی و نائارامییــە نێوخۆییەکانن، هەروەها یارمەتی ئێــران بە گرووپە بناژۆخوازە ئایینییەکان، بووەتــە هۆی نیگەرانی وڵاتانی ناوچە و کۆمەڵگای جیهانی. قســەکانی بنیامین نتانیاهو لە سنای ئامریکا کە لەگەڵ پێشوازی بەربڵاوی زۆربــەی ســێناتۆرەکانی ئــەم وڵاتە ڕووبەڕوو بوو و تەنیا ماوەیەکی کورت لە دوای قسەکانی نامەی سێناتۆرەکانی بۆ کاربەدەســتانی کۆماری ئیسلامی لێکەوتــەوە، هێماییێکە بــۆ ناڕەزایەتی جیددی یاســادانەرانی ئامریکایی لە بەرنامــەی ناوکی ئێــران. لە لایەکی دیکــەوە هاوپەیمانیی وڵاتانی عەرەبی لە دژی بەرنامەی ناوکی و بەرنامەی هەناردەکردنی شــۆڕش و ئیمپراتۆری شــێعەی ئێران لە ناوچە، ڕێگەی لە ڕێککەوتنێکی گشــتی و جێی بڕوا و تەنانەت پێکەوە هەڵکردنێکی درێژخایەن بە جیددی گرتووە. لــەم ڕووەوە ئێران دەیهەوێ هەستیاریە ناوچەییەکان کەم بکاتەوە.

کارکردی نابەرپرســانەی ڕێبەرانی ئێــران و گەمــارۆ نێونەتەوەییــەکان، خەســارێکی جیــددی بــە ژێرخانە ئابوورییەکانــی وڵات گەیانــدووە. بە شــێوەیەك کە ئابــووری وڵات بەرخۆر تەوەر بــووە و زۆربــەی کاروبارەکانی لە ڕێگەی قاچاخ و هاوردەی ناســالم دابیــن دەکــرێ. ئــەم گەمارۆیانە و بەتاڵبوونــی خەزێنــەی دەوڵەت لەبەر هاوکاری کردنــی گرووپە بناژۆخوازە ئیســلامییەکان بووەتە هۆی ئەوەیکە ئێران بچێتە سەر مێزی وتووێژەکانەوە. لەم وتوووێژانــەدا هەم ئێران و هەمیش لایەنەکانــی وتووێژکار بە شــێوەیەك دەیانهــەوێ بــراوەی گۆڕەپانەکە بن. ئیدعــای محەممــەد جــەواد زەریف لە بواری سیاســەتی بــراوە ـ براوە لە بەرەوپێش بردنی وتووێژەکاندا دەرخەری ئەم ڕاســتییەیە. بەڵام زۆر ڕوونە کە ئێران بە خەزێنــەی بەتاڵ و هەژاریی گشتی ڕێگەچارەیەکی بێجگە لە مل دان بە قەبوولکردنی پێشــنیارەکان لە لایەن گرووپی ٥+١ی نییە. سەرەڕای ئەمــە دوو لایەنــی دانووســتانکار پشتیوانیی تەواویان بۆ بەرەوپێش بردنی وتووێژەکان نییە. پشــتیوانی زۆرینەی کونگــرەی ئامریکا لە هەڵویســت و قســەکانی نتانیاهوو لە لایەك و هات و هاواری مافیای ماڵی و ســەربازی ئێران لــەو پێکۆڵانەن کــە لایەنەکان لەگەڵی بەرەوڕوون.

نیزیك بە سی و شەش ساڵ لە تەمەنی دەســەڵاتداریەتی ڕێژیمی ئاخوندی لە ئێران تێدەپەڕێ. لەم ماوەیەدا هەر جۆرە مافی شــارۆمەندیەك وەکوو سیاسی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، تاکەکەسی و مافــی کەمایەتییــە نەتەوەیــی، ئایینییەکان و مافی ئازادی ڕادەربڕین، کاری ڕۆژنامەوانــان و چالاکانــی مەدەنی و ژینگــە پارێزی و ... هتد بە توندی پێشــێل و ســەرکوت کراوە. لەم ماوەیەدا سیاســەتی دەرەوەی ئێران بووەتە بەشێك لە سیاسەتی نێوخۆیی بۆ پەردە پۆشکردنی ڕووداوە نێوخۆییەکان. کۆمەڵگەی جیهانی ئەم سیاســەتەی بــە جوانی بــۆ ڕوون بووەتــەوە. هەر بۆیە ئەگەر هاتــوو ڕێککەوتنێك لەم وتووێژانەدا ســەربگرێ و گەمارۆیەك هەڵبگیــردرێ، بــە دڵنیاییــەوە گەمارۆگەلێکە کە لە پێوەندی لەگەڵ بەرنامەی ناوکی ئێران دانراوە و ئەویش بــە شــکلێکی بەرانبەر دەبــێ، واتە هەڵپەساردنی بەشــێك لە گەمارۆکان لــە بەرانبەر هەڵپەســاردنی پیتاندنی ئۆرانیوم لانیکەم بۆ ماوەی ١٠ ساڵ و بردنەدەرەوەی سانتریفیوژەکان لە جۆری «ئار ١» زیاد لە پێویستی بە دەرەوەی وڵات. بەڵام ئەو گەمارۆیانەی کە لەبەر پێشێلکرانی مافی مرۆڤ لە نێوخۆی ئێــران و سیاســەتی دەرەوەی وەکــوو دەستێوەردان لە وڵاتانی ناوچە و سووریە دانراون، هــەروا بە هەموو هێزیانەوە لە سەر جێی خۆی دەمێنێتەوە.

ڕێککەوتنێــك کە ئەمــڕۆ جێی سەرنجە، نیزیك بە ٦ ساڵ لەمەوبەریش دەکرا ڕووی بدابا بەڵام لەو سەردەمەدا ڕێبەری ئێران بــە «لەتکە کاغەز» خوێندنی ئەم گەمارۆیانە و ڕاگەیاندنی ئەوەیکە دەتوانرێت بە ئابووری خۆجێی و نێوخۆیی ئــەم گەمارۆیانە پووچەڵ بکرێتەوە، پێشــی بــە ڕێککەوتن لەم وتووێژانە گــرت، بەڵام بە تێپەڕبوونی ٦ ساڵ لەم وتووێژانە و لە حاڵێکدا کە تیمی ڕێبەری لە ســووچی ساحەکەدا گیری خواردووە، هەست بەم مەترسییە دەکا و بەناچــار وتووێژەکانی قەبووڵ کردووە.

هەر لە سەرەتای شۆڕش، ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئامریکایان وەك شــەیتانی گەورە پێناســە کرد، هزرێك کە تا هەنووکەیش لە ئێراندا بە شێوەی جیددی لە گۆڕێدایە. هەروەها حکوومەتی ئیسلامی ئێران بە پشتیوانی هەموو «موســلمانەکانی جیهان» کە مەبەســتیان توێژی شــێعە مەزهەبی وەفاداری ویلایەتی فەقیهـ زانیوە و بۆ بەرگری لە ئەوان لە بەرانبەر کافرەکان! پێداگــری دەکا. بەم دروشــمانە و بە دروشمی لە نێوبردنی ئیسراییل لەسەر گــۆی زەوی، چییەتی ئــەم ڕێژیمە بــۆ هەموو جیهــان ڕوون بووەتەوە، بە شێوەیەك کە لە کۆمەڵگەی جیهانی بە تەواوەتی تەریك کەوتووەتەوە. سەرەڕای ئەمە کاربەدەستانی ڕێژیم بۆ بە کردەوە کردنی دروشمەکانیان چەکی ناوکی لە ئاسایش و سەربڵندی خەڵکی ئێران بە پێویستتر دەزانن.

لە یــەك دەیەی ڕابــردوودا هەموو سامان و داهاتی ئەم وڵاتە لە ڕێگەی دەسەڵاتخوازی و بناژۆخوازی حاکمانی بێ تەکبیر بە فیــرۆ چووە. لە لایەك هەم گەمارۆ ئابوورییە پێشگیرانەکان لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و دابەزینــی نرخــی نەوت لــە بازارە جیهانییەکان وەها ئیفلیج و کەڕ بوو کە دەوڵەتی ڕۆحانی بۆ ڕێك و پێککردنی بوودجەی ســاڵی ٩٤ لە خەڵکانێك کە یارانەوەرگــری وڵاتن داوای هاوکاری و پشــتیوانی کــرد. زیــاد لە ســێ دەیەیە کاربەدەســتانی ئەم ڕێژیمە لە ئێرانــدا هەمــوو ڕێگاکانــی پێکەوە هەڵکردن و گونجــان لەگەڵ جیهانی زانســت، پیشەســازی، فەرهەنگ و بەرەوپێشچوونیان بە ڕادەیەك بەرتەسك کردووەتەوە کە وڵاتیان تووشی هەژاری و برسیەتی کردووە و ژیانیان لە خەڵکی ئەم وڵاتە دژوار و تاقەت پروکێن کردووە. ئەم ڕێژیمە تا شــوێنێك بــەرەو پێش چــووە کە هەموو جیهانی لە دژی ئەم وڵاتــە ورووژاندووە و لە کۆتاییدا لەبەر ئەوەی بەرژەوەندی و هەڵکەوتی خۆی لە مەترســیدا دیووە بە سەر شۆڕییەوە شکەســتی قەبووڵ کــردووە و لەگەڵ ئامریکا، ئەم «شــەیتانە گەورەیە»! لە سەر مێزی وتووێژ دانیشتووە. بەڵام ئەم وتووێژە خــۆی جۆرێك هەڵاتن لە قورسایی بەرپرسایەتێکە کە ئاخووندەکان لــە بەرامبــەر خەڵــك و کۆمەڵگەی جیهانی لە ئەستۆی ناگرن.

## جووت حەوت

### هەوراز

ـ کاتێــك کــە کێچ دەکەوێتــە کەوڵــی گیانلەبەرێك، جووڵەکانی پێشــبینی ناکرێن و بە هەموو هێزی لەشیەوە ســەر و شان و ســمت و گوێلاکی خۆی بە دار و دیواردا دەدات (جووڵەیــەك کە زۆر جار لە پەلەقاژە دەچێت، بەڵام لە دنیای سیاســەتدا پێی دەڵێن دانوستانی ناوکیی ئێران و جەماعەتی ٥+١). ئێستا کە لە کۆتایی دەسەڵاتی ئۆباما نزیــك دەبینەوە، بە تایبەتی پاش نامەی ٤٧ ســێناتۆرەکە بــۆ خامنەیی، کێچ کەوتۆتە کەوڵــی ئاخوندەکانی ئێران. کاتێکیش کە ئاخوند تووشی ئەو حاڵەتە دەبێت، دەبێ ١٠٠ میتر بە چــوار دەوریدا بۆی چۆڵ بکەن، چوونکە هەموو جووڵەیەکی لێ دەوەشــێتەوە و کەســانی دەوروبەری دەبێ ئاگایــان لە خۆیــان بێت. هەر لەو پێوەندییــەدا ئایەتوڵڵا ئۆرانیۆمخۆرەکانی تاران حەمەجەوادی زەریفیان ڕاسپاردووە ئەگەر بە سوێند و تەڵاق و پاڕانەوەش بێت، تا ئیمزایەیەکی لــە جان کێری وەرنەگرتووە، ئورووپا بە جێ نەهێڵێ. پاش ئــەو هەموو هات وهــاوار و پارە خەرجکردنــە و تەنانەت هەوڵەکانیــان بۆ گونجاندنی نــاوی ئۆرانیۆم لە نێو دەقە ئایینییەکاندا، ئێســتا دنــدە عەقەبیان گرتــووە بۆ دواوە (پێتان ســەیر نەبێ کە ئاخوند لە دەســتی دێت تەنانەت دندە عەقەب بۆ پێشــەوەش بگرێــت) و وەك چۆن دەنگی شــەجەریان و وێنەی مونتەزیری و نــاوی موحەممەدی خاتەمییــان حەرام کردووە، خەریکــە فتوایەکیش دەربکەن بۆ حەرامکردنی ئۆرانیۆم. هۆکارەکەشــی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە گورێسی گەمارۆکان چەقیوەتە لاملی کۆماری ئیسلامی و قوڕقوڕاچکەی مەسڵەحەتی نیزامی گوشیوە، هەر بۆیە خامنەیی فتوای داوە لە ساڵی نوێدا ئیتر باسی پیتاندنــی ئۆرانیــۆم و «ڕۆژی وزەی ناوکی» تەنیا بۆ حەلاو بکرێت و بەس (هەڵبەت دەبێ حەتمەن لە کوولەکەی تەڕیشدا بێت).

ـ پاش ئەوەی کە عەلــی موتەهەری، کوڕی ئایەتوڵڵا موتەهەری و نوێنەری مەجلیسی شوورای پێلەقە لە شیراز کەوتە بەر شــەق و شــەپاڵ و هەڵمەتە تێلای سەربازانی ویلایەتی فەقیە، عەلی لاریجانی ســەرۆکی مەجلیســی شــوورای پێلەقە وەك ئەوەی ئاگای لە دنیا نەبێت و یەکەم جار بێت ناوی کۆماری ئیسلامیی بیستبێت، هاواری بەرز بووەوە کە ئەم کارە نائەخلاقییانە کوا لە نیزامی ئیســلامی دەوەشــێنەوە؟ و دەبێ هێرشبەران ســزا بدرێن و خۆلاسە... شــیعر و حیکایــەت و موناجاتی لەو بابەتــە کە ئەگەر سەرتانی پێوە نەیەشێنم، سەوابی زیاترە.

جاری پێشــوو عەلیاغە هەر بەم ژێستانەیەوە کە دەڵێی خۆی لەگەڵ ئەحمەد شــەهید لێ تێك چووە، لە شوێنی خۆی لە پشــتەوەی موتەهەری دانیشــتبوو کە فەتحەڵڵا حسەینی، بێڵ وەشێنەکەی قەسری شیرین فەتحولفتووحی کرد و بە مشت و لەقە کەوتە گیانی موتەهەری و ژەمێکی تێــری تێ هەڵدا و لە پشــتی تریبون هینایــە خوارەوە و کەســیش نەیگوت کاری خراپی کردووە. ئێستا چ خەبەرە کە جەنابیان ڕەسالەتی مێژوویی کۆماری ئیسلامی، واتە «سەرکۆنە بە قەپ و تێهەڵدان بە شەق و ئامۆژگاری بە باتۆن و شــەڕەلەقە» بە لادان لە ئوسوولی نیزام دەزانێت؟ لەوانەیە مەبەست ئەوە بێت کە شوێنی یاسایی بۆ ئەو کارانە تەنیا پشــتی تریبۆن یان نێو چاڵەکەی سەحنی مەجلیسە و تا کاتێك کە پارلەمانتارە چەقۆکیشــەکان لە مەجلیسدا هەن و ئەرکی خۆیان بە باشــی بەڕێوە دەبەن، کەسی دیکە بــۆی نییە لە جیاتی ئەوان پارلەمانتاری یاخی بە شــەق سەرکۆنە بکات. خۆ گاڵتە نییە، مەملەکەت خاوەنی هەیە. جیاکردنەوەی دەســەڵاتەکان هەر بۆ ئەوە کراوە کە تەداخول لە کارەکاندا نەیەتە پێــش و مەجلیس خۆی بە تێهەڵدانی ئەندامانی خۆی ڕابگات و منەتی عەمماریوون و حیزبوڵڵا و هتد نەکێشێت.

هەر لەو پێوەندییەدا مەهدی تائیب، ســەرۆکی تاقمی «عەمماریــوون» یان «قەرارگای عەممــار» کە نابێ لەگەڵ «عەمبــار» لێمان تێك بچێــت، دەڵێ: «لە نێو ڕیزی حیزبوڵڵادا هێندێك کەســی نەزان و تێنەگەیشــتوو هەن کە مرۆڤ بە ڕاســتی نازانــێ چییان لێ بکات». ئەم قســەیە وەك ئەوەیە کە بڵێی: «بەپێی لێکۆڵینەوەکانی من، لە ئەفریقا جۆرێك زەڕافەی سەیروســەمەرە هەیە کە بە پێچەوانەی مرۆڤ، ملی زۆر درێژە و لە جیاتی پیتزا، گــەڵای داران دەخوات». ئاخۆ پیــاوی ماقووڵ! تۆزێك بیری لێ بکەرەوە کە مرۆڤ ئەگەر نەزان و تێنەگەیشتوو و مێشــك بەتاڵ نەبێت، بۆ دێتــە نێو ڕیزەکانی حیزبوڵڵا؟ یانی تۆ هێشــتا چاوەڕێی لە نێو کەســانێکدا کە پێشــتر بۆ هەڵمەتەجنێو و شەڕەلەقە پەروەردەتان کردوون، ئەفلاتۆن هەڵبکــەوێ؟ بە خوا وادیارە تۆش ســاغ نیت. با بڕۆینە ســەر باسی کەســی دیکە. بەڵام بۆ ئەمساڵ ئیتر کاتمان تەواو بووە و دەبێ دەرگای قاوەخانەی ڕۆشنبیریی جووت حەوت دابخەین تا ســاڵێکی دیکە کە دەڵێن ســاڵی مەڕە و تــۆ دەبیتە خانەخوێ و ئــەو کات مافی زیاترت دەبێ بۆ موناقەشــە کردن. ئێمەش نامانهــەوێ مەڕەکانت ببنە «ئێســتیڤ جابز» یان «ســتیڤێن هاوکینــگ»، تەنیا هیواداریین لە ســاڵی داهاتوودا مەڕایەتیی خۆیان بکەن و واز لە گورگایەتی بێنن.

# پانۆرامای گرینگترین ڕووداوەکانی ساڵی ١٣٩٣ی هەتاوی

ئا: سەلام ئیسماعیلپوور

ساڵی ١٣٩٣ی هەتاوی لە ڕووی سیاسی و ئابوری و بوارەکانی دیکەوە لە کوردستان، ئێران و جیهاندا بە ساڵێکی پڕ لە ڕووداو و گۆڕانکاری دادەنرێت. لێرەدا بە بۆنەی کۆتایی ئەم ساڵە و هاتنی نەورۆز و ساڵی نوێ، ئاوڕێکی کورت لە گرینگترین ڕووداوەکانی ئەم یەك ساڵە لە کوردستان و ئێران و جیهاندا دەدەینەوە:

ـ ١ی خاکەلێوە:خەڵکی شار و گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هەڵکردنی ئاگری نەورۆز، ئەم بۆنە نەتەوەییەیان بەرز ڕاگرت.

ـ ٢٠ی خاکەلێوە: ڕێژیمی ئێران دەستی بە ئۆکسیدکردنی ئەو ئۆرانیۆمە ٥٪ پیتێنراوە کرد کە لە ڕێکەوتی ٣٠ی بەفرانبار بەم لاوە پیتاندبووی.

ـ ١٠ی بانەمەڕ: پرۆسەی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم هاوکات لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق بەڕێوە چوو.

٢٠ی بانەمەڕ: خەڵکی ناوچەکانی دۆنێتسك و لۆهانسکی ئۆکراین لە ڕیفراندۆمێکدا بڕیاریان دا لەو ولاتە جیا ببنەوە.

٢٢ی بانەمەڕ: ئەخزەر ئیبراهیمی، نێوبژیوانی تایبەتیی نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکێتیی ولاتانی عەرەبی بۆ قەیرانی سووریە، لە پۆستەکەی خۆی کشایەوە.

ـ ٢٨ی بانەمەڕ: کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق، ئەنجامی بەرایی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی بڵاو کردەوە.

ـ ٢٩ی بانەمەڕ: نێچیرڤان بارزانی بە دەنگی ٩٩ ئەندامی پەرلەمان، بۆ پۆستی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دیاری کرا.

ـ ٣١ی بانەمەڕ: تانەر یەڵدیز، وەزیری وزەی تورکیا بە فەرمی فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستانی بە بازاڕەکانی جیهان ڕاگەیاند.

ـ ٢ی جۆزەردان: ڕاپۆرتی وەرزانەی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی سەبارەت بە بەرنامەی ناوکیی ئێران بڵاو کرایەوە.

ـ ٣ی جۆزەردان: پێترۆ پۆرشێنکۆ بە وەدەستهێنانی ٥٤٪ی دەنگەکان بوو بە سەرکۆماری نوێی ئۆکراین.

ـ ٦ی جۆزەردان: ژنراڵ عەبدولفەتاح سیسی بە وەدەستهێنانی ٩٦٪ی دەنگەکان بوو بە سەرکۆماری نوێی میسر.

ـ ١٣ی جۆزەردان: ڕێژیمی سووریە ڕایگەیاند بەشار ئەسەد بە وەدەستهێنانی ٩٦٪ی دەنگەکان بۆتەوە بە سەرکۆماری سووریە.

ـ ١٩ی جۆزەردان: وتوویژەکانی ئێران و ئەمریکا بە ئاشکرا و ڕاستەوخۆ بۆ ماوەی ٢ ڕۆژ لە شاری ژنێڤی سوویس بەڕێوە چوو.

ـ ١٩ی جۆزەردان: چەکدارانی داعش، بە چەند هەزار چەکدارەوە هێرشیان کردە سەر مووسڵ و پاش خۆبەدەستەوەدانی سوپای عێراق، چەکداران تەواوی شارەکەیان کۆنترۆڵ کرد. داعش هەر لە درێژەی ئەو هێرشەدا شاری تکریتی ناوەندی پارێزگای سەڵاحەدینیشی کۆنترۆڵ کرد و ئەحمەد جبوری پارێزگاریشی دەستبەسەر کرد.

ـ ٢٨ی جۆزەردان: پەرلەمانی کوردستانی عێراق متمانەی بە کابینەی هەشتەمی حکوومەت بەخشی.

ـ ٨ی پووشپەڕ: داعش دامەزراندنی خەلافەتی ئیسلامی و لێدانی سکەی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی ڕاگەیاند.

ـ ١٧ی پووشپەڕ: هێرشی ئیسراییل بۆ سەر کەرتی غەززە دەستی پێکرد. ئەو هێرشە کە لە وەڵامی هێرشەکانی حەماسدا بوو، ٢٨ ڕۆژ درێژەی کێشا.

ـ ٢٤ی پووشپەڕ: سەلیم جبووری وەکوو سەرۆکی نوێی پەرلەمانی عێراق هەڵبژێردرا.

ـ٢٧ی پووشپەڕ: ئێران و گرووپی ٥+١ مۆڵەتی دانوستانەکانیان بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنی گشتگیری ناوکیی نێوانیان بۆ ماوەی ٤ مانگی دیکە درێژ کردەوە.

ـ ٢٨ی پووشپەڕ: جەلال تاڵەبانی، سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و سەرکۆماری پێشووی عێراق، دوای تێپەڕبوونی ١٩ مانگ بە سەر نەخۆشکەوتنیدا و وەرگرتنی چارەسەر لە نەخۆشخانەکانی ئاڵمان، گەڕایەوە شاری سلێمانی.

ـ٢ی گەلاوێژ: فراکسیۆنە کوردییەکانی پەرلەمانی عێراق د. فوئاد مەعسوومیان وەك کاندیدی کورد بۆ پۆستی سەرکۆماریی عێراق دیاری کرد.

ـ ١٢ی گەلاوێژ: قەزای «شنگال» کەوتە دەستی داعش و هەزاران کەسیان لە ئافرەت و پیاو و منداڵی ئێزیدییەکان دەستبەسەر کرد و بەرەو مووسڵیان بردن.

ـ ١٧ی گەلاوێژ: هێزێکی پۆشتە و پەرداخی پێکهاتوو لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە مەبەستی بەرگریکردن لە خاك و خەڵکی کوردستان لە بەرانبەر هێرشی چەکدارانی داعشدا بەرەو بەرەکانی شەڕ لە مەخموور و گوێر کەوتە ڕێ.

ـ ١٧ی گەلاوێژ: باراك ئۆباما، سەرکۆماری ئەمریکا بڕیاری هێرشی ئاسمانیی فڕۆکە شەڕکەرەکانی ئەو ولاتەی بۆ سەر پێگەکانی داعش دەرکرد.

ـ ١٩ی گەلاوێژ: هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە هاوکاریی فڕۆکە جەنگییەکانی ئەمریکا تەواوی شاری مەخمووری کۆنترۆڵ کردەوە.



ـ٢٣ی گەلاوێژ: نووری مالیکی پاش دو خول مانەوەی لە پۆستی سەرۆك وەزیران، دەستبەرداری خۆ کاندیدکردن بۆ ویلایەتی سێیەم بوو.

ـ ١١ی خەرمانان: کاروانی یارمەتییە مرۆییەکانی خەڵکی کوردستانی ئێران بۆ خەڵکی لێقەوماوی شنگال گەیشتە هەرێمی کوردستانی باشوور.

ـ١٧ی خەرمانان: ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق متمانەی بە حەیدەر عەبادی، سەرۆك وەزیرانی نوێی ئەو ولاتە بەخشی.

ـ ٢١ی خەرمانان: فرانسوا ئۆلاند سەرۆکی فەرەنسا بە سەردانێکی ڕەسمی گەیشتە شاری هەولێر. ئەوە یەکەم سەردانی فەرمیی سەرۆکی ولاتێك لە هەرێمی کوردستان بوو.

ـ ٢٤ی خەرمانان: کۆنفرانسی پاریس بە بەشداریی ولاتانی ڕۆژئاوایی و عەرەبی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داعش بەڕێوە چوو.

ـ ٢٧ی خەرمانان: خەڵکی ئیسکاتلەند لە ڕیفراندۆمی سەربەخۆییدا بەشدارییان کرد و بە زۆرینەی دەنگ بڕیاریان دا لە بریتانیا جیا نەبنەوە.

ـ١٥ی ڕەزبەر: هێرشەکانی هێزی ئاسمانیی ئەمریکا و هاوپەیمانان بۆ سەر پێگەکانی داعش لە شاری کۆبانێ و دەوروبەری دەستی پێ کرد.

ـ ٣٠ی ڕەزبەر: لە کۆبوونەوەی پارلەمانی کوردستاندا بڕیاری ناردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ کۆبانێ پەسەند کرا.

ـ ٣٠ی ڕەزبەر: لە شاری دهۆك بە ئامادەبوون و سەرپەرشتیی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ڕێککەوتنێك لە نێوان سەرکردایەتیی تەڤدەم و ئەنجوومەنی نیشتیمانیی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان واژۆ کرا.

ـ ٦ی خەزەڵوەر: هێزێکی پێشمەرگەی کوردستان بە چەکی قورس و مامناوەندەوە گەیشتە شاری دهۆك و دواتریش لە خاڵی سنووریی ئیبراهیم خەلیلەوە چووە نێو خاکی تورکیا و لەوێشەوە بۆ بەرگری لە شاری کۆبانێی ڕۆژئاوای کوردستان وە ڕێ کەوت.

ـ ١١ی خەزەڵوەر: قەڵای هەولێر لە لایەن یوونێسکۆوە خرایە سەر نەخشەی شوێنەوارە کەلەپوورییەکانی جیهان.

ـ ١٦ی خەزەڵوەر: ڕاپۆرتی وەرزانەی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی سەبارەت بە بەرنامەی ناوکیی ئێران بڵاو کرایەوە.

ـ١٨ی خەزەڵوەر: ٨٠٪ی خەڵکی هەرێمی کاتالۆنیای ئیسپانیا لە ڕیفراندۆمیکی نافەرمیدا دەنگیان بە سەربەخۆیی و جیابوونەوە لە ئیسپانیا دا. حکوومەتی ئیسپانیا ئەو ڕیفراندۆمەی بە فەرمی نەناسی.

ـ ٧ی سەرماوەز: یووکیۆ ئامانۆ، بەرپرسی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی ڕایگەیاند بە پێی نامەیەك کە لە دەوڵەتەکانی چین، فەرانسە، بریتانیا، ئەمریکا، ڕووسیە، ئاڵمان و کۆماری ئیسلامی پێی گەیشتووە، مۆڵەتی گەلاڵەی کاری هاوبەشی نێوانیان تا ڕێکەوتی ٣٠ی جوولای ٢٠١٥ درێژ کراوەتەوە.

ـ ١٣ی سەرماوەز: پارتی کۆماریخوازی ئەمریکا لە هەڵبژاردنە پارلەمانییەکانی ئەو ولاتەدا سەرکەوتنێکی گەورەی بە دەست هێنا و توانی زۆرینەی کورسییەکانی هەر دوو مەجلیسی ئەو دوو ولاتە بە دەست بهێنێت.

ـ ١٤ی سەرماوەز: نلسۆن ماندێلا، ڕیبەری بزووتنەوەی دژە ئاپارتایدی ئافریقای باشوور و یەکەم سەرکۆماری ئەو ولاتە پاش ڕووخانی ڕێژیمی ئاپارتاید، لە تەمەنی ٩٥ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.




ـ ٢٩ی سەرماوەز: پاش دەیان ساڵ گرژی و ئاڵۆزیی نێوانیان، پێوەندییەکانی نێوان کووبا و ئەمریکا ئاسایی کرایەوە.

ـ ٢١ی سەرماوەز: کۆبوونەوەی ساڵانەی شوورای ئینترناسیۆناڵی سۆسیالیست لە شاری ژنێڤی سوویس دەستی پێ کرد. شاندی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش لەو کۆبوونەوەیەدا بەشدار بوو.

ـ ٥ی بەفرانبار: عەلی لاریجانی، سەرۆکی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی بە یاوەریی شاندێك کە پاسدار جەعفەریی سەحراڕوودی، یەکێك لە بکوژانی شەهید دوکتور قاسملوو یەکێك لە ئەندامانی بوو، سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد و پاش سەردانی سلێمانی، دواتریش بە سەردانێکی فەرمی گەیشتە هەولێر. پێشوازی لە سەحراڕوودی هەستی کوردانی ڕۆژهەڵاتی بریندار کرد و نارەزایەتیی نیشتمانپەروەرانی کوردی لێ کەوتەوە.

ـ ١١ی بەفرانبار: پاش سەردانی شاندێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە سەرۆکایەتیی نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکوومەت و چاوپێکەوتنی لەگەڵ حەیدەر عەبادی، سەرۆك وەزیرانی عێراق، گەیشتنی هەولێر و بەغدا بە ڕێککەوتنێك بۆ چارەسەری کێشەکانی نێوانیان ڕاگەیەندرا.



ـ ١٧ی بەفرانبار: لە هێرشێکی تیرۆریستیدا بۆ سەر ئۆفیسی گۆڤاری «شارلی ئێبدۆ» لە شاری پاریس ١٢ کەس کوژران و ١٠ کەس بریندار بوون. ئەم هێرشە کە لە لایەن دوو تیرۆریستی لایەنگری ڕێکخراوی تیرۆیستیی داعشەوە بەڕێوە چوو، شەپۆلێکی بەرینی هاوسۆزی لەگەڵ خەڵکی فەرانسە و دژایەتی لەگەڵ هەڕەشەکانی ڕەوتی بناژۆخوازیی ئیسلامی بۆ سەر ئاسایشی هەموو جیهانی لێ کەوتەوە.

ـ ٢٨ی بەفرانبار: تەرمی ئالبێرتۆ نیسمان، دادستانی گشتیی ئارژانتین لە نێو ماڵی خۆی لە حاڵێکدا دۆزرایەوە کە بە گوللە کوژرابوو. نیسمان بەرپرسی بەدواداچوونی دۆسیەی ڕووداوی تیرۆریستیی ئامیا بوو کە بەرپرسانی باڵانی کۆماری ئیسلامی تێیدا تاوانباری سەرەکین. نیسمان پێش ئەوەی کە بکوژرێت، بڕیار بوو لە پارلەمانی ئارژانتین هەوڵەکانی کریستینا فرناندز کرچنێر، سەرکۆماری ئەو ولاتە بۆ شاردنەوەی ڕۆڵی ڕێژیمی ئێران لەو تاوانەدا لەقاو بدات.

ـ ٢ی ڕێبەندان: عەبدوڵلا بن عەبدولعەزیز، پاشای عەرەبستان لە تەمەنی ٩٠ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

ـ ٦ی ڕێبەندان: هێزەکانی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان و شەڕڤانانی یەپەگە بە پشتیوانیی هێزی ئاسمانیی هاوپەیمانان، شاری کۆبانێی ڕۆژئاوای کوردستانیان بە تەواوی ڕزگار کرد و ئاڵای کوردستان لە سەر گردی مشتەنوور شەکایەوە. ڕزگارکردنی کۆبانێ لە چنگ تیرۆریستەکانی داعش، شەپۆلێکی شادیی لە هەر چوار پارشەی کوردستان وە ڕێ خست.

ـ ٩ی ڕێبەندان: ڕێکخراوی چاوەدێری مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆیدا نیگەرانیی خۆی لەمەڕ بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێراندا دەربڕی.

ـ ١٧ی ڕێبەندان: ڕێکخراوی تیرۆریستیی ئەنسارولڵای سەر بە ڕێژیمی ئێران بە ئەنجامدانی کوودەتایەکی سەربازی و هەڵوەشاندنەوەی پارلەمانی یەمەن، بە فەرمی دەستی بە سەر شاری سەنعا، پایتەختی ئەو ولاتەدا گرت.

ـ ١٠ی ڕەشەمە: سەرەڕای گوشاری هێزە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی، مامۆستایانی قوتابخانەکانی ئێران و کوردستان دژ بە بایەخنەدانی ڕێژیم بە بواری پەروەردە و پیشەی مامۆستایەتی، مانگرتنێکی گشتییان بەڕێوە برد.



ـ ١٢ی ڕەشەمە: یەکەیەکی پێکهاتوو لە هێزەکانی دژەتیرۆر و پۆلیسی شاری کۆیە بە شێوەیەکی نایاسایی هێرشیان کردە سەر بنەماڵەکانی کەمپی ئازادیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. ئەم هێرشە زۆر زوو لەگەڵ کاردانەوەی توندی بیروڕای گشتی و هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بەرەوڕوو بوو و شەرمەزار کرا.

ـ١٣ی ڕەشەمە: لە درێژەی سەرکوتکارییەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستاندا، ٦ بەندکراوی سیاسیی کورد لە زیندانی ڕەجایی شەهری کەرەج لە سێدارە دران.

ـ ٢١ی ڕەشەمە: ئەحمەد شەهید، ڕاپۆرتنێری تایبەتیی مافی مرۆڤ بۆ کاروباری ئێران، ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆی بۆ شووڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان پێشکەش کرد.

ـ ٢٦ی ڕەشەمە: حیزبی «لیکوود»ی ئیسراییل بە سەرۆکایەتیی بنیامین نتانیاهوو، سەرۆك وەزیرانی ئەو ولاتە بۆ جاری چوارەم لە سەریەك، لە هەڵبژاردنە پارلەمانییەکانی ئەو ولاتەدا بە وەدەستهێنانی ٣٠ کورسی لە بەرانبەر ٢٤ کورسیی پارتی زایۆنیستی ڕکابەردا، توانیی سەرکەوتن بە دەست بهێنێ.

# هەڵاڵە و ئارەزوویەكی ترساو

## خوێندنەوەیەكی رۆمانی «گرەوی بەختی هەڵاڵە» نووسراوی «عەتا نەهایی»

لەیلا ساڵحی- بۆكان

**بەشی دووهەم**

**ج): ژن لە بەشێك لە دەقە فۆلكلۆرییەكانی كوردی دا**

كاتێك بمانهەوێ وە دوای گێڕانەوەیەك بەر لە دەقەكەی مەم و زین بكەوین، ئەوە جگە لە فۆلكلۆر واتە بەیت و چیرۆك و چیرۆكی منداڵان چی ترمان لە دەست دا نییە هەتا بۆ پشكنینی جێگە و پێگەی ژن لێكۆڵینەوەیان لەسەر بكەین. بەڵام هەر ئەو دەقانەش دەتوانن لەمەڕ دۆخی ژنەوە زۆر شتمان بۆ روون كەنەوە:

كاتێك چاو لە بەیتی «سەیدەوان» دەكەین ناوی هیچ كاراكتەرێكی ژن ناهێندرێ. لەو بەیتە دا جگە لە بووكە بێ ناو و نیشانەكەی «عەبدولعەزیزی داسنی» كە تەنیا لە خزمەت بە ئاكام گەیشتنی تراژێدیاكە دایە و دەستەوەستانە و بێ هیچ دەنگ و كردەوەیەك پاش ئەنجامی ریوایەتەكە، لە سەر سێ كوڕان بە جلی سوورەوە دەچێتەوە ماڵی بابانی و ئیتر باسی دەبڕێتەوە. هەر بەو شێوەیە كاتێك چاو لە یەكێك لە جوانترین بەیتەكانی كوردی واتە «خەج و سیامەند» دەكەین راست بە وێنەی تراژێدی مەم و زین، خەج مافی ئەوەی نییە لە گەڵ ئەویندارەكەی دا ژیانی هاوبەش پێك بێنێ بەڵام خەج، خەجێكی دەستەوەستان و نەبەگە نییە و هەوڵ دەدا فەرمانی كۆمەڵگای دەستەڵات دار قەبووڵ نەكا و سەری بۆ دانەنوێنێ و بە كردەوە، دژی خواستی ئەوان دەبێتەوە. كەچی دیسانیش كۆمەڵگای شاراوەی نێو ریوایەتەكە ئیزنی ژیانی پێنادا و بە تایبەت پاش كووژرانی «سیامەند» ئیتر نابێ بمێنێ، چون ژیانی ئەو بایخێكی نییە و تەنیا ئابڕووچوونەكەی پێ ماوە.(٨) سەرەڕای ئەوانەش كاتێك لە فۆلكلۆر دا چاو لە بەشی ئەدەبی منداڵان دەكەین كە لەو وتارە دا ناگونجێندرێ، بۆ وێنە هەر لە چیرۆكی «میرخوناوەكە»دا كە لە «گرەوی بەختی هەڵاڵە» دا باسی دەكرێ، كاراكتەری ژن هیچ كردەیەكی لێ نابیندرێ و تەنیا وەك خەڵات پێشكەشی میرخوناوكە دەكرێ.(٩) لە باقی چیرۆكەكانی منداڵانیش دا كردەوەی ژن جگە لە ئاستی ئاشقانە و بەختەوەری بنەماڵەیی ناترازێ كە ئەویش تەنیا بە شازادەیەك یان پاڵەوانێك جێ بە جێ دەبێت و كچە هیچ بەشێكی لە چارەسەركردنی كێشەكانی خۆی نییە و جگە لەوەش ، مێیینەكانی دیكە یان لە قالبی بوونەوەری ناحەز و جادووگەر و پڕ و پیرێژن دا خۆیا دەبن یان یەخسیری تەلیسمی دێو و درنج و جادووگەرانن و چاوەڕوانی شۆڕەسوار و عاشقێكی دلێرن. ئیتر دەكرێ بگوترێ بە تەواو مانا رەگەزی مێیینە لاواز و بەركار و بێ دەستەڵاتە، تەنیا كاتێك دەتوانێ بژی كە پیاوێك كێشەكەی بۆ چارەسەر بكات و جگە لەوە هەر كاتێك بەرهەڵستی كۆمەڵگا بێتەوە ناپارێزرێ و دەبێتە قوربانی.

**د): ژن لە گرەوی بەختی هەڵاڵە دا**

ئێستا بزانین لە گرەوی بەختی هەڵاڵە دا قارەمانی ژن بە شوێن چییەوەیە و بە كوێ دەگات؟ ئایا نووسەری ئەو رۆمانە توانیوێتی ئەوەندە یارمەتی قارەمانەكەی بكات كە لە چاو ئەو قارەمانە ژنانەی باسمان كرد هەندێك پێشكەوتووتر بێت و ئارەزوویەكی دیكەی بەدەر لە بەختەوەری بنەماڵەیی هەبێت؟

بە رستەیەك لە رۆمانەكەوە دەچینە ناو بابەتەكەوە:

«باوكی كوتی: من كچم ناوێ، كچێك كە شەو و رۆژ لەبەر ئاوێنە خۆی برازێنێتەوە و لە ناو پەنجەرەدا چاوەڕوان بێت هەتیوێك بە كۆڵانەكە دا تێپەڕ بێت و چاوی لێ بقرتێنێت... من كوڕم دەوێ...هەڵاڵە دەیگوت خۆ من كچ نیم، من كوڕم.»

قارەمانی رۆمانەكە لێرەدا بە پێی چاوەڕوانییەك كە باوكی وەك سێمبولی كۆمەڵگای پیاوسالار لەوی هەیە، تەنانەت حاشا لە رەگەزی خۆی دەكا و هەوڵ دەدا بە دڵی روانگەی پیاوسالارانە بجووڵێت، وەك ئەوان بپۆشێ و كرداریشی لە گوێن كرداری ئەوان بێت. بەڵام هەڵاڵە گەورە دەبێ و خۆی دەبینێتەوە و باسكێكی یاریدەدەریش هەیە كە زیندووی دەكاتەوە. هەڵاڵە تا ساتێك كە لە گەڵ باسكی یاریدەدەری نێرینە و ئەوینداری خۆی واتە «برایمۆك» رووبەڕوو نەبێتەوە هەرگیز بڕوا بە كچێنی خۆی ناكا، بەڵام ئەوە برایمۆكە، كە وەبیری دێنێتەوە و بۆ سەركەوتن رێی پێ دەنوێنێ. هەر ئەو جۆرەی كە بە گوتەی «ئێریگارای» ژن وەك سووژە، شوێن و پێگەیەكی چەوساوە و زوڵم لێكراوەی هەیە و تەنانەت بۆ دەستەبەر كردنی ناسین لە هەمبەر كەسایەتی خۆشییەوە دەبێ لە لایەن پیاوان و زمانی پیاوانەوە یاریدەی بدرێ.

ژنان لە دەلاقەی ئەدەبەوە زۆربەی جاران بەو دوو جۆرە دەردەكەون:

یەكیان: ئەو جۆرە روخسارانەیە كە هەڵگری شكۆن و كاری گەورە و بە بایخ رادەپەڕێنن، كە هەڵبەت ئەو كارە گەورەیە بایی ژیانی ئەوانە و خۆیان بە هۆی گەیشتن بەو پلەیە دەبنە قوربانی.

جۆری دووهەم: خۆیابوونی روخساری ئەو ژنانەی وا فیداكارانە وەك قوربانی درێژە بە ژیانیان دەدەن، كەچی زیندوون. هەڵبەت ئەو جۆرە روخسارانە دەبێ یەكجار بە تابشت و داوێن پاك و چاكە كار بن، ئەوجار دەتوانن لە رۆمانەكە دا بە زیندوویی بمێننەوە. ئەو روخسارە ژنانانەی وا تەمەنێكی زیاتریان هەیە لە رۆمانەكان دا و بە بەراورد لە گەڵ ژنە غەدر لێكراوەكان زیاتر دەمێننەوە. تەنیا ئەو ژنانە وا بە هیوای بەختەوەری بنەماڵەیین و هیچ رۆڵێكی كۆمەڵایەتییان نییە هیوا و ئاواتیان لە ئاستی بنەماڵە ناترازێ. تەنانەت ئەو ژنانەش وا ناتوانن ئەو ئاقارە ئەزموون بكەن و بەڵام بواری ژیانیان لە رۆمانەكە دا هەیە زۆربەی جاران بە تەواوی چارەڕەش و بەدبەخت دیار دەكەون. ئایا ژنان تەنیا لە پانتای بەختەوەریی بنەماڵەیی دا بە ئارامش و شكۆ دەگەن؟

لە پاش سەدەی هەژدەهەمەوە ئەو چیرۆك و رۆمانانەی وا ژنان تێیان دا رۆڵی سەرەكی دەگێڕن لە زۆر بوون دان. لەو نووسراوانە دا دوو خاڵ زۆر بەرچاوە، یەكیان ئەوەی كە ژنان سەرەڕای دەست كورتی كۆمەڵایەتی، لە ژیانی راستەقینە دا، رۆڵێكی گرینگ لە ئەدەبیات دا دەگێڕن و لە لایەكی دیكەشەوە لە دونیای خەیاڵی دا بە هەڵكەوت تا كۆتایی دەقەكە زیندوو دەمێننەوە و زۆبەی جاران بە مردنێكی ناوادە و چاوەڕوان نەكراو تێدا دەچن. هەڵاڵە بەرهەمی كۆمەڵگایەكی هەژارە چ لە باری سیاسی و چ لە باری هێمنایەتی و ئاوەدانیشەوە. سەرەڕای ئەوانەش كەڵكەڵەی سەرەكی هەڵاڵە بەختەوەری بنەماڵەیی یان گەیشتن بە دڵدارەكەی نییە. ئەو ژنێكە كە لە وڵاتێكی پێشكەوتوو دا رۆڵێكی كۆمەڵایەتی هەیە و لە رادیۆ كار دەكات و هیوای ئەوەیە درێژە بە خوێندن بدات. جگە لە كوردی سوئێدی و ئیگلیسیش بە باشی دەزانێت و بۆ پێشكەوتن هەوڵ دەدا و زۆر جار «شێرزاد»ی مێردی بەوە سەركۆنە دەكا كە ناتوانێ پێشكەوت قەبووڵ بكات و ناشتوانێ بگەڕێتەوە بۆ رابردوو. بە گوتەی رۆمانەكە ئەو توانیوێتی مافەكانی خۆی لە كۆمەڵگایەكی ئازاد دا بناسێت و ئامادە نییە ئازادی و پێشكەوتنی خۆی بگۆڕێتەوە بە بەختەورەی بنەماڵەیی. سەرەڕای ئەوەش ئەو لەگەڵ كەسێك دا دەژی كە بنەماڵە بەسەریان دا سەپاندووە و ئەو تەنیا بۆ پاراستنی شەرەفی باوكی و خواستی ئەو پێمل بووە شووی پێ بكات. شێرزادی مێردی، كەسێكە كە بە تەواوی بەرهەڵستی خواست و ئارەزووەكانی هەڵاڵە دەبێتەوە و هەرگیز ئەوەی پی قەبووڵ ناكرێت و بە وتەی هەڵاڵە: «ئەو دەترسێ لە من دوا بكەوێت.»

بەر لە سەدەكانی ١٦ و ١٧ لە ئورووپا دا، لە ئینجیل بەدەر هیچ كتێبێك شایستەی خوێندنەوە نەبوو. بەڵام پاشان خوێندنەوەی كتێب واتە فێربوون لە رێگەی دەوركردنەوەی كتێبەوە( كە ئارەزووی هەڵاڵە بوو) لە ئورووپاش دا لە سنووری مەزهەب دوور كەوتەوە و پاشان چێژ وەرگرتن لە فێربوون ئیزنی بە مرۆڤ دا هەست و خواستی خۆی بنوێنێ. بەڵام خوێندن و خوێندنەوە تا ئەو كاتەش هەر بۆ ژنان كارێكی ناشیاو بوو و زیاتر وەك ئیشێكی پیاوانە دەهاتە ئەژومار. چونكە بە رای پیاوانی ئەو سەردەمە، ژنان بە خوێندنەوەی كتێب تووشی خەیاڵ پەروەری و خواست و ئارەزووی ناشیاو دەبوون و ئەركی دایكایەتییان لە بیر دەچووەوە. سەرەڕای ئەوەش كتێب خوێندنەوە، زەینییەتی ژنانەی لە یاسا ناجۆرەكانی كۆمەڵگای پیاوسالار ئاگادار كردەوە، كەوابوو لە روانگەی پیاوانەوە ژنانی خوێندەوار، مەترسیدار بوون.

٨- گەنجی سەر بە مۆر ٢٢٩ تا ٢٩٤ دەقەكانی سەیدەوان و ٢٩٩ تا ٣٨٠ دەقەكانی خەج و سیامەند

٩- گرەوی بەختی هەڵاڵە بەشی میرخوناوكە و دەقی چیرۆكی فۆلكلۆری-میرخوناوكە




ئاوێزە



حسێن جەوانشیر

حسێن جەوانشیر لە ساڵی١٣٦٥ دا لە گوندی ساروجەی گەورە سەر بە شاری سایەنقەڵا (شاهیندیژ) لە پارێزگای ورمێ لە دایك بووە. ژیانی ساكار و جوانی سروشت هەر لە سەرەتای منالیەوە هەستی دەجولێنێ و وا دەكات خەیاڵی بەرفەروان بێت و جوانیە رەسەنەكان زۆر بەڕوونی ببینێ.هەر ئەمەش بوو بە هۆی ئەوە كە وڵاتی شێعر و جیهانی ئەدەبی زۆر زوو بانگهێشتی خۆی بكات و ئەمرۆكەش لە وڵاتی قەڵەم و خەیاڵی كوردی دا بتوانێ دورگەیەك بە نێوی باغچەی پاشا پێك بێنێت. باغچەیەك كە گوڵەكان و وشەكان و هەستەكان رەسنن.جوانیەكان پەتین،هەستەكان رووتن.لەم باغچەیەدا زمانێتر و شێوازێكی تر لە نوسین دێتە گۆڕێ و باغچەی پاشا هەموو جیهان و خولیاكانی ئەم شاعیرە خەیاڵ ناسكەیە و وەك خۆی دەڵێ لە باغچەی پاشادا هەنارەكان پێگەیون. پاشای باران لە كۆتایی جوانیەكانەوە دەس پێدەكات و ئەوەش بەواتای ئەوەیە چاوەڕوانی هەرمان لە شێعر دەكا.لە وڵاتی پاشادا زەمان كۆتایی پێدێت و ئەم كۆتاییە هەرمانە،ئەو شتەی چێژی پێدەدات.پاشا لە باخچەكەی خۆی دا هەنارە شێعرەكانی خۆی هێناوەتە بەرهەم و سەر كۆی ئەم شێعرانەش لە پەرتووكێك دا بە نێوی باران لە باخچەی پاشادا لە بەر دەسی چاپ دان.

جگە لەمانەش پاشا لە ولاتەكانی دیكەش دا خەیاڵەكان و جوانیەكانی دەستەمۆی خۆی كردوە و خولیا زۆر یەك لە شاعیرانی بیانی وەرگێڕاوەتەوە سەر زمانی كوردی .وەكوو گوڵبژێری شێعرەكانی: ١- نوسرەت رەحمانی ٢- فرووغ فەڕووخ زاد ٣- سەید عەلی ساڵحی ٤- ئەحمەد رەزا ئەحمەدی ٥- ئەلیاس عەلەوی ٦- گوڵبژێرێك لە شێعری شاعیرانی جیهان هەر یەك لەمانەش لە تۆی پەرتووكێكی سەربەخۆدا ئامادەی چاپن.

## باخچەی پاشا

لەگەڕەكی پەپوولەپاییزەكان
ئاسمان شینە

ئەمڕۆ رێبواری تەنیشت درەختە هەمیشەییەكانی
باخچەی پاشا
كوتی:
. سڵاو!
بیری شاعیریەتیتم كردووە.
منیش كوتم:
. سڵاو!
پێكەنینەكانت كوانێ!؟

# KURDISTAN

*Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan* ▪ *No: 649* ▪ *21 Mar 2015*

رۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr








ڕێوڕەسمی نەورۆزی ١٣٩٤ی هەتاوی لە گوندی نێی مەریوان

